

# ژنان

یەکیەتیی ژنانی دێموکرتی کوردستان دەری دەکا


٢٥

نەورۆزی ١٣٨٩

مارسی ٢٠١٠


ئازادی بۆ ژن بەختیاری بۆ کۆمەڵ

- پەیامی حدك بەبۆنەی8 ی مارسەوە
- کورتە سەرنجێك لە خەباتی ژنانی ئێران
- پێوەندی یاساو کۆمەڵ
- ژن لە بەیتە کوردییەکاندا
- ئەو گەوهەرەی من لێی دەگەڕێم


کتێبخانەی دیجیتاڵی

# نەورۆزتان پیرۆز

## پیرۆزبایی

بەبۆنەی جێژنی نەورۆز و ساڵی تازەوە، بەڕێوەبەران و دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "ژنان" لە ناخی دڵەوە پیرۆزبایی لە خەڵکی وڵاتەکەمان بەگشتی و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی و ژنانی مەینەت چێشتوو و بێ مافی ئێران و کوردستان دەکا.
هیوادارین ساڵی تازە ساڵی پاشەکشەی کۆنەپەرستی و پێشکەوتنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازیی ژنان بێ.

دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "ژنان"



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabiri.org

# پێرست


به بۆنەی ٨ی مارسەوە ............................................... ٢

پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە ............................................... ٣

بەڕێوەچوونی ٨ی مارس لەلایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ............................................... ٦

بەڕێوەچوونی ڕێورەسمێک بە بۆنەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ............................................... ٨

پەیامی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ............................................... ٨

پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە.......... ٩

پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.................... ١٠

کورتە سەرنجێک لە خەباتی ژنانی ئێران لە سەد ساڵی ڕابردوو............. ١١

خەتەنەکردنی ژنان، هێز نواندنی پیاوان یا دواکەوتوویی کۆمەڵگا؟...... ١٥

پەیوەندی یاساو کۆمەڵ............................................... ١٧

ئێعتیاد لە نێو ژنان و کچان دا............................................... ١٩

ژن لە بەیتە کوردییەکاندا بەیتی "سوارۆ" وەک نموونە................. ٢١

ئەو گەوهەرەی من لێی دەگەڕێم............................................... ٢٣

بە تاوانی کچ بوون!............................................... ٢٤

چاوخشانێک بە سەر ژیانی دوازدەهەمین ژنی براوەی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبی دا............................................... ٢٦

کۆمیتەی پشتیوانی لە ڕۆژنامەنووسان: ئێران گەورەترین زیندانی ڕۆژنامەنووسانە لە جیهان دا........ ٢٧

ژنان و دێموکراسی............................................... ٢٨

ژنانی نێو کوڕی خەبات............................................... ٣١

ژن ئەستێرە ............................................... ٣٣

بەشی ئەدەبی............................................... ٣٤

هەواڵی کارو چالاکی ژنان ............................................... ٤١

شێوەی بەکار هێنانی دەرمان............................................... ٥٢

بەشی وەرزشی............................................... ٥٣

هەڵدانەوەی لاپەڕێک لە ژیانی ژنێک............................................... ٥٦



# ژنان

وەرزانەیەکی
سیاسی
کۆمەڵایەتی
فەرهەنگی و ئەدەبی






**سەرنووسەر:**
نەسرین حەسەنزادە
**دەستەی نووسەران:**
کوێستان فتووحی، عیسمەت نستانی،
ڕەسووڵ سوڵتانی
حەلیمە ڕەسوولی ، عەلی بداغی

نەورۆزی ١٣٨٩، مارسی ٢٠١٠

**ژمارە ٢٥**

"ژنان" لەسەر ئینتێرنێت:
www.Kurdistanukurd.com

ژمارە تەلەفۆن بۆ پێوەندی گرتن بە
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
00964 - 7702103121

دیزاینی بەرگ: ئەیوب شەهابی راد
مونتاژ: مینا سوڵتانزادە
تایپ: نەشمیل عەباسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# به بۆنەی ٨ی مارسەوه

سالی ١٩٧٧ی زایینی، رۆژی ٨ ی مارس لە لایەن رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە وەك رۆژی جیهانیی ژن بە فەرمی ناسراوە. لە راستیدا هۆی دیاریکردنی رۆژێکی تایبەت بۆ ژنان زیاتر بە مەبەستی گرنگیدان بە مەسەلەی ژنو راکێشانی سەرنجی جیهانیان بۆ لای مافەکانی ژنانو رێزگرتن لە مەقامی بەرزی ژنو باسکردنو گفتوگۆ لە کێشەو نەهامەتییەکانو پێشلکرانی مافی ژنو دۆزینەوەی رێگا چارە بۆ پێشگیری لە چەوسانەوەی ژنو بنبڕکردنی جیاوازی دانان لە نێوان نێرومێ دا بوو. لەم رۆژەدا هاوپەیوەندی و هاوپەیمانیی ژنانی جیهانو هاوارو نالەی ژنانی وەزالەهاتوو لە دەست نابەرامبەریو سووکایەتیو بێدادی دەگاتە رادەی خۆی.

هەر بۆیە لەم رۆژەدا مەسەلەی ژن شێوەیەکی گشتگیر لە زۆربەی ولاتان دا بەخۆیەوە دەبینێ. ئەگینا خەمخواردنوهەست بەبەرپرسایەتی لە بەرامبەر کێشەی ژنو هەردەمو هەرکات پێویستەو بەخۆشییەوە لەم سەردەمەدا باسکردن لەم مەسەلەیە بۆتە مەسەلەیەکی جیدیو حەساسو پێویست.

هەرچەندە دیاریکردنی ئەم رۆژە تازە نیە، بەلام بەداخەوە توندوتیژی دژی ئەم بەشەی کۆمەڵ لە هەموو ولاتان کەمو زۆر لە ئارادایە، تەنانەت لە ولاتانی پێشکەوتووو دێموکراتیش دا.

سەرنووسەر

لە ولاتە دواکەوتووو دیکتاتۆرو کۆنەپەرستەکانیش دا کە هێشتا داننان بە مەسەلەی ژنو بە رۆژی ٨ی مارس وەك رۆژی جیهانیی ژن جارێ بەدی نەهاتوە، ژنان هەروا لە ژێر تەوژمی توندوتیژی دان. بۆ نموونە لە ولاتی ئێران دا کە حکوومەتێکی کۆنەپەرستی رادیکالو سەرکوتکەرو دژی مرۆڤ لە دەسەلات دایەو کلتووری کۆنو فەرهەنگی پیاوسالاری بە سەر بیروباوەڕی پیاودا زالە، نەك هیچ هەنگاوێکی بۆ لە ناوبردنی ئەم فەرهەنگە نەداوە، بەلکوو لە زۆر جێگای دارشتنەوەی قانوونی ئەساسیش دا چەوساندنەوەی ژنو زولمکردن لە مافە رەواو ئینسانیەکانی ژن بە ئاشکرا دیارە. لە وەها ولاتێكدا کە حکوومەتێکی رادیکالو کۆنەپەرستو دژی مرۆیی لە سەر کارە چارەنووسێکی گەشو ئایندەیەکی روونو ژیانێکی پڕ لە ئاسوودەییو ئارامی بۆ ژن بەدی ناکرێ. ژنانی ئێرانو کوردستان لە ژێر سێبەری حکوومەتی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی دا جگە لە بەشمەینەتیو ئازارو سەرکوتو زەبروزەنگ چ دەسکەوتێکی دیکەیان بە نسیب نەبووە. تەنانەت ژنان ئەو دەسکەوتە کەمانەش کە لە سەردەمی رێژیمی شادا بە دەستیان هێنابوو بە هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی لە دەستیان دا. بەشی زۆریان لە بەشخوراویوکارەساتو مەرگەسات بە نیسب بوو.

٨ی مارسی ئەمسال لە چاو سالانی رابردوو ئەم جیاوازییەی هەیە کە لە جەرەیانی خۆپێشاندانەکانی ئەمسالدا توندوتیژی لە دژی ژنان زیاتریش پەرەی گرتوە. ئەگەر چاوێك بە سەر ئەو بزووتنەوە ئێعترازیانەی ئەم چەند ساڵەی ئاخیرو بەتایبەتی ئەو ٨ مانگەی دوای هەلبژاردنی دەوری دەیەمی سەرۆك کۆماری لە ئێران دا بەڕێوە چوو، بگێڕین، دەبینین ئەگەر لەلایەك ژنان لە هەموو کات شێلگیرانەتروچالاکترو بە ورەیەکی پتەوترو ئازایانە بەشداریان لە هەر حەرەکەتێکی مەدەنیو سنیفیو ئازادیخوازانەدا کردوە، لەلایەکی دیکە زیاتر بەرەورووی توندوتیژی بوونەتەوەو تووشی ئازارو ئەشکەنجەو کوشتنو دەستدرێژیی سێکسی بوون لە لایەن زیندابانانی کۆماری ئیسلامی-یەوە.

جگە لەمانەش خۆسووتاندنو خۆکوشتنی ژنان کە دیاردەیەکی دلتەزێنەو لە کۆمەلگای ئێراندا بەداخەوە هەروا باوەو ئاماری ئەو رووداوانە هەروا لە سەرێیە. بێگومان حاکمییەتی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامی لە پێکهێنانی ئەم وەزعە بێ تەئسیر نیە. سەرەڕای ئەمەش رێژیمی کۆماری ئیسلامی هەرگیز لە بەرامبەر قوربانیانی ژنان ئامارێکی دروست نادا بەدەستەوە.

لە ٨ی مارسی ئەمسال دا هیواداریین ژنان بە هەموو مافە ویستراو پێشلکراوەکانی خۆیان کە حەقی بێ ئەملاو ئەولای خۆیانە بگەنو زنجیری کۆیلەتیو زۆرداری بپچڕنو بەرابەری لە نێوان ژنو پیاودا بەرقەرار بێو پیاوانیش هەر یەکە لە ئاست خۆی دا بۆ ئازادیی ژن هەنگاو هەلێنێ، چونکە بەختیاری کۆمەڵ بە ئازادیی ژنەوە بەستراوەتەوە ئەگەر لە کۆمەڵ دا ژن ئازادو سەربەست بێ ئەو کۆمەڵەی ژنی ئازادو وشیاری تێدا پەروەردە دەبێ ، بێگومان کۆمەلێکی بەختەوەر دەبێ.



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

## پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە

**ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز!**

**خەڵکی وشیار و خەباتگێڕی کوردستان!**

٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان، ڕۆژی هاوپێوەندیی جیهانی لەگەڵ خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنان و، ڕۆژی هاواری یەکسانیخوازی و پێداگرتنەوە لەسەر نەهێشتنی ستەمی جینسییە. بە بۆنەی ئەم یادەوە پیرۆزبایی لە هەموو ژنانی جیهان و هەموو مرۆڤێکی یەکسانیخواز بەگشتی و بە تایبەتی پیرۆزبایی لە ژنانی خەباتکاری ئێران و کوردستان دەکەین.

٨ی مارس هەلێکە بۆ هەموومان تا لە بارەی هەلومەرجی ژنان و خەباتی ژنانەوە قسە بکەین و پێشێلکردنی مافە ئینسانییەکانیان و ئەو ستەم و نابەرابەرییانەی کە لە سەرەتای سەدەی بیست ویەك لە سەرانسەری جیهاندا ژنان لەگەڵی بەرەوڕوون بێنینەبەر باس. بەتایبەتی لەم بۆنەیەدا جێی خۆیەتی باسی هەلومەرجی ژنان لە وڵاتی ئێران دا بکەین.

٨ی مارسی ئەمساڵ هاوکاتە لەگەڵ تێپەڕبوونی سی و یەك ساڵ لە تەمەنی پڕ لە سەرکوت و ستەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. سی و یەك ساڵە ژنانی ئێران لەگەڵ ڕەفتاری نامرۆڤانە، سەرکوت و سووکایەتیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەرەوڕوون. دژایەتی لەگەڵ ژنان هەر لەسەرەتاوە بەشێك لە سیاسەتی نیزامی ئیدئۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی بووە. لە ٨ی مارسی ١٣٥٧، هێشتا مانگێك لە سەرکەوتنی شۆڕشێك کە ژنانیش شان بەشانی پیاوان تێیدا بەشدار بوون تێ‌نەپەڕیبوو کە ژنان گوێیان لە فتوایەکی ڕاچڵەکێنەر بوو. خومەینی دامەزرێنەری ڕێژیمی تازە حیجابی لەسەر ژنان کرد بە زۆرەملی. ئەوە سەرەتای ئەو سەرکوتە سیستماتیکە بوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆی دا دژی ژنان بەڕێوەی بردوە. دەستێوەردان لە ژیانی تایبەتی لە تەواوی بوارەکانی ژیاندا دەستی پێکرد. هەرچی ماف و ئازادییەك کە ژنانی ئێران بە هەوڵ و خەباتی چەندین ساڵەیان لە سەردەمی ڕێژیمی پێشوودا وەدەستیان هێنابوو، ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتر لێیان دەسەندرایەوە و ئەوان لە مافی ژیانێکی ئازادانە بێبەش دەکران. لە ژێر ناوی ئایین دا توندونیژی و جیاکاری و جیاکردنەوەی جینسییەتی، سەنگسار و قەتڵە ناموسییەکان، دژی ژنان، ڕەوایی پێدرا. بە میلیۆنان ژن لە مافی هەڵبژاردنی ئازادانەی کار، سەفەر، سەرپەرستی کردنی منداڵی خۆیان و...، بێبەش کران.

**ئێستا ئیدی هیچ جووڵانەوە و ڕێکخراو و تەشکیلاتێك ناتوانێ ئەم بۆچوونە لە سیاسەتەکانی دا تەبلیغ بکا کە ئەمڕۆ ئەولەویەت بە خەباتی نەتەوەییە و خەباتی ژنان دەبێ ببێتە پاشکۆی ئەم خەباتە**

بەڵام ئەوەی گرنگە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمەوە ژنانی ئێران لە پەلامار بۆ سەر مافەکانی خۆیان بێتەفاوەت و بێدەنگ نەبوون. ئەوان خەباتێکی سەختیان لە دژی ڕوانگەی کۆنەپەرستانەی ڕێژیمی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



تازە و سەندنەوەی مافەکانیان لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە دەست پێکرد. خۆپێشاندانی خۆڕسکی ٨ی مارسی ١٣٥٧ یەکەم نارەزایەتی دربڕین دژی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لەلایەن ژنانەوە بوو، کە بە نارەزایەتی لە فەرمانی حیجابی زۆرەملی هاتنە سەر شەقام و بە دروشمی "نا"ولامی فەرمانی خومەینییان دایەوە.

لە درێژایی ٣١ ساڵی رابردوودا ژنانی ئێران و کوردستان لە خەباتێکی سەخت دژی نێوەرۆکی دژە ژن و پیاوسالارانەی نیزامی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی دا بوون. لەم پێناوەش دا نرخی زۆر قورسیان داوە. بەلام بەربەرەکانی لە گەڵ روانگە و سیاسەتە دواکەوتووانەکانی ئەم ڕێژیمە هەر وا درێژەی هەیە. هەر ئێستا لە درێژەی بەشداریی چالاکانەی ژنان لە خەباتی یەکسانیخوازی و دژ بە دیکتاتۆری دا بە سەدان ژنی تێکۆشەری ڕێگای رزگاری و یەکسانیخوازی لە زیندان لە ژێر ئازار و شکەنجە دان. زۆری واشیان تێدایە کە لە ژێر حوکمی نارەوای ئیعدام دا بەسەر دەبەن.

## ژنانی تێکۆشەری ئێران!

ئەمڕۆ ئێوە لە سەفی پێشەوەی بزووتنەوەی ئازادیخوازانە دان. لە هەر حەرەکەتێکی مەدەنی و ئازادیخوازی دا، ئێوە لە ریزەکانی پێشەوە دان. ئێوە خەبات لە دژی نابەرابەری جینسیتان تێکەڵ بە خەباتی ئازادیخوازیی هاونیشتمانانتان کردوە. بە خۆشییەوە بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ئێرانیش، کۆتایی هاتن بە نابەرابەری جینسییان کردوە بە یەکێك لە داخوازە سەرەکییەکانیان. هەر بۆیە ئێستا ئیدی ئێوە ژنانی ئێران بە تەنیا نین. دروشمی نەمان بۆ دیکتاتۆری و هەڵاواردن بووە بە دروشمی هەموو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ئێران و دڵی رەشی کۆنەخوازانی دەسەلاتداری خستۆتە خورپەوە. بزووتنەوەیەك کە بە دوای کودیتای هەڵبژاردن دا خۆی نواندوە، بزووتنەوەیەکە کە خوازیاری ئازادی، دیموکراسی و مافی مرۆڤە. ئەمە ئەو داخوازانەن کە ئێوە ژنانی ئێران لە مێژە خەباتیان بۆ دەکەن.

ئێوە لە زیندوو راگرتن و بەردەوامیی ئەم بزووتنەوەیەدا کە ٨ مانگە تەنگی بەم ڕێژیمە هەڵ چنیوە، رۆڵێکی حاشاهەڵنەگرتان هەیە. بەلام کێ هەیە نەزانێ کە ئێوە ژنانی ئاگا و یەکسانیخواز، زۆر پێشتر لە سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەیە بە وەرێخستنی کەمپەین دژی یاسا کۆنەپەرستانەکان، بە مانگرتن و حەرەکەتە ئێعترازییەکانتان دژی نابەرابەری، بە کۆڕو کۆبوونەوەکانتان بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە، هەروەك ئێستا لە سەنگەری خەبات دا بوون و، تەسلیمی ئەم نیزامە دواکەوتوو و پیاوسالارە نەبوون؟ چالاکییەکانی ساڵانی رابردووی ئێوە بە بۆنەی ٨ی مارس، رۆژی جیهانیی ژنانەوە، سەرەرای هەموو هەرەشە و هێرشێکی هێز و دەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەو ڕێژیمە دەسەلمێنن کە ژنانی ئێران بریاری خۆیان لە بارەی پساندنی کۆت و زنجیرەکان داوە و هیچ هێزێك ناتوانێ لەم بریارە پاشگەزیان بکاتەوە.

## ژنانی ئازادیخوازی کوردستان!

کۆمەڵگای کوردستان بە درێژایی مێژوو لە گەڵ چەوسانەوە و ستەمی جۆراوجۆری نەتەوەیی، مەزهەبی، چینایەتی بەرەو روو بووە. گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان وەك گەلێکی خەباتکار هەموو کات بۆ گەیشتن بە مافە رەواکانی، لە خەبات و بەربەرەکانی دابووە. ژنانی کوردیش ئەگەر لە سەرێکەوە، زۆرترین



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە شانازی و هەر لەو کاتەدا بە ئەرکی خۆی دەزانێ، باوەڕ بە یەکسانیی ژن و پیاو و خەبات بۆ نەهێشتنی جیاوازیدانانی جینسی، بکات بە بەشێکی دانەبڕاو لە فەرهەنگی سیاسیی خۆی و، تێدەکۆشێ ئەو باوەڕە لە ئەدەبیاتی حیزب و لە هەڵسوکەوتی ڕێبەران، تێکۆشەران و ئەندامانی دا، ڕەنگ بداتەوە**

بەشیان لە ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی، چینایەتی و جینسی پێبڕاوە، لەلایەکی دیکەوە لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان بۆ رزگاری لە بندەستیی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ دنیایەکی باشتر، شانبەشانی پیاوان بەشدار بوون و، راستەوخۆ و ناراستەوخۆ یەکێك لە کۆڵەکەکانی خۆڕاگریی خەباتی نەتەوەی کورد بوون. بەڵام ویست و داخوازەکان و مافەکانی ئەو بەشە لە ئینسانەکان زۆربەی جارەکان پشت گوێ خراوە و خراوەتە پەراوێزی خەبات بۆ سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی. خودی ژنانیش بە ناچار کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ئەو بۆچوونە کە خەباتی نەتەوەیی لە پلەی یەکەمی گرنگی دایە. بەڵام ئێستا خەباتی نەتەوەیی لە ژێر کاریگەریی هەلومەرجی جیهانی پێشکەوتوو دا شێوەیەکی دیکەی بەخۆیەوە گرتوە. ئێستا ئیدی هیچ جووڵانەوە و ڕێکخراو و تەشکیلاتێك ناتوانێ ئەم بۆچوونە لە سیاسەتەکانی دا تەبلیغ بکا کە ئەمڕۆ ئەولەویەت بە خەباتی نەتەوەییە و خەباتی ژنان دەبێ ببێتە پاشکۆی ئەم خەباتە. ژنی کورد ئێستا بەو رادەیە لە ئاگایی گەیشتوە کە گرنگیی خەباتی یەکسانیخوازی لە خەباتی نەتەوەیی کەمتر نیە و نابێ ئەم خەباتە بۆ داهاتوو هەڵگیرێ. لە سەر حیزبە نەتەوەییەکانیشە دەرکی ئەم راستییە بکەن کە هیچ نەتەوەیەك رزگار نابێ ئەگەر ژنان تێیدا چەوساوە بن. خەباتی رزگاریخوازی و نەتەوەییش بەبێ بەشداریی بەرینی ژنان، سەرکەوتوو نابێ. هەر لەو کاتە دا هیچ دیموکراسییەکیش وەدی نایە مادام ژنان بەشدارییان لە دەسەڵات دا نەبێ. بۆیە قسە کردن لە ئازادی و بەختیاری بۆ داهاتووی کوردستان بەبێ بایەخدان بە خەباتی یەکسانیخوازی و بەشداریی چالاکانەی ژنان لە خەباتی ئەمڕۆ دا بێمانایە.

لە ئاکامی وشیاریی خودی ژنان و بایەخدانی مرۆڤایەتی پێشکەوتوو بە یەکسانیی ژن و پیاو و، گرنگیی پێدرانی نێوەرۆکی پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی تایبەت بە ژنان لە ئاستی جیهان دا، جووڵانەوە فیمینیستییەکان و خەباتی یەکسانیخوازیی ژنان، سەرانسەری دنیایان داگرتوە. بە خۆشییەوە، کوردستانی ئێمەش یەکێك لە مەیدانەکانی خەبات لە پێناوی رزگاریی ژنان و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی نابەرابەرییە. ئەمڕۆ لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردستان دا، دژایەتی لەگەڵ کولتووری دواکەوتووانە و دابونەریتی دژ بە ژن و خەبات بە دژی ستەم و چەوسانەوەی جینسی لە لایەن ژنانەوە لە شێوەی جۆراوجۆردا بەدی دەکرێ و، حوزووری ژنانی ئاگا لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و مەدەنی دا، تا دێ زیاتر دەبێ. حیزبی دیموکراتی کوردستان بەم گۆڕانە گەشبین و هیوادارە و، بە ئەرکی خۆی دەزانێ لە کاری نەزەری و لە خوێندنەوە و، لێکدانەوەی بۆ کۆمەڵگەی کوردستان و لە تێکۆشانی خۆی لە بواری جۆراوجۆردا بایەخی زیاتر بە پرسی ژنانی کوردستان بدا.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە شانازی و هەر لەو کاتەدا بە ئەرکی خۆی دەزانێ، باوەڕ بە یەکسانیی ژن و پیاو و خەبات بۆ نەهێشتنی جیاوازیدانانی جینسی، بکات بە بەشێکی دانەبڕاو لە فەرهەنگی سیاسیی خۆی و، تێدەکۆشێ ئەو باوەڕە لە ئەدەبیاتی حیزب و لە هەڵسوکەوتی ڕێبەران، تێکۆشەران و ئەندامانی دا، ڕەنگ بداتەوە.

پەیامی ئێمە بە بۆنەی ٨ی مارس بۆ ئێوە ژنان لە کوردستان و ئێران و بۆ هەموو خەباتکارێکی دیموکرات و یەکسانیخواز لە وڵاتەکەماندا ئەوەیە کە داخوازەکانی ئێوە بە رەوا و، خەبات و تێکۆشانی ئێوە بە حەق و پشتیوانی لە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی بە ئەرکی خۆمان دەزانین.

پیرۆز بێ ٨ی مارس، رۆژی هاوپەیوەندی لەگەڵ خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنان
سەرکەوێ خەباتی ئازدیخوازی لە کوردستان و سەرانسەری ئێران

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دیموکراتی**
**کوردستان**
**١٥ی رەشەممەی**
**١٣٨٨**
**٦ی مارسی ٢٠١٠**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی ٨ی مارس لەلایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

ڕۆژی دووشەممە ١٧ی ڕەشەمە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە سمینارێک لە لایەن بەشی ئاموزشیی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە یەکێک لە سالۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هات.

لەو سمینارە دا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنان و کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان تێیدا بەشدار بوون، سەرەتا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان بە بۆنەی ٨ ی مارس، لە لایەن زۆلەیخا جەشنی ئەندامی بەڕێوەبەریی ئەو یەکیەتییەوە خوێندرایەوە.

پاشان دوکتور ناسر سیمایی، مامۆستای زانکۆ و راوێژکاری بنەماڵە، باسێکی لەسەر دەروونناسی بەشداریی ژنان لە جوولانەوە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە دا پێشکەش کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا خاتوو شیرین ڕۆژە، ئەندامی چالاکی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان و چالاکی بواری مافی ژنان، باسێکی سەبارەت بە بایەخی زمانی زگماکی و ئەرکی دایکان لەسەر زمانی زگماکی و فێرکردنی منداڵان پێشکەش کرد.

**ئەوەش دەقی پەیامی یەکیەتیی ژنان بە بۆنەی ٨ی مارس:**

ژنانی خەباتگێڕ میوانە بەڕێزەکان!

ئیزنم بدەن لەلایەن خۆم و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتەوە پڕ بە دڵ پیرۆزبایی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنان لە هەموو لایەك و بەتایبەتی ژنانی دێموکرات بکەم و ئاواتە خوازم ١٧ی ڕەشەمەیەکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یادی ئەو ڕۆژە بکەینەوە.

٨ی مارسی هەموو ساڵێك وەبیرهێنەرەوەی ڕووداوێکی گرینگی سیاسی و کۆمەڵایەتیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. ئەو ڕۆژە لەلایەك وەك مێژوو بیرهێنەرەوەی ڕاپەڕینی ڕۆژی ٨ی مارسی ١٨٥٧ی ژنانی کرێکاری کارخانەی پارچەو جل و بەرگدرووی نیۆیۆرکە، کە بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە کەمی حەقدەست و کەم کردنەوەی سەعاتی کارو باشتربوونی هەل و مەرجی کار ڕژانە سەر شەقام کە لەلایەن پۆلیسی ئەو شارەوە زۆر بە توندی هەڵسووکەوتیان لەگەڵ کراو سەرکوت کران، لەلایەکی دیکەوە ئەو ڕووداوە نوقتە گۆڕانێك بوو لە ژیانی سیاسی ژنانی سەرانسەری جیهان کە بتوانن ڕۆژێك لە ساڵدا دەستنیشان بکەن بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو مەبەستە کە ژن لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا وەك مرۆڤێك هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ پیاوان و سروشت ئەوەی سەلماندووە کە هەردووکیان بۆ درێژەکێشانی ژیانی مرۆڤ لە سەرگۆی زەوی نیازو پێویستیان بە یەك هەیەو بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە نابێ ژن لە پەراوێز بخرێ و وەك کەرەسە و ئامراز چاوی لێ بکرێ.


زلەیخا جەشنی

بە دوای ئەو ڕۆژەدا واتە ڕۆژی ٨ی مارسی ١٨٥٧ جموجۆڵی ژنان لە سەرانسەری دنیا بەتایبەتی ژنانی وڵاتانی ئورووپایی بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانیان دەستی پێ کردوە بەتایبەت لەلایەن تێکۆشەرانی ژنانی سوسیالیستەوە زۆر هەوڵ درا ڕۆژێك بەناوی ژنان نێودێر بکرێ و لە پێشەوەی هەمووان خانمی تێکۆشەر "کلارا زتکین"بوو، بەڵام بە چەندین هۆکاری وەك پرش و بڵاوی تێکۆشانی ژنان و هەلومەرجی سیاسی نێونەتەوەیی و هەڵگیرسانی دوو شەڕیماڵوێرانکەری جیهانی بوونە لەمپەر کە ڕۆژێك وەك ڕۆژی جیهانی ژن بە ڕەسمی ناسی، لەو ڕێکەوتەوە هەموو ساڵێك لە زۆربەی وڵاتانی دنیا بە گرتنی میتینگ و ڕێپێوان و ڕێوڕەسم یادی ئەو ڕۆژە پیرۆز دەکرێتەوەو هەروەها ژنان لە سەر داواکاری و ویستەکانی خۆیان لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا قسە دەکەن و بە بەیاننامە و ڕاگەیاندن ویستەکانی خۆیان بە گوێی دەسەڵاتدارانی وڵاتی خۆیان دەگەیەنن.

ژنانی ئێران بە گشتی و ژنانی کوردستانیش بەتایبەتی جیانین لە ژنانی سەرانسەری دنیاو لەو فەرق و جیاوازیە کە بەهۆی دەسەڵاتی پیاوەوە هاتۆتە ئاراوە و هەتا ئێشتاشی لەگەڵ دابێ ئەو جیاوازییە نەك بن بڕ نەکراوە بەڵکوو کار بۆ بە یاسا کردنی چەوسانەوەی ژن بە دەستی پیاو بۆتە سیاسەتی ڕەسمی دەسەڵاتی زاڵ بەسەر ئێرانداو بەناوی ئایین و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حکومەت و قانوونەوە ژن دەچەوسێندرێتەوەو لەو مافانەی کە خوداوەندو سروشت پێی داوە بەناوی خواوە لێدەستێنەوە.

لە حالێکدا کە ژنان لە مێژووی ئێراندا رۆڵی کارسازو چالاکیان هەبووو جێ پەنجەیان دیارە. هەر ئێستا کە جوولانەوەیەکی بەربەرینی دێموکراسیخوازی لە ئێراندا لە ئارا دایە ژنان شان بە شانی پیاوان و بگرە لە زۆر شوێندا لە پێشەوەی پیاوان سینگیان وەپێش دەخەن. دەزانین کە ژنان لە راپەرینی ساڵی ١٣٥٧دا بە دژی رێژیمی پاشایەتی هەروەك ئێستا شان بە شانی پیاوان داواکاری رۆیشتنی شاو رووخانی نیزامی پاشایەتی بوون ئەگەر ئەودەم ژنان بە شوعارو ویستی تایبەت بەخۆیان نەهاتنە مەیدان و زۆرتر شوعارو ویستەکانیان تێکەڵاو بە ویستی سەرانسەری کۆمەڵانی خەڵك واتە شوعار گشتی بوو ئێستا بە داواکاری خۆیان لە مەیدانەکەدا حزووری چالاکییەن هەیە.

بەشداری بەرینی ژنان لە سەردەمی هەڵبژاردن و هاتنە مەیدانی ژنان کاندیدا لە سەردەمی هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا جۆرێك لە تابۆ شکاندن بوو و یەکێك لە حەرەکەتەکانی کە ئەورۆ بە شێوەی نەپساوە بە نارەزایەتی دەربرین لە سەرکوتەکان، ئیعدامەکان و کوشتارە یەك لە دوای یەکەکان لە کۆمەڵگەی ئێران لە ئارا دایە، حەرەکەتی دایکانی تازیەبارە کە لە هەر هەلێك دا بەشێوەی ئارام و مەدەنی و یاسای ئیعترازی خۆیان دەردەبڕن یا حزووری بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی لەبەرامبەر زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ دەربڕینی نارەزایەتی زۆربەیان لە ژنان پێك دێ.

لە رۆژەکانی دوای ئاشکرا کردنی دەنگەکان لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری دا دەبینین لەو حەرەکەتە نارەزایەتیانەدا ژنان رۆڵی بەرچاویان گێڕاوەو تەنانەت بە لەدەست دانی گیانیان بوونە ناسێنەرو پێناسەی ئەو جوولانەوە ئیعترازییە لە سەرانسەری دنیا، ئەوە نیشاندەری ئەوەیە کە ژنانی ئێران لە هەموو کاتێك زیاتر ئامادەن بۆ وەدەست هێنانی مافەکانیان و دیفاع کردن و پاراستنی ئەو مافانە لە هەر دەسەلاتێکی لە دوا رۆژدا لە ئێران دا بێتە سەر کورسی دەسەلات.




د. ناسر سیمایی    شیرین رۆژە



ژنانی کوردستانیش لە ماوەی سی ساڵی رابردووی دەسەلاتداری کۆماری ئیسلامیدا لە هەردوو بواری نەتەوایەتی و چینایەتییەوە چەوسێندراونەتەوە، لەلایەك بەتاوانی هەڵگری پێناسەی کوردبوون کە داوای مافە نەتەوایەتییەکان دەکاو لەلایەکی دیکەوە وە ژن بەربەرەکانی دەکا لەگەڵ یاساو سیاسەتەکانی دەسەلاتدار کە هەڵگری بیروباوەڕی کۆنەپەرستانەی دژبە ژنانە، کە لە روانگەی یاساکانی ئەو نیزامەوە ژن تەنیا دەبێ لە چوارچێوەی ماڵ دابێ و ئەرکی زاوزێ و بەخێوکردنی منداڵ و گوێ رایەڵی مێردەکەی بێ.

هەرچەند ژنانی کوردستان لەو ماوەیەدا سەلماندوویانە کە شان بە شانی پیاوان لە خەباتی نەتەوایەتیدا بەشداریان کردووەو زۆرن ئەو ژن و کچانەی کە لە سەنگەری پارێزگاری لە کوردستاندا گیانیان بەخت کردووەو لە هەمان حاڵدا زۆرن ئەو ژنان و کچانەی کە بە دژی داب و نەریتە کۆنەکان راپەڕیون و هەوڵیان داوە لە رێگەی خوێندن و فێربوونەوە لە مەیدانی پێگەیاندنی کۆمەڵگەدا خۆیان نیشان بدەن و بیسەلمێنن کە ئەگەر هەلیان بۆ برەخسێ لە بەڕێوەبردنی کاردا هیچ جیاوازییەکیان نیە لەگەڵ پیاوان.

بە هیوای ئەو رۆژە کە خۆری ئازادی و سەربەستی لە ئاسمانی وڵاتەکەماندا هەڵ بێ و نەتەوە ماف پێ شێل کراوەکەمان بە ماف و ئازادییەکانی خۆی بگا و لە سایەی ئازادی و دێموکراسی دا ژنانی وڵاتەکەشمان بە مافە ئینسانی و چینایەتییەکانی خۆیان بگەن.

لە کۆتایی دا دووبارە پیرۆزبایی ٨ی مارس لە هەموو ژنانی تێکۆشەری ئێران و کوردستان بەگشتی و ژنانی دێموکرات بەتایبەتی دەکەین.

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**

**١٧ی رەشەمەی ١٣٨٨**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێک بە بۆنەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ٢٤ی ڕەشەمە ڕێوڕەسمێک بە بۆنەی شەست و چوارەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە یەکیک

لە بنکەکانی سەر بە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو.

ئەو ڕێوڕەسمە کە بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و جەماوەرێکی زۆر لە کادر و پێشمەرگەکان و هەروەها دانیشتوانی کەمپەکانی سەر بەو حیزبە بەڕێوە چوو، سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و یەک خولەک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە یادی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان کاک کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە نوێنەرایەتیی دەفتەری سیاسییەوەپەیامێکی پێشکەشی بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە کرد.

پاشان پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە لایەن سوهەیلا قادری، سکرتێری ئەم ڕێکخراوەیەوە خوێندرایەوە.

دواتر پەیامی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن گزینگ نوورانی ئەندامی بەڕێوەبەریی ئەو ڕێکخراوەیەوە خوێندرایەوە.

نێوئاخنی بەرنامەکە بە سروود و گۆرانی و هەروەها چەند تابلۆیەکی هەڵپەڕکی ڕازێندرایەوە.

پاشان شانۆیەک بە ناوی " کڵووک" لە لایەن بەشی چاند و هونەری کومیسیۆنی لێکۆڵینەوە و فێرکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە پێشکەشی بەشداران کرا.

بەشی کۆتایی ڕێوڕەسمەکە بۆ نیشاندانی جلوبەرگی ژنانی ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان تەرخان کرابوو کە لە لایەن بەشدارانەوە بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا.ئەو ڕێوڕەسمە لە نێو شایی و هەڵپەڕکێی بەشداراندا کۆتایی پێ هات .

---

## پەیامی دەفتەری سیاسی

# بەبۆنەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان



کەماڵ کەریمی

خوشك و برایانی بەرێز
میوانە ئازیزەکان
ئەندامانی تێکۆشەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە پڕبەدڵ پیرۆزبایی ساڵیادی یەکیەتییەکەتان، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لێ دەکەم.

ڕێکخراوێك کە شەستوچوار ساڵ لەوەپێش لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەدو بەدەسپێشخەریو هێنانە مەیدانی خێزانی خۆی وەك ژنێك کە بێتە سوونبولێك بۆهاتنە مەیدانی باقی ژنانی کوردستان بۆ دەربڕینی ئەو هەستەی کە لە ناخی هەموو ژنێك دا وهەموو ئینسانێکی مافخواز و هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی ئەو مافانەی کە بە دەیان و سەدان ساڵ بوو ژنان تێدەکۆشان بۆیو ٦٤ ساڵیشە ئێوە بەردەوام بۆی تێدەکۆشن. ئەم ڕێکخراوە دامەزرا ٦٤ ساڵ لەوە پێش ڕەنگە لەو هەلومەرجەدا مەزرانی ڕێکخراوێکی ئاوادا بەتایبەتی کە بۆ یەکەمجار بوو هەوڵ دەدرا ژنان لە چوارچێوەیەك دا بۆ تێکۆشان بۆ گەیشتن بە مافەکانیان کۆ بکرێنەوە کارێکی گەلێك ئەستەم بوو بەڵام لە ژێر سایەی ڕێبەرایەتیی ئەو دەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان وە بە پێی بەرنامەو ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەمە وەك کارێکی پێویست بە ئەنجام گەیەندرا وە بوو بە سەرەتایەك بۆ هەوڵدانێکی دەستە جەمعی لەلایەن ژنانەوە و بەپشتیوانی هاوبیرانیان لە حیزبی دێموکراتی کورستانو لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بۆ ئەوەی کەبتوانن لە درێژەی تێکۆشانیان، ئامانجەکانیان وەدی بێنن ئەوڕۆکە ئێوەدوای ٦٤ساڵ یادی دامەزرانی ڕێکخراوەکەتان دەکەنەوە گەلێك شایەتی هەن بۆ ئەوەی کە ژنان توانیویانە لە مەیدانی تێکۆشان دا خۆ بنوێنن، فیداکاری بکەن و ئازایەتی نیشان بدەن و بسەلمێنن کە بەراستی نیوەی کۆمەڵن و ئەم درووشمە لەچوارچێوەی شوعارێك دا بێنەدەرو بیکەنە ئەمرێکی واقع لە نێو کۆمەڵگادا.

بوونی ئێوەو سەدان ژنی تێکۆشەر هەر ئێستا دوور لەکەس و کارو وڵاتی خۆتان و تێکۆشانی چەندین ساڵە و دەیان ساڵەی زۆرانتان وموقاومەت لەبەرابەر ئەو نامولایەماتی ژیان و ئەو کارەساتانەی کە بەسەر خۆتان و بنەماڵەکانتان دا هاتوە لێرە، وە هەر ئێستا بوونی دەیان هاوبیر و هاوڕای ئێو لەو ژنە تێکۆشەرانەی کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات یا لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دا لە ژێر ئەشکەنجەو فشارێکی ڕۆحی یەکجار زۆر دا بەسەر دەبەن یا لە نێو کۆمەڵگادا دیسانیش لە ژێر فشاردا درێژە بە خەبات دەدەن، ئاشکراکردنی ئەو ڕاستییە کە ژنانی کورد گەیشتوونەتە ئاستێك کە دەتوانن بۆخۆیان لەسەر پێی خۆیان درێژە بە خەبات بۆ گەیشتن بە مافەکانیان بدەن بەڵام ئەگەر زۆر جار وا دەبینرێ کە ژنان نەیان توانیوە یا ناتوانن ئەو جۆرەی کە پێویستە تێ

بکۆشن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان و گەیاندنی مەبەستەکانیان شایەد بە حەق بڵێین ئەوەیان خەتای ژنان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەبێ، کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەك بووە کە بەردەوام کۆسپی لەسەر ڕێی خەباتی ژنان داناوە وە لەسەر ڕێی تێکۆشانی ژنان،لەسەر ڕێی خۆنیشاندانی ژنان داناوە ئەمە ڕەنگبێ پەیوەندی بە زۆر دابونەریتی کۆمەڵایەتی یەوە هەبێ ڕەنگبێ خۆبەستنەوە بە هەندێك شتی سوونەتیەوە وای کردبێ کە پیاوەکانیش لەگەڵ ئەوەی کە ئاوات و ئارەزوویان گەیشتنی ژنەکانە بە مافەکانیان بەڵام ترس و واهیمە لە زۆر ڕووداوی ناخۆش لە کۆمەڵگایەکی ژێر دەسەڵاتی ئیستبدادی و دیکتاتۆری دا وای کردوە کە نەتوانن یارمەتیدەرێکی باش بن بۆ ژنان،بەڵام هیچ گومان لەوەدا نیە ئەگەر ئەو مەیدانە بۆ پیاوان لە کۆمەڵی کوردەواری هەیە یا لە کۆمەڵی ئینسانیدا هەیە بۆ ئاشکرا کردن و بۆ خۆنواندن و بۆ هەوڵدان بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە هەیانە بە ئامانجە فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیان ئەگەر هەر ئەوە مەیدانەش بە ژنان بدرایە کێ دەتوانێ گومان بکا کە ژنان لە وەی ئێستا زیاتر دەبوو، کێ دەتوانێ گومان بکاکە ژنان لە ئێستا مافیان زیاتر دەبوو، ئەم کۆسپانە ڕەنگبێ کۆسپی زۆربن لەسەر ڕێی ئێوە، بەڵام ئێوە بە تێکۆشانی خۆتان لە لایەك و بە دڵنیابوونتان لە دروستی ئامانجەکانتان و بە دڵنیابوون لە پشتیوانی حیزبەکەتان حیزبی دێموکراتی کوردستان بێگومان دەبێ هەوڵی ئەوە بدەن کە لەگەڵ هەموو ئەو کۆسپانە موبارزە بکەن بۆ هەوڵدانێکی زیاتر بۆئەوەی کەلە کوردستانی ئایندەدا بتوانن ئەو جۆرەی کە شیاوی ژنی کوردە نەقش و دەوری خۆتان بگێرن هیچ کەس ناتوانێ گومان لەوە بکا کە کۆمەڵی بەشەرییەت ناتوانێ بەبێ ژن کۆمەڵێکی سەرکەوتوو بێ، ئەگەر ئەمرۆ لە کۆمەڵە دواکەوتووەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێمە ئێستا ژنان وەکو ئینسانێکی کۆیلە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ لە زۆر وڵاتانی جیهاندا ژن نەقشی سەرەکیان هەیە لە ئیدارەکردن و بەڕێوەبەریی وڵاتەکانیاندا لەوە دڵنیابن کە تێکۆشانی خۆتان بتان گەیەنێتە ئەو ئامانجە راستەقینانە .دەمهەوێ دووپاتی بکەمەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەك دەستپێشخەر بووە بۆ دامەزرانی یەکەم ڕێکخراوی سینفی ژنان بە ناوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ٦٤ساڵ لەوە پێش ئێستاش بە باوەری تەواوەوە بۆخەبات بۆوەدیهێنانی ئامانجەکانی ژنان وەك نیوەی کۆمەڵ وە گەیشتنی ژنان بەو ئاستەی کە شایەنی مرۆڤی ئەو سەردەمەیە لە کۆمەڵی کوردەواری دا پشتیوانیتان لێ دەکا و هاوخەباتتان دەبێ.

هیوادارم بە بەردەوامی ئێوە لە خەباتدا مانەوەتان لەسەر ئەو ڕێگا راستەقینەی کە شەستوچوار لەوە پێش دا بۆرزگاریی ژن لە کۆمەڵی کوردەواری دا لە چوارچێوەی ئەو ڕێکخراوەدا سازمان درا بمانگەیەنێتە ڕۆژێك کە کۆمەڵی ئێمە بەدووربێ لە چەوسانەوەی ژن لە کۆمەڵگادا چ لەباری کولتوورییەوە چ لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەر لایەنێکی ترەوە دیسانەوە پیرۆزبایتان لێ دەکەم بە بۆنەی یادکردنەوەی سالرۆژی دامەزرانی ڕێکخراوەکەتان هیوای سەرکەوتننتان بۆ دەخوازین هیوادارم ئەمرۆ یادێکی خۆشتان هەبێ بۆ یادکردنەوەی ئەم رۆژە پیرۆزەتان.

**زۆر سوپاس**

# پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

ژنانی مافخواز!

بەشدارانی بەڕێز!

سەرەتا پیرۆزبایی لە ئەندامان، دڵسۆزانو لایەنگرانی یەکیەتیی ژنان دەکەم بەبۆنەی تێ پەڕینی ٦٤ ساڵ بەسەر دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە لەهەمان کاتدا سەری ڕێزو نەوازش دادەنوێنین لە بەرامبەر گیان بەختکردوانی ڕێگەی یەکسانیو ئازادی. دامەزرانی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان لەسەردەمی کۆماری کوردستانو لەو قۆناغە مێژووییەی ئەو کاتی کوردستاندا نیشاندەری ئەو ڕاستییە کە گەلی کوردو بەتایبەتی دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو سەردەمەدا بە قەناعەت گەیشتوون کە بێ بەشداریی ژنان هیچ نەتەوەیەك بە ئاوات



سۆهەیلا قادری

و ئامانجەکانی خۆی نەگەیشتوە. دامەزرانی ڕێکخراوی ژنان سەلمێنەری ئەوەش بووە کە ژنان توانیویانە بەهەست بە بەرپرسایەتی نەتەوەیی لێهاتوویی و چالاکی لە خۆیان نیشان بدەنو قورسایی ئەو ئەرکەیان لە سەر شانی خۆیان هەست پێ کردوە و هاتوونەتە مەیدانو هاوکات لە دوو قۆناغ دا چالاك بوونو خەباتیان کردوە. خەبات بۆ نەهێشتنی جیاوازیی نەتەوەیی و دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی وەك تاکێك و خەبات بۆ وەدەستخستنی مافو ئازادییەکانی ژن وەك تاکێکی زوڵم لێکراوو ماف پێ شێل کراو.

بەڕێزان!

لە کاتێکدا جێژنی ٢٤ی ڕەشەمە دەگرین کە خەباتی ژنان لە جیهانداو بەتایبەت لە وڵاتانی پێشکەوتوودا لە ئاستێك دایە کە ژنان بە هێندێك لە مافەکانی خۆیان گەیشتوون. ئەوان لە پێناو بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەیان زۆر فیداکاریی و لە خۆ بوردوویان کردوە. قوربانیان داوە لە پێناو دابینبوونی یەکسانی دا. بەڵام ئەو بەرەو پێشچوونەی ژنان لە چەند وڵاتی ڕۆژئاوادا قەتیس ماوەتەوە.ئێستاش لە زۆر وڵاتی دونیا دا ژنان وەك مرۆڤێکی پلە دوو سەیر دەکرێن لە زۆر شوێن ژنان تەنیا وەك کەرەستەیەکی منداڵ دروست کردن و بۆ خزمەتی پیاو سەیری دەکرێ. ژنان لە شەڕەکانی کە لە نێو دەوڵەتانو حکومەتەکاندا دەکرێ وەك دەسکەوتی شەڕ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ و دەبنە قوربانی شەڕی بەینی دوو هێز.

ئەو بێ مافیەی ژنان زۆرتر لە وڵاتە دواکەوتووەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دا دەبینرێ و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرچاو.لەو وڵاتانەدا ئێستاش یاسای هەروڵاتێك بە پێی مافی رەگەزی بەرامبەر دادەندرێ لەو نێوەدا یاساو قانوونی بەرێوەبردنی هەر وڵاتێك پڕیەتی لە یاسا گەلی دژ بە ژن. ئەگەر ئاوڕ لە ژنانی ئێران لە چەند ساڵی رابردوودا بدەینەوە، دەبینین کە کارنامەی خەباتو بەرخۆدانی ئەوان پڕیەتی لە سەروەریی‌و فیداکاریی. ژنان بەوەرێ خستنی کەمپەینی یەك میلیۆن ئیمزا دەسەڵاتی حاکم بەسەر ئێرانیاندا حاڵی کرد کە چی دیکە قەبووڵ ناکەن کە وڵات لە ژێر سیستمێك دا کار بەرەو پێش بەرێ کە قانوونی ئەساسییەکەی پڕیەتی لە جیاوازی ژن‌و پیاو. بەو رێخستنی ئەو کەمپەینە زۆرێك لەپیاوانی یەکسانیخواو لایەنگرانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا واژۆکانی خۆیان خستە پاڵ واژۆ و داواکارییەکانی ژنان کە بۆ گۆڕینی ئەو بەندانەی قانوونی ئەساسی ئێران بوو کە دژ بە ژنن. هەروەها لە دوای کودتای دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد لە دەنگی خەڵك لە دوای هەڵبژاردنی دەورەی دەیەمی سەرۆك کۆماری لە ئێراندا و رژانە سەر شەقامەکانی خەڵکی نارازی بۆ داواکردنەوەی دەنگە دزراوەکانیان، ژنان هاو هەنگاو لەگەڵ پیاوان هاتنە مەیدان‌و دەنگی دلێری خۆیان تێکەڵ بە دەنگی چین‌و توێژەکانی وڵات کردو داوای مافە زەوتکراوی خۆیان کرد. ژنان بۆیە توانیان لەو حەرەکەتە ئیعترازیانە دا رۆڵی کاریگەر بگێڕن چونکە بەر لە هەڵبژاردن هەموو ئەو کەسانەی کە خۆیان بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری پاڵاوتبوو تێیان گەیاندبوون کە داخوازییەکانی ئەوان بۆ حکومەتی داهاتووو سەرۆك کۆمارەکەی چیەو ئەوان بۆچی دێنە سەر سندووقەکانی دەنگدان‌و دەنگ بەو پاڵێوراوانە دەدەن. ئەوان لەو کەسانەیان گەیاند کە چی دیکە قبووڵی ئەو پێشێلکارییانە ناکەن و هەرکەس کە بێتە سەر حوکم دەبێ ئاوڕێکی جیدی لەمافی ژنان‌و کێشەکانیان بداتەوە ژنان لەو حەرەکەتە ئازادیخوازو دیموکراسیخوازانەی کە لە چوارچێوەی بزووتنەوەی سەوزدا هاتنە گۆڕو رۆڵێکی کاریگەرو بەرچاویان گێڕا. تەنانەت هاندەری جەماوەری وەزاڵەهاتووش بوون‌و لە ریزی هەرە پێشەوەی حەرەکەتەکە دابوون. ژنان بەو حەرەکەتەی خۆیان کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و بە گشتی رای گشتییان بۆلای خۆیان راکێشا. دیمەنی فیداکاریی‌و گیانبەختکردنی ژنان بوو بە دڵتەزێنترین وێنەی سەرشاشەکانی جیهان.

ئێمە وەك یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان داوا لە ژنانی کوردستان دەکەین کە هەروەك بە درێژایی مێژوو نیشانیان داوە خۆڕاگرین و پشتیوانی لە خەباتی سەرانسەریی ئێران بکەن و بۆ گۆڕینی کۆماری ئیسلامی یارو یاوەری ژنانی خەباتکاری بواری مافی ژنان بن بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانیان و بۆ دابینکردنی کۆمەڵگایەکی یەکسان لە داهاتوودا هەوڵ بدەن.

لە کۆتایی دا جارێکی دیکە پیرۆزبایی ٢٤ی رەشەمە ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە هەموو ژنانی کوردستان بە گشتی، ئەندامان و لایەنگران و دڵسۆزانی یەکیەتیی ژنان بە تایبەتی دەکەین. لە هەمان کاتدا سەری رێز و نەوازش لە پێناو گیان بەختکردوانی ئەو رێگەیە کە رێگەی گەیشتن بەئازادییە دادەنوێنین و بەردەوام دەبین لەوەدیهێنانی ئامانجە رەواکانیاندا.

**یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان**

**٢٤ ی رەشەمەی ١٣٨٨**

**١٥ی مارسی٢٠١٠**

# پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان



گزینگ نوورانی

**هاوڕێیانی بەرێز!**

ئەورۆ ٢٤ی رەشەمەمە ساڵرۆژی دامەزراندنی رێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانە. یەکیەتیی ژنان ٦٤ ساڵ لەمەوبەر بە دەستی ژنانی شۆرشگێڕ و نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز لە شاری پێشەوا قازی محەمەد لە کەش و هەوایەکی لێڵ دا دامەزرا و وەك ئەستێرەیەکی پڕشنگدار لە ئاسمانی کوردستان دا دەدروشایەوە و توانی زۆر بە خێرایی کاریگەری لەسەر بارودۆخی ئەوسای ژنانی کورد دابنێ.

هەر زۆر زوو سەلماندی کە جێگای ژنان تەنها قوژبنی نێو ماڵ نیە. بەڵکو ژنی کوردیش مافی ژیانی هەیە و نیوەی کۆمەڵگایە. ژنانیش وەك پیاوان لە کۆمەڵگادا مافی تێکۆشانی سیاسی و بەرێوەبردنی کاروباری وڵاتیان هەیە. سەلماندی کە ژن دەبێ رۆژ لەگەڵ رۆژ پلەی زانیاری خۆی بەرێتە سەر و بۆ پێ گەیاندنی خۆی لە بواری فێر بوونی زانست و تەکنیك هەوڵ بدا، ژنان نیوەی کۆمەڵگا پێك دێنن لە سروشت و خولقاندا. لە باری توانای رۆحی و مەعنەوی دا، لە کار و تێکۆشان ئیستعداد و سۆزو عاتفە، جیاوازیەکیان لەگەڵ پیاوان نیە. بەڵکو ئەگەر هەش بێ، ئەوە داب و نەریتە پێکی هێناوە کە لەلایەن دەسەڵاتی پیاوانەوە هاتۆتە ئاراوە.

ئەگەر بە وردی سەیری دەستووری بنەرەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران بکەین دەبینن کە ئەو ئاخووندە بیرتەسك و کۆنە پەرستانە چۆن بە قازانجی پیاو سالاری دەسەڵاتی ژنان دێننە ژێر پرسیار هیچ مافێك بۆ ژن قایل نین وەك کۆیلە سەیری دەکرێ ئەو نا عەداڵەتیان بوونە.

بە تایبەت لە کاتێکدا یادی ٢٤ی رەشەمە دەکەینەوە کە دۆخی وڵاتمان ئێران رۆژ لەگەڵ رۆژ بەرەو خراپی و وێرانی دیکتاتۆری رەش دەڕوات و دوای هەڵبژاردنی سەرۆکۆماری و هاتنە سەرکاری دەوڵەتی کودەتا دروست بوونی بزوتنەوەی سەوز زیاتر قەیراناوی بووە، بۆیە جێگای خۆیەتی کە بزوتنەوەی لاوان شانبەشانی بزوتنەوەی ژنان لە خەباتی رزگاری خوازی بە دژی رێژیمی کۆنەپەرستی سەدەکانی ناوەڕاست خەبات بکەن.

بە هیوای ئێرانێکی دیموکراتیك و کوردستانێکی ئازاد.

دامەزراندنی یەکیەتیی ژنان ٢٤ی رەشەمە لە هەموو ژنانی کوردستان پیرۆز بێ.

بە هیوای سەرکەوتنتان.

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی

رۆژهەڵاتی کوردستان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتە سەرنجێک لە خەباتی ژنانی ئێران لە سەد ساڵی رابردوو

کوێستان فتووحی

**یەکسانیی راستەقینە لە دەروونی خۆمانەوە دەست پێدەکا.**

**مرۆڤەکان بە یەکسان لە دایک دەبن و هەروەها ئازادییش مافێکە کە لەگەڵ لە دایکبوونی ئینسان پێی ئەبرێ.**

لە مێژووی خەباتی سەد و چەند ساڵەی ژناندا زۆر پێشکەوتن و گۆڕان لە هەلومەرجی ژناندا لە وڵاتان دا پێک هاتوە و لە زۆر بواردا مافی بەرابەریان لە گەڵ پیاودا بەدەست هێناوە و، لە زۆر بواریش دا کەلێنی هەڵاواردن و نایەکسانییەکان تا رادەیەك کەم بۆتەوە. بەڵام لە هێندێك وڵاتیشدا هەڵاواردنی ناڕەوا و پێشێل کردنی مافە ئینسانییەکانی ژن هەروا بەردەوامە و ژنان لە هەلومەرجێکی زۆر نالەبار و نایەکساندا ژیان تێپەڕ دەکەن. زۆر ژن لە جیهاندا دەستدرێژییان دەکرێتە سەر، سەنگسار دەکرێن، دەسووتێندرێن، دەکەونە بەر گولله و چەقۆ و شەقی پیاوانی دەمارگرژی بە ناو ناموس پارێز. تەنانەت لەلایەن دەوڵەتەکانیانیەوە سەرەتاییترین مافە ئینسانی و سیاسی و فەرهەنگییەکانیان پێشێل دەکرێن. لە سەر یەك لە هیچ وڵاتیکی دنیا دا بە شێوەی تەواو بوار و هەلومەرج بۆ ژن و پیاو وەك یەك نیە.

**هەلومەرجی ژنان لە ئێران:**

ئەگەر ئاوڕێك لە هەلومەرجی ژنانی ئێران لە سەد ساڵی رابردوودا بدەینەوە، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ دەورانی شۆڕشی مەشرووتە. ژنانی ئێران لەو شۆڕشەدا بەشدارییەکی چالاکانەیان هەبوو لە دژی ئیستبداد و سەرەڕۆیی رەزا شا. لە دوای سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە، ژنانی وشیار و ئاگای ئەو کاتە خوازیاری مافی یەکسان بۆ ژن و پیاو بوون لە هێندێك بوار دا و لەم پێوەندییەدا لەم بوارانەوە ئامانجەکانی خۆیان بەرەوپێش دەبرد. ١) خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی هاووڵاتی بوون واتە مافی ئەوەیان هەبێ لە وڵاتدا بتوانن هەڵبژێرن و هەڵبژێردرێن. ٢) خەبات بۆ مافی فێربوون و پەروەردە بۆ ژنان، واتە دامەزراندنی خوێندنگەی کچانە کە لەو سەردەمەدا یەکێك بوو لە خواستە سەرەکییەکانی ژنان. ئەم خواستانە لە لایەن موخالیفانەوە دژایەتییەکی توندی لەگەڵ کرا. بەڵام خەبات و هەوڵەکانی ژنان لەم پێناوەدا رانەوەستا و دواتر بوو بە هۆی دامەزراندنی ئەنجومەنی ژنان و دەرکردنی گۆڤار و بڵاوکراوەی ژنان و دامەزراندنی خوێندنگەی کچانە. بە جۆرێك لە ماوەیەکی کورت دا نزیك بە ٦٠ مەدرەسەی کچانە تەنیا لە شاری تاران دا کرایەوە. ژنان لە شارەکاندا کۆڕ و کۆبوونەوەی جۆراوجۆریان پێك دەهێنا و باسیان لە حەق و حقووق و سڕینەوەی ستەم لە سەر خۆیان دەکرد. لە بڵاوکراوەکانیشیان دا زۆتر تەئکیدیان لەسەر خوێندنی ژنان دەکردو ژنانیان هاندەدا کە بخوێنن.

بەڵام بەداخەوە قانوونی ئەساسیی مەشرووتە مافەرەواکانی ژنانی لەبەر چاو نەگرت و ژنان هەروا مەحرووم کران لە مافی دەنگدان . عولەمای مەشرووتەخواز دژی






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خویندنگەی کچان و مافەکانی ژنان فتوای نائیسلامی بوونیان لەسەر دان. ژنان سەرەڕای بەشداری چالاکانەیان لە شۆڕشی مەشرووتەدا و نەخشیان لە سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەدا، دیسانیش لە ئاکام دا بە خواستەکانی خۆیان بە تەواوی نەگەیشتن و مافەکانیان هەروا پێشێل دەکرا. بەڵام لە هەر حاڵ دا خەبات بۆ مافەکانیان لە لایەن ژنانی نوخبەوە هەروا درێژەی کێشا.

**سەردەمی ڕەزاخان:**

لە دەورانی دەسەڵاتی ڕەزا خان دا، هەر چەند لە ڕواڵەتدا هێندێك ڕووداو بە ناوی نوێ گرایی ڕوویان دا کە ڕەنگە وابێتە بەرچاو لە قازانجی ژنانیش دابووە. بۆ نموونە ژنان لە هێندێك ئیدارەکانی دەوڵەتدا دامەزران. دیارە سیاسەتی ڕێژیمی ڕەزاخان لە بارەی دامەزراندنی ژنان لە ئیدارەکاندا زۆر ناعادیلانە بوو. ئەوەیش ئەوە بوو لە هێندێك کاری دیارکراو تێنەدەپەڕی. وەك پەرستاری، مامۆستای قوتابخانە، تایپیستی ئیداراتی دەوڵەتی و هتد. ئەمانەشی بۆیە کرد کە خۆی وەك دەوڵەتێکی مۆدێرن بە دنیا نیشان بدا. بەڵام لە ناوەرۆکدا سیاسەتی سەرکوت و پیاوسالاری ڕەزاخان دژی




ژنان هەر بەردەوام بوو. ئەنجومەن و بڵاوکراوەکانی ژنان کە لە دوای شۆڕشی مەشرووتەوە سەریان هەڵ دابوو، یان داخران. یان وردەو وردە جێگەیان درا بە ڕێکخراوە فەرمایشییەکانی لایەنگری دەسەڵات. واتە جموجۆڵ و حەرەکەتە سەربەخۆکانی ژنان نەیانتوانی نەخشێکی ئەوتۆیان هەبێ لە ئالۆڕ بە قازانجی ژنان.

**دەورانی محەممەد ڕزا شا:**

تا ساڵی ١٩٦٣ ژنانی ئێران مافی بەشداری کردن لە هەڵبژادنەکانیان نەبوو. لەو ساڵەدا شا فەرمانێکی دەکرد کە بە پێی ئەو فەرمانە ژنانیش وەك پیاوان مافی ئەوەیان هەیە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکەن. دوای ئینقلابی سپی شا کە بە ئینقلابی شاو خەڵك ناوی دەبرا، هێندێك گۆڕانکاری لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە لە ئێران بە دەستووری شا ڕوویان دا. پایەکانی ئەو ئینقلابە لە شەش ماددەی سەرکی پێك دەهاتبوو. کە یەکێکیان پێوەندی بە ژنانەوە هەبوو: باش کردنی قانوونی هەڵبژاردن، بە مەبەستی حەقی دەنگدان بۆ ژنان وەك پیاوان بە ڕەسمی بناسرێ. ئەمە دەسکەتێکی سیاسی بوو بۆ ژنان. کە پێشتر لێی بێبەش بوون. پاشان لە ٢٧ی خاکەلێوەی ١٣٤٢




قانوونێك پەسند کرا بە ناوی "حمایت از خانواده". ئەو قانوونە تەڵاقی یەك لایەنە کە پیاو ئەو حەقەی پێدرابوو، هەڵوەشایەوە. پاشان مافی چەند هاوسەرییش بۆ پیاوان دژوار کرا و، بۆ سەرپەرستی کردنی منداڵیش لە دوای تەڵاق، یان مردنی باوك، دایك حیسابێکی بۆ دەکرا. هەروەها تەمەنی قانوونیی ژیانی هاوبەش بۆ کچان لە ١٣ ساڵەوە بوو بە ١٨ ساڵ. ئەوانە و هێندێك دەسکەوتی دیکەش کە بەرهەمی وشیاری و خەباتی خودی ژنان بوون، لە قانوندا پەسند کران.

**شۆڕشی ١٣٥٧ و نەخشی ژنان:**

بەشداری چالاکانەی ژنان لە شۆڕشی ١٣٥٧دا لە مێژوو دا سەبت بووە و کەس ناتوانێ حاشای لێبکا. بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هێشتا بە تەواوەتی دەسەڵاتەکەی تەسویب نەبوو، هێرشی کردە سەر ماف و ئازادییەکانی ژنان. داسەپاندنی حیجاب کە نمادی کۆیلەیی ژنە، بە فتوای خومەینی یەکەمین پێشێل کاری بوو لە لایەن ڕێبەری ئەو ڕێژیمەوە لە دژی ژنان کرا. دواتر هاڵاواردن و بێبەش کردن لە مافە ئینسانییەکانیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە زۆر و بە زەبری قانوونە کۆنەپەرستانەکانیان بەسەر ژناندا سەپێنران. ٣١ ساڵە ژنانی ئێران لە ژێر سایەی ئەم حکوومەتەدا لەگەڵ ناعەدالەتییەکان دەست و پەنجە نەرم دەکەن. لە هەمان کاتیش دا خەبات بۆ مافەکانیان لە ئەولەویەتی کار و ژیانی ڕۆژانەی ژنان دابووە. دیارە بۆ ماوەی ٨ ساڵ شەڕی ئێران و عێراق بووە هۆی ئەوە ژنان زۆر هەل لەدەست بدەن. بە هۆی شەڕ سێبەری شوومی مەرگ باڵی بەسەر هەموو وڵاتدا کێشابوو. سەرکوتی هێزە موخالیفەکان لە لایەن ڕێژیمەوە بە پاساوی پاراستنی وڵات دەستی دەسەڵاتی ئاوەڵا کردبوو. ئەو شەڕە بووە هۆی ئەوە ڕێژیم زیاتر پەرە بە دیکتاتۆری بدا و نارازییان لەو حکوومەتە سەرکوت بکا. هەلومەرجێکی پڕ خەفەقان لە وڵاتدا دروست


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




بوو و زۆربەی بڵاوکراوە ئازادەکان، ڕێکخراوە سیاسییەکان کە شۆڕشی ١٣٥٧ بوو بە هۆی ژیانەوە و سەرهەڵدانیان، داخران و سەرکوت کران. بە هەزاران تێکۆشەری سیاسیی ڕێکخراوە سیاسییەکان زیندانی کران و دواتر لەناوبران. لە نێو ئەواندا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ژنانی تێکۆشەر و نەخبەی کۆمەڵگە دەبینران. ئەو هەلومەرجە وای کرد کە ژنان بۆ ماوەیەك لە بێدەنگی دا بمێننەوە. لە هەمان کاتیش دا لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە بوونی خۆیان وەك ئینسانێکی بەکەڵك لەو کۆمەڵگەیەدا دەسەلماند. دەستڕاگەیشتنی کچان بە فێربوون لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا وای کرد کە ئاکامێکی موسبەتی بۆ کۆمەڵگە و بە تایبەتی بۆ توێژی ژنی لێبکەوێتەوە. ئاگایی و وشیاری لە ئاست قانوونە کۆنەپەرستانەکانی دژی ژنان، زیاتر بوو بە هۆی بەربەرەکانی کچان و ژنانی لاو لە دژی قانوونە پڕلە هەڵاواردنەکانی ئەو نیزامە. پاش هاتنە سەرکاری خاتەمی (سەرکۆمار) لە ساڵی ١٣٧٦دا هەلومەرجێکی تازە بۆ ڕیفۆرمخوازی و کرانەوە لە ئێراندا دروست بوو. مەجال بۆ سەرهەڵدانەوەی کتێب و نەشریاتی تایبەت بە ژنان ڕەخسا و ڕێگەی بڵاو بوونەوەیان تا ڕادەیەك پێدرا. دەیان سایت و ئەنجومەنی جۆراوجۆری ژنان دامەزران و پەرەیان سەند. ڕەخسانی ئەو هەلومەرجە وای کرد کە ژنان خواستەکانی خۆیان لە کۆمەڵگەدا مەترەح بکەن و دواتر بە کردنەوەی کەمپەینی جۆراوجۆر خواستەکانی خۆیان گەڵاڵە کردو ڕەوانەی پارلمانیان کردن. ئەگەرچی ئەو کرانەوەیە سنووردار بوو، بەڵام کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر خەباتی ژنان لە ئێران دانا و پایەکانی بزووتنەوەیەکی بەهێزی ژنان لەو دەورانەدا دامەزرا.

**نەخشی ژنانی کورد لە خەباتی یەکسانیخوازی دا:**

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا هەلومەرجێك هاتە ئاراوە بۆ حیزب ڕێکخراوە نەتەوەیی و چەپەکان تاکوو تێکۆشانی ئاشکرا و تەشکیلاتییەکانیان ڕێك بخەنەوە. بەشێکی زۆر لەم حیزب و ڕێکخراوانە، بە تایبەتی ڕێکخراوە چەپەکان گرنگییان دەدا بە مەسەلەی ژنان و داکۆکی کردن لە مافەکانیان لە بەرنامەو هەڵوێستەکانیادا تا ڕادەیەك دیار بوو. ئەمە وای کرد ژنان بەرەو خەبات و تێکۆشانی ڕێکخراوەیی لە دژی کۆماری ئیسلامی هاتن بدرێن. ژمارەیەکی زۆر لە کچان و ژنانی کورد چوونە نێو ڕیزی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەوە کە بانگەشەی ماف و ئازادییەکانی ژنانیان دەکرد. لە هەمان کاتیش دا پرسی ژن لە پەراوێز و پاشکۆی ئەو ڕێکخراو و حیزبانەدا مایەوە. بەڵام بوونی حوزووری ژنان و بەشدارییان لە خەباتی نەتەوەیی و ڕێکخراوەیی دا تا ڕادەیەك کاریگەریی لەسەر ئاستی وشیاریی و ئاگایی ژنی کورد و بەگشتی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر گرنگی ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە کۆمەڵ دا دانا. پاش ئەوەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بە هۆی هەلومەرجی داسەپاو نەیانتوانی حوزووری بەرچاو و بەردەوامیان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا بمێنێ، هەڵسووڕان و جموجۆڵی ژنانی کوردیش کەوتە قۆناغێکی دیکەوە.

دوای هەڵبژاردنی خاتەمی بە سەرۆك کۆمار، ئەو هەلومەرجە کە لە سەرەوە ئیشارەمان پێکرد، کوردستانیشی تا ڕادەیەك گرتەوە. ژنانی کورد بەو پێشینە سیاسی و ئاگاییەی هەیانبوو ئەو هەلەیان قۆستەوە و کەوتنە خۆ بۆ دامەزراندنی ئەنجومەن و NGO ی تایبەت بەخۆیان تاکوو لەم ڕێگەیەوە بتوانن ئامانجەکانیان بەرەو پێش بەرن. ژنانی خەباتکاری کوردستان لەگەڵ ئەوەی بە ڕێژەیەکی زۆر زیاتر بە نیسبەت ژنانی نەتەوەی فارس لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە چەوساونەتەوە و فشاریان لەسەر بووە و ئازار دراون و کۆسپ و تەگەرەیان خراوەتە سەر ڕێ، زۆر بە ئازایەتییەوە ئەو خەباتەیان تا ئێستاش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بەروپێش بردوە و بەشێکی دانەبڕاو بوون لە خەباتی مافخوازی ژنانی ئێران. لە هەمان کاتیش دا خەبات بۆ مافی نەتەوەکەشیان پشتگوێ نەخستوە و بە شێوەی جۆراوجۆر ئەم خەباتەشیان هەر درێژە داوە. ئەوەتا هەر ئێشتاش چەندین ژنی تێکۆشەری کورد لە چاوەڕوانی حوکمی لە سێدارەدان کە لە لایەن دادگای ئەو ڕێژیمە سەرکوتکارەوە بۆیان دەرچووە. نموونە زێنەب جەلالیان و شیرین عەلەم هۆیی.

**بزووتنەوەی جەماوەری لە ئێران:**

زیاتر لە ٩ مانگ دەبێ بزووتنەوەیەکی مافخوازی جەماوەریی بەهێز لە دژی پێشێل کردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵك لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، لە گۆڕێ دایە. بزووتنەوەیەك کە ژیانی لەو ڕێژیمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرە ئاڵۆز کردوە. خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران دوای تەحەمولی سی و یەك ساڵ ستەم و نایەکسانی، ئەمساڵ بە دروشمی مردن بۆ دیکتاتۆرییەت، جێژنەکانی سەرکەوتنی ٣١ ساڵەی تەمەنی پڕ لە جینایەت و سەرکوتی کۆماری ئیسلامییان لەو نیزامە تاڵ کرد. نەخش و ڕۆڵی ژنان لەو بزووتنەوەیەدا بەڕاستی جێگای سەرنج و شانازییە. ئەو بزووتنەوەیە بەشێکی گرنگ و کاریگەری لە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان پێك هاتوە. بزووتنەوەی ژنان کە ریشەیەکی قووڵتری لەم بزوتنەوە تازەیە هەیە و زۆر لەمیژترە لە سەنگەری خەبات دژی ستەم ونایەکسانییەکان دا خۆی نیشان داوە و ئەزموونی هەیە. ئێستاش ئەگەر نەڵێین ژنان وەك پێشەنگ و نمادی بزووتنەوەن، دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین حوزوورێکی یەکسانیان لەگەڵ پیاواندا لە خۆپیشاندانەکان دا هەیە و لە ڕێگەی گەیشتن بە خواستە گشتییەکاندا زۆر نرخی گەورەشیان داوە. تەنانەت جگەلە زیندان و شکەنجە و ئازار، لە مردنیش باکیان نەبووە. ئەوان بە شکاندنی تابۆی تەبعیز لە ریزی خۆپیشاندەراندا جارێکی دیکە تالاویان بە گەرووی دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە و سیستمی پیاوسالار دا کردوە. ئەو دیوارەی ٣١ ساڵە ئەو نیزامە پیاوسالارە لە نێوان ژنان و پیاوانی ئەم وڵاتەدا دروستی کردوە، بە دەست لە نێو دەستی یەکتر مستێکی توندی دیکەیان لە دەمی کۆنەخوازان و لایەنگرانی پیاوسالاری داوەتەوە. حوزووری بەرچاوی ژنان لە ریزی نارەزایەتییەکاندا، راستە بە نارەزایەتیی دژی ئەم سووکایەتییە بوو کە بە دەنگەکانیان کرا، بەڵام لە هەمان کاتیش دا دەبێ بەشداریی هەر حەرەکەتێکی گشتی لە لایەن ژنانەوە بە نیشانەی خواستی یەکسانیی و ئازادی دابنرێ. تێکەڵاویی ریزەکانی ژنان و پیاوان لە خۆپیشاندانەکاندا، نیشانەی بوونی بیری یەکسانیخوازییە. ئەوەی کە ژنان لە لایەن راگەیەنەکانی دنیای دەرەوە بوونەتە نماد و پێشەنگی بزووتنەوە، تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ بەشداریی ئەم چەند مانگەیان لە خۆپیشاندانەکاندا. ئەوە بەرهەمی خەباتێکی دوور و درێژ و سەختی ژنانە لە بەرانبەر پێشێلکارانی مافەکانیان دا.

**کۆتایی:** ئەگەرچی مێژوو نیشانی داوە ژنانی ئێران لە شۆرشەکانی مەشرووتە و شۆرشی ١٣٥٧ خواستەکانیان کەوتە ژێر سێبەری خواستە گشتییەکان و لە ئاکامدا بۆخۆیان دەست بەتاڵ مانەوە، چونکە بۆخۆشیان زیاتر ئەولەویەتیان بە خواست و داواکارییە گشتییەکان دەدا. بەڵام ئەمجارە ژنان بە پێی ئەو ئاگایی و وشیاری و ئەزموونەی هەیانە چی دیکە رێگە نادەن خواستەکانیان بکەوێتە ژێر پەردەی فەرامۆشی. هەروەها هەر ئێستاش دەبینین لە لایەن هەڵسووراوانی ژنان بەردەوام روو لە رێبەرانی بزووتنەوەی سەوز دەکەن کە دەبێ روانگە و هەڵوێستان لەسەر مافەکانی ژنان روونتر بکەنەوە. چاوەڕوانیتان لێ دەکرێ لە پەنا بەدواداچوونی مافە گشتییەکانی خەلکی ئێران، خواست و ئامانجە رەواکانی بزووتنەوەی ژنانیشتان لەبەر چاو بێ و لە هەڵوێست گرتنەکانتان دا بە روونی گەلاڵەکانتان لە پێوەندیی لەگەڵ مافەکانی ژنان بێننەبەر باس!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خەتەنەکردنی ژنان، هێز نواندنی پیاوان یا دواکەوتوویی کۆمەڵگا؟

عەلی بداغی



ڕۆژی شەشەمی فێورییەی هەمووساڵێك ڕۆژی جیهانیی خەبات دژی خەتەنەکردنی ژنانە. خەتەنە کردەوەیەکە کە تێیدا بەشێك لە ئەندامی زاووزێی ژنان دەبڕدرێ کە لەگەڵ بڕینی ئەم بەشە لە لەش و ئەندامی زاوزێی ژنان هەستی ژنانە یان ژنێتی ژنانی خەتەنەکراو لە نێو دەچێ.

مێژووی خەتەنەکردنی ژنان بۆ ٢٠٠ ساڵ پێش لە دایکبوونی مەسیح دەگەڕێتەوەو بە یەکێکی دیکە لە چەشنەکانی دەسەڵات و هێزنواندنی پیاوان بەسەر ژنان لە کۆمەڵگاکانی پیاو سالاردا دەژمێردرێ کە تا ئێستاش لە زۆر لە کۆمەڵگا مرۆییەکاندا هەروا بەردەوامە. دەمارگرژیی ئایینی، دواکەوتوویی کلتووری، نەبوونی زانیاری لە سەر دەرەنجامەکانی خەتەنەو بەستنەوەی خەتەنەی کچان بە نەریتە ئایینی و نەتەوەیی‌یەکان هۆکارگەلی بەردەوامیی خەتەنەکردنی کچان لە سەردەمی ئێستا دان. بەپێی دوایین ئامارەکانی ڕێکخراوی جیهانیی بێهداشت ١٦٠ میلیۆن کچ و ژنی خەتەنەکراو لە جیهان دا هەن و لە ساڵدا پتر لە ٣ میلیون کچی دیکەش لە تەمەنی ٢تا٤ ساڵی دا خەتەنە دەکرێن.

ئەم دیاردەیە لە نێو نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانیش دا دیاردەیەکی باوەو و لە ژێر باندۆر و کارتێکەریی‌یە نەریتی و ئایینی‌یەکاندا هەر وا قوربانی وەردەگرێ.

پەروین زەبیحی، چالاکی بواری ژنان لە لێکوڵینەوەیەکی تایبەت دا بە ئاماژە بە ئاستی بەربڵاوی خەتەنەکردنی کچان لە کوردستان هۆکاری ئەم بەربڵاوی‌یەی خەتەنەکردنی کچان بۆ ڕەگ داکوتانی ئەو باوەڕە ئایینی‌یە دەگەڕێنێتەوە کە خەتەنەکردن بەکردارێکی ئایینی و نەریتێکی ئیسلامی پێناسە دەکەن. ناوبراو دەڵێ لە پۆلێکی ٤٠ کەسی لە شاری بۆکان ٣٨ کەس و لە پۆلێکی ١٨ کەسی کچانە دا لە شاری پیرانشار هەر هەموویان خەتەنەکرابوون.

**ئامانجەکانی خەتەنەکردنی کچان**

ــ بەجێ گەیاندنی ئەرکێکی ئایینی وەك ئەوەی کە خەتەنەکردن سوننەتی عایشێو فاتمەیە.

ــ کۆنترۆڵکردنی ئیشتیاو ویستەجینسی یەکانی کچان بەر لە شووکردن

ــ پاراستن و نیشاندانی پاك داوینیی کچان بە هاوسەرانی داهاتوویان!!

خەتەنەکردنی کچان وەك یەکێك لە نیشانەکانی توندوتیژی دژی ژنان، کە لە نەبوونی زانیاری و وشیاریی گشتیی کۆمەڵگادا هەروا قوربانی وەردەگرێ، زۆرتر بە هۆی مامان و پیرێژنەکانی ناوچەیی و لە هێندێك لە ناوچەکانی کوردستان بە هۆی ژنە دۆم و قەرەجەکانەوەو بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ چەشنە ئامادەکاری‌یەکی پزیشکی و بێهداشتی و بەکەرەستەگەلی وەك تیغ، چەقۆو مقەستەوە ئەنجام دەدرێن.

**زیان و دەرەنجامەکانی خەتەنەکردن:**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەتەنەکردنی کوڕان ئەگەر لە قازانجی کوڕان و پرسێکی پزیشکی و بێهداشتی یە، بەڵام خەتەنەکردنی کچان سەقەتکردنی ئەوان بە هەر بیانوو و مەبەستێك بێ جینایەتێکی دژەمرۆیییە.

بڕینی کلیتوریس لە کچاندا ئەوان تووشی زۆر کێشەی جەستەیی و دەروونی دەکا. هەو کردنی مندالّدان و "واژن"، ئێش و ژان لەکاتی بەشێك لە زیانە دەروونی یەکانی خەتەنەکردنی ژنانیش بریتین لە تووشبوون بە خەمۆکی، ترس و دڵەڕاوکێ، ساردوسڕیی پێوەندییەکان، دابەزینی هەست و ئیشتیای جنسی ژنانەیان و خۆشکردنی بوار بۆ سەرهەڵدانی کێشەی خێزانی و قولّبوونەوەی ئەو کێشەو گرفتانە تا ئاستی تەڵاق و جیا بوونەوە.

بەڵام تا گەیشتن بە بنەبڕکردنی ئەو دیاردەیە ڕێگەیەکی دوورودرێژ وپڕ لە کەندو لەندمان لە بەردەم دایە.

ئەمرۆکە لایەنەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ ومافی ژنان خەتەنەکردن بە یەکێك لە خاڵە گرینگەکانی توندوتیژیی دژی ژنان ناو دەبەن و کۆمەڵگای رۆژئاواش بە قەدەغە کردنی قانوونی، ئەو رەفتارەیان بە دژەمرۆیی و گەڕانەوە بۆ




سووڕی مانگانەدا و لە نێوچوونی توانای منداڵبوون بەشێك لە زیانە جەستەیی یەکانی خەتەنەکردنی ژنانن. خەتەنەکردن هەستی چێژ وەرگرتنی سێکسی لە ژناندا دەکوژێ و بەگشتی پێوەندییە سێکسییەکان بۆ ژنی خەتەنەکراو دژوارو بەژان تەواو دەبێ و ئەوەش بەمانای پێخوست کرانی مافی سروشتیی ژنان و زەوتکردنی مافی مرۆیی ئەوانە.

کۆی زیانە جەستەیی و دەروونییەکانی کچان و ژنانی خەتەنەکراو و چوونە سەری پلەی زانیاری و وشیاریی کۆمەڵاتی خەڵك وای کردوە کە وردەوردە خەڵك بیر لەوە بکەنەوە کە خەتەنەکردنی کچان نەك پێگەو کەسایەتیی ئەوان بەرزناکاتەوەو متمانەو دڵنیایییان پێ نابەخشێ، بەڵکوو جینایەتێك و کردەوەیەکی دژەمرۆیییە کە دەرحەق ئەوان ئەنجام دەدرێ.

سەدەکانی ناڤین باس کردوە. لە ئێران و کوردستانیش دا پێویستە خەتەنەکردنی کچان و ژنان بە رەسمی وەك توندو تیژیی ناموسی بناسرێ و بە شێوەی یاسایی بڕیاری قەدەغەکردنی بدرێ. پێویستە مامۆستایانی ئایینی فتوای خەتەنە نەکردنی کچان دەربکەن و بە پەروەرەو فێرکردنی بەردەوام لە بنەماڵە، قوتابخانەو خوێندنگاو کۆمەڵگا دا هەوڵ بۆ بنەبڕکردنی بدرێ. سزادان و سەپاندنی سزای قورس بەسەر بکەرانی ئەو رەفتارە چ ئەندامانی خێزان یان ماماکان و ناوەندە پزیشکییە سەرپێچیکەرەکانیش دەتوانێ هەنگاوی جیددی و لێبڕاو بۆ کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە بێ.

**خەتەنەکردنی کوڕان ئەگەر لە قازانجی کوڕان و پرسێکی پزیشکی و بێهداشتی یە، بەڵام خەتەنەکردنی کچان سەقەت کردنی ئەوان بە هەر بیانوو و مەبەستێك بێ جینایەتێکی دژەمرۆیییە**


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# (پەیوەندی یاساو کۆمەڵ)

عیسمەت نستانی

ئەگەر بمانهەوێ پێناسەی یاسا بکەین، یاسا لە رووی زمانەوانییەوە بە مانای بەردەوامی و جێگیر بوون و رێك و پێکی دێ. بۆ نموونە کە دەڵێین یاسای گەردوون، مەبەست لەوە ئەو سیستەمە جێگیرو نەگۆڕی گەردوونەیە کە بەپێی ئەو ئەستێرەکان بە دەوری خۆیان دا دەخولێنەوەو هەروەها یەك بە دوای یەك دا هاتنی شەوو رۆژیش دەگرێتەوە.

پێناسەی یاسا لە رووی زاراوەیی، چەمکی یاسا دوو مانای هەیە، یەکەم واتایەکی گشتی و دووەم واتای تایبەتی.

واتای گشتی، بریتییە لەو کۆمەڵە بنچینانەی کە ژیانی مرۆڤ لە ناو کۆمەڵ دا رێك دەخا، کە سنوورەکەی فراوانترە لە یاسای تایبەتی.

یاسای تایبەتی، ئەو دەسەڵاتەیە کە دەسەڵاتی یاسا دانان (تشریع) کە سەرچاوەیەك لە سەرچاوە زۆرەکانی یاسا دایان دەنێ. واتە یاسای دانراوە.

ئەسڵی زاراوەی یاسا کە هاتۆتە نێو زمانەکان، هەر وڵاتە بە جۆرێك ئەو زاراوەیان بۆ زمانی خۆیان گێڕاوەتەوە، بۆ وێنە جوولەکە بۆ زمانی عیبری، فارس بۆ زمانی فارسی دەگێڕنەوە.

بەڵام زۆربەی یاساناسان لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە ئەو زاراوەیە ئەسڵەکەی وشەیەکی لاتینییەو لە وشەی (kanon) وەرگیراوە کە بەمانای بنچینە یان رێکخستن دێ. بە شێوەیەکی گشتی یاسا بریتییە لە پێوەندیی پێویست و کاریگەریو دەرئەنجامی راستەوخۆ لە سروشتی بوونەوەرەکان وەرگیراوە. بەو شێوەیە هەموو بوونەوەرەکان خاوەنی یاسای تایبەتین. بەرلەوەی مرۆڤ یاسا دابرێژێ، پەیوەندییەکی عادیلانە لەسەر بنەمای یاسا لە نێوان بوونەوەرەکان دا هەبووە. خودی ئەو پێوەندییە هۆکاری دارشتنی یاساکان بووە.

پەیوەندیی یاسا بە کۆمەڵ یان پێویستی و گرینگی یاسا بۆ کۆمەڵ یاسازانان هەر یەکەو لە روانگەی خۆی تێروانینی هەبووە. هێندێك دەڵێن کە یاسا بۆ کۆمەڵ پێویست نیە. هێندێکیش دەڵێن لە هەر کوێیەك کۆمەڵ هەبێ دەبێ یاساش هەبێ. مارکس وای بۆ دەچێ کە یاسا زەروورەتی نیە لە نێو کۆمەڵدا، بە هەموو شێوەیەك بوونی یاسا لە کۆمەڵدا رەد دەکاتەوە. ئەفلاتوون لە کۆمارەکەی خۆی دا ئەقڵی بە رەگەزێك لە رەگەزەکانی دەوڵەت داناوەو دەڵێ: ئەو کەسانەی کە دەسەڵاتی وڵات دەگرنە دەست تەمسیلی ئەقڵ دەکەن. واتە ئاقڵن و لە بەرێوەبردنی ئەرکەکانیاندان هەڵە ناکەن، بۆیە نابێ دەستیان بە یاسا ببەسترێتەوە. هەر چەندە لە دوایی دا ئەفلاتوون لە بۆچوونی خۆی پەشیمان بۆوەو یاسای بۆ کۆمەڵ بە پێویست زانی.

هێندێکی دیکە لە یاسا زانان بە پێچەوانەوە یاسایان بۆ کۆمەڵ بە پێویست زانیوەو ئەرەستووی فەیلەسووف وای بۆ چووە کە مرۆڤ بە سروشت کۆمەڵایەتییە و





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پەیوەندیی یاسا بە کۆمەڵ یان پێویستی و گرینگی یاسا بۆ کۆمەڵ یاسازانان هەر یەکەو لە روانگەی خۆی تیڕوانینی هەبووە. هێندێك دەڵێن کە یاسا بۆ کۆمەڵ پێویست نیە. هێندێکیش دەڵێن لە هەر کوێیەك کۆمەڵ هەبێ**

ناتوانێ دوور لە کۆمەڵ بژی. (هوبز) نەبوونی یاسای لە کۆمەڵدا بە روودانی فەوزا داناوەو پێی وایە کە تاکەکانی ناو ئەو کۆمەڵگەیە دەکەونە نێو ئاژاوەو شەڕو کێشە بەرامبەر بە تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگەو هیچ کەس خاوەنی مافی خۆی نابێ.

فەوزا ئەو حاڵەتەیە کە لە ئەنجامی نەمانی دەسەڵاتی یاسا دروست دەبێ. مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەو ناتوانێ بە تەنیا بژی بۆیە بە پێی رێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی ژیانی لە نێو کۆمەڵدا رێکخستوەو بەپێی ئەو رێکەوتنە دەستی لە هەندێ لە مافەکانی خۆی بۆ کۆمەڵ هەڵگرتوە لە بری پاراستن و زامنبوونی مافەکانی دیکەی لەلایەن کۆمەڵەوە.

گرینگی یاسا لێرەدا دەردەکەوێ بۆ رزگارکردنی کۆمەڵ لە ئەگەری دووچار بوونی بە حاڵەتی تێکەو لێکەو ئاڵۆزە.

بە نەمان یان لاواز بوونی دەسەڵاتی یاسا ئاڵۆزی و پشێوی دروست دەبێ و ئەو کات هیچ کۆمەڵێك خاوەنی ماف نابێ. چونکە رایەڵێك (رکن) لە رایەڵە هەرە گرینگەکانی مرۆڤ لە کەڵك دەکەوێ، رایەڵی (رکنی) پاراستنی یاساو رێزگرتنە لەلایەن خەڵکەوە. رێزگرتنی کۆمەڵگە یاسا لە راستی دا رێزگرتنە لەو رێکەوتنە کۆمەڵایەتییەی کە لە نێوان خۆیان دا بەستوویانە، ئەوەش خۆی لە خۆی دا بە مانای ئەوەیە کە کۆمەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆی دەپارێزێ.

چونکە بێ هێزی یان کێشانەوەو وەلانانی یاسا لە کۆمەڵدا ئەو رێکەوتنە کۆمەڵایەتییە هەڵ دەوەشێنێتەوە.

یاسا بە سەرچاوەی دروستبوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دادەنرێ. بەبێ یاسا کۆمەڵگەش بوونی نیە. مرۆڤ لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە ژیانێکی پەرش و بڵاوو پڕ لە فەوزای هەبووەو تێیدا ژیاوە. هیچ پەیوەندییەکی پتەو لە نێوانیان دا نەبووە. بەڵام وردە وردە زەرووڕەتی ژیان ئەوەی خواست بۆ بەرگری کردن لە تەنگ و چەڵەمەو رووبەڕوو بوونەوەی ئەو مەترسییەی کە هەڕەشە لە مان و نەمانی دەکا، هەستا بە ئەنجامدانی رێکەوتنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ تاکەکانی دیکەی کۆمەڵ کرد.

زەرووڕەتی یاسا لە نێو کۆمەڵە کۆنەکان گرینگی خۆی بووەو هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لە ژێر سایەی دا هەست بە ئاسوودەیی بکەن و مافەکانیان پارێزراو بێ.

یاسا کۆنەکان چەندین بابەتی گرینگیان تێدایە کە خزمەتی کۆمەڵگەیان کردوە. یاسای دارکۆن، سزای کوشتنی کوژەری خستە ئەستۆی دەوڵەت، بەو شێوەیە سنوورێکی بۆ تۆڵە ئەستاندنەوەو کوشت و کوشتار لە نێو کۆمەڵگەو خەڵك دانا.

یاسای سۆڵۆن، باری سەرشانی قەرزداری سووك کرد، قەدەغەی ئەوەی کرد کە ئەگەر کەسێك نەتوانێ قەرزەکەی بداتەوە بفرۆشرێ یان بکرێتە کۆیلە.

کۆمەڵگەی شارستانی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە رێز لە ئازادییەکان دەگرێ، واتە کۆمەڵگەی شارستانی پابەندی رێزگرتنە لە یاسا، پلەی شارستانیەتیی هەر کۆمەڵگەیەکیش بە پێی بڕی رێز گرتنیان لە یاسا دەپێورێ.

ژان ژاك رۆسۆ دەڵێ: رێزگرتن لە یاسا، رێزگرتن لە ویست و ئارەزووی گشتیی کۆمەڵە.

کەواتە دەکرێ بڵێین کە یاسا پێویستییەکی هەرە ئەساسی بۆ رێکخستن و بەردەوامیی کۆمەڵە. بۆیە ئێمە چەندی رێز لە یاسا بگرین هێندە لە شارستانییەت نزیك دەبینەوەو چەندەش دوور بین ئەوەندەش کۆمەڵەکەمان ناتەواوە. هەروەك ئەرەستوو دەڵێ: بوونی یاسایەکی زاڵم (ستەمکار) باشترە لە نەبوونی یاسا.

چونکە ئەگەر یاسا نەبێ، مرۆڤیش خاوەنی هیچ مافێك نابێ.

**سەرچاوەکان!**

**- چەمکی یاسا دوکتور کەماڵ سەعدی**

**یاسا لە نێوان کۆن و تازەدا. پارێزەر بەشیر حوسێن سەعدی**

**فەلسەفەو یاسا - عەبدولڕەحمان رەحیم عەبدوڵڵا**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئێعتیاد لە نێو ژنان و کچان دا

حەلیمە رەسووڵی

ئێعتیاد دیاردەیەکی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی و ئابوورییە، بەڵایەکی ماڵوێرانکەرە کە دەبێتە هۆی بەرتەسک بوونەوەی چالاکی هزری و جەستەیی لە کەسی تووشبوودا. دیاردەیەکی دزێوە کە سەرچاوەکەی بۆ بەکارهێنانی نائاسایی ئەلکۆل و تریاک و حەشیش دەگەڕێتەوە. لەمپەرێکی گەورەیە لە بەرامبەر گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووریی وڵاتدا.

ئێعتیاد بە ماددە هۆشبەرەکان لە ماوەی ساڵ دا گەلێك قوربانیی لێ دەکەوێتەوەو مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر بنەماڵەو کۆمەڵگا.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەم جۆرە پێناسەی ئێعتیاد دەکا: ئێعتیاد ژەهراوییبوونێکی پڕ مەترسییە کە زیانەکەی دەگەڕێتەوە سەر تاك و کۆمەڵگاو لە ڕێگای کەڵك وەرگرتن لە دەرمانی سروشتی یان سەنعەتییەوە ساز دەبێ. کە سێ تایبەتمەندی تێدایە:

١ـ هەست بە پێویستی و وەدەست هێنانی لە هەر ڕێگەکەیەوە

٢ـ ئۆگری بە بەکارهێنانی بە ڕادەیەکی زۆر

٣ـ ئۆگریی دەروونی و جەستەیی بە چەشنێك کە نەبوونی لە کەسی تووشبوودا لە رووی دەروونی و جەستەییەوە خۆ دەنوێنێ

باسی ئێعتیادی ژنان پرسێکی گرینگە کە لە ئاستی زانستی ـ میللی و نێونەتەوەیی دا بایەخی پێدراوە.

ئێعتیادی ژنان لە چەند لایەنەوە گرینگە، سەبرو توانایی ژنان لە بەرامبەر زۆربەی ماددە هۆشبەرەکان لە پیاو کەمترە، بۆ نموونە ژنان لە کاتی کەڵك وەرگرتن لە ئەلکۆل زۆر خێراتر لە پیاوان دژکردەوە لە خۆیان نیشان دەدەن بەو هۆیە کە کێشی لەشی ژنان لە پیاوان کەمترەو ئەلکۆل لە ژنان دا خێراتر بە مێشك دەگاو ...

روون و ئاشکرایە کە ژنانی گیرۆدە بە مەواد زۆر خێراتر لە پیاوانی وەك خۆیان تووشی زیان و خەسار دەبن، چونکە کەڵك وەرگرتن لە مەوادانە لە لایەن ژنێکەوە، زۆربەی کاتەکان کێشەگەلی کۆمەڵایەتی دیکەشی بە دواوەیە وەك هەڵاتن لە ماڵ، دەستدرێژی، هەژاری و هتد.

لە لایەکی دیکەشەوە ژنی گیرۆدە بە مەواد تەنیا خۆی تووشی زیان نەبووە، بەڵکوو ئێعتیادی ئەو کاریگەری راستەوخۆی لە سەر ژیانی منداڵەکانی و بنەماڵەکەی هەیە.

بەرەبەرە بناغەی بنەماڵەی کەسێکی گیرۆدە روو لە رووخان و لەنێوچوون دەکا. دایکانی موعتاد هەرگیز ناتوانن دایکانێکی باش بن بۆ منداڵەکانیان و ئەرکی دایکایەتییان بە شێوەی دروست پێ بەڕێوە ناچێ چونکە ئەوان هەموو کات بیریان لە لای چۆنیەتی دابینکردنی مەواد بۆ ئێعتیادەکەیانە. منداڵانی ئەو ژنانە لە هەست و سۆزی دایکایەتی بێبەشن و زۆر زوو بە لاڕێدا دەچن، بێ گومان لە بنەماڵەدا دایك و کچ پەیوەندییەکی قووڵتریان هەیەو کچان دایکانی خۆیان دەکەنە سەمبوولی ژیانیان هەر ئەوەشە کە زۆربەی ئەو دایکانەی ئێعتیادیان هەیە، دەبنە هۆی موعتادبوونی کچەکانیشیان خۆش باوەڕ بێ توانا، کەم هێز لە بەرامبەر گرفتەکان دا، بێ متمانەو بە ئاکام نەگەیشتوو لە ئەوین دا ...

ئەو کچانەن کە زۆر بە سانایی دەکەونە داوی ئێعیادەوە. ئەم کچانە لە





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوای گیرۆدەبوونیشیان نە تەنیا گرفتەکانیان چارەسەر نابێ بەڵکوو زیاتریش لە جاران هەست بە تەنیایی و تەریک کەوتنەوە دەکەن. کچانی کەم تەمەن بە بێ ئەوەی کە بزانن ئەو کارەیان چەندە مەترسیدارە، بۆ پڕکردنەوەی هەستی کونجکۆڵیی خۆیان روو دەکەنە بەکارهێنانی مەواد، کاتێك بۆ یەکەم جار بە کاری دەهێنن، لە ناخی دڵیانەوە هەست بە خۆشی دەکەن و هەر بۆیەش هەوڵ دەدەن لە رۆژانی دواتریش دا، بە هەر جۆرێك بێ هێندێکی دیکە وەدەست بخەن و بەکاری بێنن و بە بەردەوام بوون لە سەر ئەو کارە موعتاد دەبن کە دواتریش کشانەوەو وازهێنانیان دەبێتە کارێکی ئاستەم.

بە پێی هەواڵەکان لە ناوخۆی ئێرانەوە، دەرکەوتوە کە ئێستاکە کچان روویان کردۆتە بەکارهێنانی یەکێك لە مادده هۆشبەرەکان بە ناوی "شیشە"، ئەو ماددەیە کە کێشێکی ئەوتۆی نیەو بێ رەنگ و بۆنە، زۆر بە ئاسانی دەست دەکەوێ و بەو هۆیە کە شاردنەوەکەشی ئاسانە لە ئاستی قوتابخانەکانیش دا بڵاو دەکرێتەوە. کچان بەر لە بەکارهێنانی پێیان وایە کە بە کەڵك وەرگرتن لەو ماددەیە دەبنە خاوەنی ئەندامێکی رێك و پێك و جوان، کە بە تەواوی هەڵەیە. دیارە جێگای ئاماژەیە کە هێندێك لەو مەوادانە بۆ ماوەیەکی کاتی ئەندامی کەسی بەکارهێنەر جوان و رێك و پێك دەکەن.

نەبوونی زانیاری لە ژناندا لە سەر ئەو مادده هۆشبەرانە گەورەترین زیانی لەوان داوە. بە پێی لێکۆڵینەوەی رێکخراوی زانستی مادده هۆشبەرەکانی ئەمریکا، ئەو ژنانەی کە دەستدرێژیی جەستەیی و رەگەزییان کراوەتە سەر، چوار بەرابەر لە ژنانی ئاسایی زووتر گیرۆدە بە مادده هۆشبەرەکان دەبن. کارناسان پێیان وایە کە لە سەر زیاتر لە ۷۰ لە سەدی ئێعتیادی ژنان لە کۆمەڵگەی ئێران دا جێگای پێی پیاوان دیارە. بۆ نموونە ئەو ژنانەی کە مێردەکانیان موعتادن لە داهاتوودا بەشێکی زۆریان تووشی ئێعتیاد دەبن. بەو هۆیە کە پیاوی موعتاد بۆ ئەوەی کە خۆی لە دەست ئامۆژگاریی ژنەکەی رزگار بکا یان بەر لە جیابوونەوەی ژنەکەی بگرێ و هەروەها هاورێیەکیش بۆ خۆی بدۆزێتەوە لە کاتی سەرخۆش بوون دا هەوڵ دەدا بە هەر جۆرێك بێ شەریکە ژیانەکەی تووش بکا. جێگای ئاماژەیە کە زۆربەی ژنانی تووشبوو، بە هۆی کەڵك وەرگرتن لە سوورەنگی هاوبەش و جووتبوونەوە لە رێگەی تووش بوون بە نەخۆشی ئایدزو هیپاتیدیش هەڕەشەیان لێ دەکا.

باسی ئێعتیادی ژنان باسێکی زۆرو بەربڵاوە بەڵام لە کۆتایی دا دەڵێین کە لەبەرچاونەگرتنی ئێعتیادی ژنان ئاکامی زۆر خراپی بۆ سەر کۆمەڵگاکان لێ دەکەوێتەوە.

ئێعتیادی ژنان لەو سەردەمەدا لە تەواوی دونیادا دەبینرێ. هەر بۆیەشە کە دەبێ لە لایەن بەرپرسانەوە بایەخی پێ بدرێ و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

**کچانی بێ توانا، خۆش باوەڕ، کەم هێز لە بەرامبەر گرفتەکان دا، بێ متمانەو بە ئاکام نەگەیشتوو لە ئەوین دا ... ئەو کچانەن کە زۆر بە سانایی دەکەونە داوی ئێعتیادەوە**



**سەرچاوە: ـ مواد مخدر، امنیت اجتماعی و راەرسوم**
**ـ آسیب شناسی روانی**
**ـ علل گرایش زنان به مصرف مواد مخدر**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژن لە بەیتە کوردییەکاندا بەیتی "سوارۆ" وەك نموونە

✍ ڕەسووڵ سوڵتانی

کاتێك سەیری ئەدەبی نووسراوی گەلان دەکەی، نەك هەر تەنیا ئەدەبیات و هونەری نەتەوەی کورد، دەبینی ئەوەندەی پیاو لە گۆرەپانی هونەر و داهێنانی هونەری و ئەدەبیدا، بووە، هیچ کاتێك ژن ئەوەندە لەو مەیدانەدا نەبووە. هەتا ئێستاش لێکۆڵەران و توێژەرانی بوارگەلی کۆمەڵناسی و دەروونزانەکان و تەنانەت فەیلەسووفانیش هەرکام لە روانگەی جۆراوجۆرەوە هەرکامەیان کۆمەڵێك هۆکار دەهێننەوە و هێندێك پێیان وایە هەر ژن لە ناخ و جەوهەری خۆیدا کەمتوانایە. هێندێکیان پێیانوایە بە درێژایی مێژوو کولتوور و بازنەی بەرتەسکی پیاوسالاری رێگەی خۆ دەرخستن و داهێنانی پێ نەداون. ئەوەی من لەم کورتە وتارەدا دەمەوێت باسی بکەم، لێکدانەوەی ئەو هۆکارانە نیە. بەڵکوو تیشك دەخەمە سەر بوونی ژن لە بەیتە فۆلکلۆرییەکانی کورددا. ئەوانەی هۆگری بەیت و حەیرانن و ئەوانەش کە بەهەر هۆیەکی دیکە، لەم بوارەدا توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیان کردووە، باش دەزانن کە بەشێکی هەرە زۆری حەیران و بەیت و لاوکەکان و بەتایبەتی لای لایەکان، لە زمانی ژنی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە گوتراونەتەوە. هەرچەندە بە داخەوە زۆر دەگمەن لێرە و لەوێ چەند



چرکەیەك دەنگی ئەو ژنانە تۆمار کراوە. هەر بۆیە من حەز دەکەم ناوی (ژنگەلی بێ مێژوو)یان لەسەر دابنێم. ئەوانە ئەو شاعیر و هۆزانڤانە بێ مێژووانەن کە، بەشێکی هەرە زۆری دەقە فۆلکلۆرییەکانی کورد، هۆنراوەی ئەوانن بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا بەگوێرەی پێویست لایان لێ نەکراوەتەوە و هیچ باسێکیان لێوە نەکراوە. تەنانەت دواتر ئەوەی ژنانیش هۆندوویانەتەوە و چڕیویانن، پیاوان لێیان داگیر کردوون. ئەوەتا بەیتی "کاکە میر و کاکە شێخ" کە چیرۆکی کوژرانی دوو برای سوارچاك و جوامێرە و بەیتەکە بریتییە لە شین گێڕیی (ئەستێ و بوغدان) جووتە خوشکی ئەو دووبرایە(کاکە میر و کاکە شێخ) بەداخەوە لە هیچ شوێن و قوژبنێك شوێنەوارێك دەست ناکەوێت کە ئەم بەیتە بە دەنگی ئەو دوو خوشکە گوترابێتەوە. ئەوەندە نەبێت پیاوانی بەیت بێژ لە زمانی ئەوانەوە بەیتەکەمان بۆ دەڵێنەوە. لە حاڵێکدا ئەو بەیتە بۆ یەکەمجار (ئەستێ و بوغدان) بۆ شینی جووتە برای بەناهەق کوژراویان هۆنیویانەتەوە و چڕیویانە. بەڵام ئێستا ئێمە لە پیاوانی بەیت بێژی دەبیستینەوە نەك لەژنان...

بەیتی "سوارۆ"ش یەکێکە لەو دەقە فۆلکلۆرییانەی کە پڕاوپڕە لە رەگەزی شێعری و خەیاڵی ناسکی شاعیرانە، کە دڵنیام، دانەری ئەو بەیتە ناخی پڕ بووە لە شێعری خۆشەویستی. هونەری ئەو بەیتەش ژنە. ئەم بەیتەش بەمەرەدی دەقە فۆلکلۆرییەکانی دیکە چووە و پیاوان لە زمانی ژنەکەوە دەیڵێنەوە. دیسانیش هەر پیاوە نوێنەرایەتیی ژن دەکاتەوە.

بەیتی سوارۆ چیرۆکی رۆیشتنی فەرماندەیەکی سوارچاکە بۆ شەڕێکی پڕ لە مەترسی. سوارۆ بەر لەوەی بچێتە شەڕ، دێتە لای گراوی(مەعشووق)ەکەی و وێڕای ماڵاوایی و گەردن ئازایی، داوای ماچێکی لێ دەکات. بەڵام کچە پێی نادات...

**"... ئەوە دوێنێ سووکەڵە**
**سوارەکەی من دەچۆوە**
**سەفەری کاولە لەحسایە**
**دەیگوت کیژێ بێنە دوو**
**ماچم دەیە**
**بەسەری بەقوڕ و بە ملی**
**بەکوێنم هەی لاڵ بم**
**نەمدەدایە...**
**لە دوایی دەچوومەوە پێش**
**سووکەڵە سوارەکەی خۆم**
**زولفی خۆمم لەبەر دەگێڕا و**
**مەمکی خۆمم بۆ دەبردەوە**
**تکایە**
**دەمگوت سوارۆ شەرت بێ**
**بە شەرتی خوداو پێغەمبەران**
**ئەگەر تۆ بگەڕێیتەوە لەوێ**
**شەڕێ هەرامەتێ لەگەڵ**
**هەرایە**
**ئەمن سینگی خۆمت بۆ**
**بکەمەوە بە کاغەزێکی**

**مەرجان و مەمکی خۆمت بۆ بکەمەوە بە قەڵەمێکی فەرەنگی شەو هەتا ڕۆژێ لەسەری بکەیتەوە موتاڵایە....**

**وەرە سوار مەرۆ بەتەنێ..."**

***

لێرەدا ئەوەی لە هەموو شتێك زیاتر سەرنجمان ڕادەکێشێت ئەوەیە کە کچە لەو کاتە ناسکەشدا، ماچی پێ نادات و تەنانەت دواتریش کە خەم دای دەگرێت و دەچێتەوە پێش "سووکەڵە سوارەکەی خۆی..." دیسانیش ناچێتەوە ماچی پێ بدات، بەڵکوو دەچێت کۆمەڵێك مەرجی بۆ دادەنێت بۆ پێدانی ماچ و شەو ڕامووسانێ. کە دەبینین یەکەم مەرجەکەی ئەوەیە لەو شەڕە بگەڕێتەوە ئینجا ئەو "... سینگی خۆی بۆ دەکات بە کاغەزێکی...."

زۆریان گوتووە و هەر دەشیلێینەوە "لە پشت هەموو پیاوێکی سەرکەوتووەوە ژنێکی مەزن هەیە" بەڵام کەمتر نموونەی خۆماڵیمان بۆ دەهێننەوە. لەم بەیتەدا ئەو دیاردەیە بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت. لێرەدا ژن ناڵێ "وەگەڕێ و مەچۆ شەڕێ، ئینجا ماچت دەدەمێ..." بەڵکوو بەجۆرێك لە جۆرەکان هانی دەدات و هیواداریش دەکات ئەگەر بگەڕێتەوە نەك هەر ماچێك بەڵکوو لە نیشتیمانی سەوزی جەستەیدا سەربەست و ئازادی دەکات. دیسان هەر لە زمانی ئەو ژنەوە لە درێژەی بەیتەکەدا وێڕای ئەوەیکە ژنەکە بۆی دەپاڕێتەوە کە تیری ئەجەل دوور بێت و هاوارێ دەباتە بەر پیر و پیاوچاکان و بۆی دەپاڕێتەوە لە نەهامەتی بیپارێزن، هەر لەو کاتەشدا هانی دەدات کە دەبێ لە شەڕگەدا ئازا و نەترس و بەجەرگ بێت، ئەگینا کە باخی زەردە سێوان، بێبەریی دەکات. کەوابوو مەرجی ئەو ئازادکردنەی سوارۆ هەر ئەوە نیە بە سەلامەتی بگەڕێتەوە، بەڵکوو لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە پاڵەوانێتی بنوێنێت. کچە پێی دەڵێ:" ڕەبی سوارۆ ئەمن خەبەری مەرگی تۆم بۆ بێت نەك ئەوەی ببیستمەوە تۆ سەری لەشکرێ خۆت وەرگێڕاوە لەبەر هەزار و پێنجسەت سواران، نەکەی ئەمن خەجاڵەت و شەرمەزار بکەیتەوە لە نێو شەدەشل و خاڵ لەمل و ناسك و نازداران..."

لێرەدا خاڵێکی گرینگ و شاراوەی دیکەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە کچە، دیارە لە نێو کۆڕی دەستەخوشکانیدا زۆری تاریفاتی سوارۆ کردوە و وەك پاڵەوانێکی نەبەز بەوانی ناساندوە. هەربۆیە پێی خۆشە خەبەری مەرگی خۆشەویستەکەی ببیستێ بەڵام نەبیستێتەوە کە بەزیوە و ڕای کردووە ئەویش لەبەر چەند کەسان؟ لەبەر هەزار و پێنجسەد سوار! !

دیسان ڕۆڵی هاندەرانەی ژن لێرەدا بەرجەستە دەبێتەوە.

ئەو قەول و بەڵێنانەی کە کچە بە سوارۆی دەدات لە ڕووی دەروونزانییەوە ئەگەر سەیری بکەین، دەبێتە



هۆی پتەوتر کردنی وورەی جەنگاوەرەکە. خۆ ئەگەر سوارۆ بەردەوام بەس لەبیری ئەوە دابێت کە خێرا بگەڕێتەوە بەشکم نازدار حەیران سینگ و مەمکی بۆ ئاوەڵا بکات، ئەوە لەوانەیە ئەوەندەی خەیاڵی لای شەوژوانێکی داهاتوو بێت، نیو ئەوەندە بیری لە لای جەنگاوەرانی لەشکرەکەی و هێزی دوژمنەکەی و شێوازەکانی شەڕ و پەلاماردان و سەرکەوتن نەبێت. هەر بۆیە مەرجی ئەو پێککەیشتنە نەك تەنیا گەڕانەوە بەڵکوو سەرکەوتنی پڕ دەستکەوتە.

بە گشتی بەیتی سوارۆ یەکێکە لەو بەیتانەی کە هەتا ئێستاش هەر پیاوان دەی لێنەوە و هیوادارم مامۆستایانی شارەزای بواری موزیك و گۆرانیی کوردی تەنیا وەکوو گەنجینەیەکی فۆلکلۆری سەیری ئەو بەیتە و باقی بەیت و حەیرانەکان نەکەن، بەڵکوو من وەك خۆم بە پێویستی دەزانم ئەو مامۆستایانە کار لەسەر ئەوە بکەن، ئەوانە بگەڕێننەوە سەر دەراوی ڕاستەقینەی خۆیان و ئەو بەشانە لە بەیت و حەیرانەکان کە دیارە لە زمانی ژنانەوە گوتراون و دواتر پیاوان لێیان زەوت کردوونە، کارێك بکەن، کچانیان لێ هانبدەن سەرلەنوێ بیان لێنەوە. بەڕای من ئەوەش بەشێکە لە داهێنان و زیندووکردنەوەی ڕەسەنایەتی. دڵنیاش بن، ئەگەر کارێکی لەم جۆرە بکەن، مێژوو لە داهاتوودا لە لاپەڕەی زێڕینی خۆیدا ناویان بە نەمری و زیندوویی دەپارێزێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەو گەوهەرەی من لێی دەگەڕێم

**دایکی هاموون**

لەبەر هەیوانی ماڵی خۆمان سەیری بارینی ئەو کڵۆ بەفرانەم دەکرد کە چەندە بە ئارامیو بە نەرمیو بە سەماکردنەوە دەکەوتنە سەر زەویو شێوەو دیمەنێکی جوانو دڵگیریان دەدا بە دەوروبەرو یەك پارچە زەویان کردبوو بووکێکی سپیی بێگەرد.

لەناکاو قەڵەباڵغییەك سەرنجی راکێشام، حەزم دەکرد بزانم چ رووی داوە هەربۆیە بەرەو ئەو قەڵەباڵغییە چووم. کاتێك گەیشتمە وێ، ئەوێ گوڵستان بوو پڕ بوو لە گوڵی نێرگزوگوڵاڵەو ریحانەو وەنەوشەو مێخەك وجۆرەها درەختی میوەو پڕ بوو لە باڵندەی دەنگ خۆش، نەغمەی ئەو باڵندانە هێندەی دیکە ئەو ناوەی دڵگیرتر کردبوو.

ئەوێ هەمووی سەرسەوز جوان بوو، بەڕاستی بەم چڵەی زستانە، ئەم بەهارە ! ؟

ئەدی ئەو هەموو ژن و پیاو و پیر و گەنجە لێرە چ دەکەن ؟ چۆن ئەو بەهەشتەیان دۆزیوەتەوە .بۆوا مات و مەلوول و پەشۆکاون . لەم بەهەشتە حەسرەت خواردن و دڵتەنگی ! ؟

تێگەیشتم ئەوان لەم پارچە زەوی یە گەوهەرێکی زۆریان دۆزیبووە . بەهێواشی ئەسرینیان هەڵ دەوەراندو دەگەران . بەڵام بۆچی کەس بۆ بەشی زیاتر حەودال نیە. هیچیان کێشەیەکیان بۆبەشی زیاتر نیە؟ وادیار بوو هەموویان بەشیان بەم گەوهەرەی بەدوای دا وێڵ بوون، هەبوو.

بە هێواشی هەستم راگرت :

ژنێکی سك پڕ کە دانە دانە فرمێسکەکانی هەڵدەوەرایە سەر سکی گوتی : "ئەو گەوهەرەی من لێی دەگەڕێم، چاوەڕوانی نۆبەرەی ژیانی هاوسەریمان بوو.خۆشحاڵ بوو بەوەی رۆژێك بە بابە بانگ دەکرێ.بەڵام هەشت مانگ پێش ئێستا ئەوئاواتەیان لێ ستاندەوە.حووکمی ئێعدامیان بە نارەوا بەسەر دا سەپاندو لە ژیان بێبەشیانکرد."





بابێك کە لەولاترەوە دەستی بە سەر ناسکترین گوڵاڵەی ئەو ناوەدا دێنا گوتی: " ئەو گەوهەرەی من لێی دەگەڕێم ، ئامانجی خزمەت کردن بە وڵاتەکەی بوو. هێشتا پێی نەنابووە زانستگە. راپێچی زیندان کراو کوشتیان ."

دایکێك لە کاتێك دافرمێسکەکانی دەسڕیەوە گوتی : "ئەو گەوهەرەی من لێی دەگەڕێم ، لە زانستگە بوو.مەرامی سەربەستی و ئازادی بۆ وڵات بوو . مخابن گوڵی تەمەنیان هەڵوەراند."

لاوێك کە دوو حەڵقەی لە گەردنی چڵە نێرگزێك کردبوو گوتی : "ئەو گەوهەرەی من لێی دەگەڕێم ، هێشتا کەزی دڵی بۆ منی شەیدا ، نەکردبۆوە و هەر لەسەر شەقام لێیان داو شەلاڵی خوێنیان کرد ."

دایکێکی پیر بە کوورە کوورلە کاتێك دا مێخەكو ریحانەی لە بەرۆکی خۆی دەدا گوتی: "ئەو گەوهەرەی من لێی دەگەڕێم ، هەڵۆی شاخە بەرزەکان بوو . بۆ دیتن و هەڵمژینی هەواو گەیاندنی پەیامی ئاشتی هاتبۆوە زێدی خۆی، کەچی دڵی پڕ لە تاسەیان لە لێدان خست و شەهیدیان کرد ."

خوشکێك سەعاتی دەستی براکەی بەدەستەوە بوو، دەستی بۆ حەوا بەرزراگرتو گوتی:" ئەو گەوهەرەی من لێی دەگەڕێم ، هێشتا بوخچەی دڵی خۆی بۆ کچە نەشمیلانەکەی دراوسێمان نەکردبۆوە . لە ئێوارەیەکی پڕ لە تاسەو چاوەڕوانی دا بێ سەرو شوێنیان کرد و نەگەڕایەوە."

نەمتوانی زیاتر ببیستم لە جێی خۆم هاوارم کرد و گوتم: کەواتە با هەموومان دەنگمان بکەینە یەك و چی دیکە ئەو گەوهەرانەی هێشتا رەشەبای نەهامەتی دەستی وێرا نەگەیشتوون بپارێزین . ئێوەش چیدیکە بێ گەوهەر نەمێننەوە .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بە تاوانی کچ بوون!

وەرگێران لە فارسیەوە: سروە فەتاحی



واهەست دەکەم کە لە تەواوی مرۆڤەکانی دنیا چارەرەشترم، چونکە هەرچی دەروانمە ژیانی مرۆڤەکان، هیچ کەس وەکوو خۆم نابینم، هەر لەو کاتەوە کە چاوم بە ژیان هەڵێنا، هیچ کەس لەو دونیایەدا منی نەویست، دایکم ژنی دووهەمی باوکم بوو، باوکم لە ژنی ئەوەڵی چوار کچی هەبوو، بۆ ئەوەی کە کوڕی هەبێ لەگەڵ دایکم ژیانی هاوبەش پێك دێنێ، واهاتوو لە بەختی رەشی من منداڵی ئەوەڵی دایکم کچ بوو کە ئەو کچە داماوە جگە لە من کەسی دیکە نەبوو، بۆیان دەگێرامەوە کە شەوێك دوای لە دایك بوونی من باوکم لە چلەی زستان دا لە باوشم دەکاو دەمباتە دەرێ و لە پشت دەرگا دام دەنێ، پێم وایە کەس باوەر ناکا بەڵام ئەوە رووداوێکی راستەقینەیە لە ژیانی مندا، تا بەیانی لە کۆڵان مابوومەوە تا ئەوەیکە دەمەو بەیانی یەکێك لە جیرانەکەمان کە دەیهەویست بچێتە سەرکار من دەبینێت و هەڵم دەگرێتەوە و دوای ماوەیەکی کورت دەزانێ کە ئەوە منداڵی کێیەو لە دەرگای ماڵمان دەداو من دەداتەوە بە باوکم، رەنگە ویستی خودا وابووبێ کە من لە دنیادا بمێنمەوەو ئازار بچێژم.

هەر لە سەعاتی ئەوەڵی ژیانمەوە نێوی قەدەم رەشیان (بدشوم) لەسەر دانام، لە تەواوی ژیانی رابردووم ئەو شتانەی کە لە بیرمە هەر کوتان خواردن و کاری قورس لە نێو ماڵێدایە، لە کۆتاییش دا هەر بەچاوی تەرو گریانەوە سەرم لەسەر باڵنجەکەم دادەناو دەخەوتم، جێگای خەویشم لە ئەندامانی ماڵەوەمان جیابوو، حەقم نەبوو لەسەر سفرە دانیشم چون باوکم رقی لێم بوو، لە دوایی دا دایکم سێ کوڕی بۆ باوکم بوو بەڵام بارودۆخەکە بۆ من هیچ نەگۆڕا، هەموویان رق و کینەی خۆیان بەسەر مندا خاڵی دەکرد تەنانەت براکانی خۆشم، خۆشەویستیم لە هیچ کەس نەدی تەنانەت لە دایکیشم، جلوبەرگم کە جلوبەرگی کچەکانی دیکەی باوکم بوو و خواردنیشم پاشماوەی چێشتی ئەوان بوو، هیچ کات حەقی چوون بۆ میوانی و جەژنم نەبوو، کاروکاسبی باوکم خراپ نەبوو بەڵام من لە هەژارترین ئینسانی شارەکەش خراپتر ژیانم دەبردەسەر.

هەرچۆنێك بوو رۆژەکان رۆیشتن و من گەورەتر بووم، بەڵام هەر جلی کۆنەم لەبەردەکرد، هەر دەبوو تەواوی کارەکانی ماڵی خۆمان و زڕدایکم بەتەنیا کردبایەو دوای کارەکان نانم خواردبایە، بەو بارودۆخە راهاتبووم لە نێو خەڵك دا بە جۆرێکی سەیر چاو لێ دەکرام، هێندێك بە دڵسۆزی و هێندێکیش فشەیان پێ دەکردم، من برسی دەمامەوە چون کچ بووم، جلم نەبوو لەبەری کەم چون کچ بووم، ئینسان نەبووم چون کچ بووم، هیچ گرینگییەکیان پێنەدەدام چون کچ بووم، دایکم زۆرم لەگەڵ سارد بوو چون ئەو کاتەی لە دایك بووم بووبوومە هۆی ئەوەیکە باوکم لێی دوور کەوێتەوە، بە شین و رەش بوونەوەی گیانم و لێدان و ئەشکەنجە راهاتبووم، رۆژی خراپتریشم هەبوو، بەڵام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەمتوانی چی بکەم؟ پێم خۆش بوو یەکێك لە ئێوە بە جێگای من بوایەن ئەو کاتە لەو قسانەی من حاڵی دەبوون، زۆر باش لەبیرمە رۆژێکی زستان بوو دەچووم نان بۆ ماڵێ وەربگرم، کەوشەکانم کون بوون و ئاوی باران تەواوی لاقمی تەڕ کردبوو زۆر بە زەحمەت دەمتوانی بەرێگادا برۆم، نزیك ماڵی خۆمان یەکێك لە جیرانەکانمان بانگی کردم و جووتێك پۆتینی دامێ، لە پێم کرد، دوایی کە چوومەوە ماڵێ باوکم پۆتینەکانی دیت زۆری لێدام تا ئەو جێگایەی کە لەهۆش خۆم چووم!

لەبیرمە شەوێك باوکم مۆزی کڕیبوو، هیچ کات لەبیرم ناچێ، هیچ کات! هەموو لە ژووری دانیشتبوون و من بۆ سفرە راخستن چووم بۆ ئەو ژوورە، باوکم مۆزی دا بە هەموویان، باوکم کچەکانی ئەوەڵی زۆر خۆشدەویست، لەنێوان ژنەکانی دا دانیشتبوو هەموویان مۆزیان دەخوارد و من هەر چاوم لێ دەکردن! هیچ کات عەترو بۆنی ئەو مۆزەم لەبیر ناچێتەوە کە چۆن لەو ژوورە دا بڵاو ببۆوە!

سێ کوڕ لە ماڵێ بوون بەڵام هەر من دەبوو چووبایەم نانم بۆ ماڵێ وەرگرتبایە، رۆژێکی نانەوەخانە زۆر قەرەباڵغ بوو و درەنگ نۆبەی من هات، کاتێك چوومەوە ماڵێ باوکم منی بە کۆڵەکەی ژێرزەوی ماڵەکەمان بەستەوە و ئەوەندەی لێدام تا لە هۆش چووم، تەواوی گیانم خوێنی لێ دەڕژا، دەبوایە مردبایەم بەڵام لەسەگ گیانی خۆم سەرم سووڕ مابوو! خودا چ تاقەتێکی بە مندا بوو، سێ رۆژ لەوێ مامەوە.

رۆژێك کە دەمهەویست ژووری زڕدایکم خاوێن کەمەوە، یەکێك لە جلەکانی ئەو کچانەم لەبەر کرد و کەمێکم پووڵ هەڵگرتوو لە ماڵێ هاتمە دەرێ!

یەکەم جار بوو هەستم بە ئازادی دەکرد، وام دەزانی لەدەرێی ماڵی خۆمان هیچ کەس لەبەر ئەوەی کچم ئازارم نادا، بەڵام نا... لێرە هەموو کەس کچان ئازار دەدەن!!!

تا شەوێ لە پارکێك دانیشتم و لە دوایەدا کچێك هات بۆلام و لێی پرسیم لە ماڵێ هەڵاتووی؟ منی بۆ ماڵێکی گەورە برد کە هەشت کچی دیکەی لێبوو، هەموویان ئارایشیان کردبوو و جلی جوانیان لەبەر دا بوو، لەگەڵ من زۆر بە جوانی هەڵسوکەوتیان کرد، زانیم کاریان چیە. ئەوانیش وەك من ئازاریان چێشتبوو، ئێستاش بۆ





ئەوەیکە برسی نەمێننەوە کاریان دەکرد، لەشفرۆشی!!!

هەموو شەوێك چەند پیاو دەهاتن، شەوێك خاوەن ماڵەکە کە ژنێکی ٥٠ ساڵە بوو جلێکی کورتی بۆ هێنام و بەو کچانەی گوت ئارایشیان بۆ بکەن. ئەو شەوە کوڕێکی گەنج هات و تا بەیانی لەگەڵم بوو، زۆر گریام،

بەڵام دەمتوانی چی بکەم؟ کاتێك کە باوك و دایکی خۆم لەگەڵم ئەو جۆرە بوون، چی باشتر لەوە چاوەڕوانی منی دەکرد؟

ماوەیەك کە تێپەڕ بوو من بووم بە یەکێك لەو لەشفرۆشانە! ناچار بووم بمێنمەوە، لانیکەم لەوێ نان و جێگای خەوم هەبوو، زۆر شتم دی کە هیچ کات نەم دیتبوون و هیچ کات بیرم لێ نەکردبۆوە کە بوونی هەبێ، هیچ کات ئەو کارانەم نەکردبوو!

تەنیا تاوانی من ئەوە بوو کچ بووم. هیچ کات بیر لە بنەماڵەکەم ناکەمەوە بەڵام ئێستاش جێگای ئەو برینانە لەسەر دڵم ماوەتەوە، دەزانم داهاتوویەکی باشم نابێ، دەزانم ئەو رێگایە بە هیچ کوێ ناگا، بەڵام....



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چاوخشانێک بە سەر ژیانی دوازدەهەمین ژنی براوەی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبی دا

و: فەریبا وەیسی

"هێرتا مولێر" نووسەر، شاعیرو وتار نووس، لە دایکبووی رۆمانی، کە نیشتەجێی ئاڵمانە، وەك دوازدەهەمین ژنی براوەی خەڵاتی نۆبێل لە بواری ئەدەبیاتدا ناسێندرا.

ئاکادێمیی نۆبێل ئەمرۆ لە کاتێك دا (هرتا مولی)ی وەك براوەی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیاتی ساڵی ٢٠٠٩ی ناو برد کە زۆر کەس (ئاموس ئۆز) نووسەری ئیسرائیلییان وەك یەکەم شانسی وەرگرتنی ئەو خەڵاتە ناو دەبرد.

"هرتا مولر" لە دایك بووی (١٧ اوت ١٩٥٣) لە شاری "نیچیدرو" و لە بنەماڵەی جووتیارێکەو ئەگەرچی لە رۆمانی لە دایك بووە، بەڵام نیشتەجێی ئاڵمانە. ناوبراو شاعیر، وتارنووس و نووسەرێکە، کە بە هۆی باسکردن لە ژیانی نالەباری خەڵکی رۆمانی لە سەردەمی دەسەڵاتی "نیکولای چائوشسکو"دا لە کتێبەکانی دا ناوبانگی دەرکرد.

ناوبراو لە زانکۆی "تیمی شوارا" لە رشتەی ئەدەبیاتی رۆمانی و ئاڵمانی دا درێژەی بە خوێندن داو ساڵی ١٩٧٦ وەك وەرگێڕ بۆ کۆمپانیایەکی ئەندازیاری دەستی بە کار کرد. بەڵام دوای سێ ساڵ لەبەر ئەوەی هاوکاریی پۆلیسی ئەمنییەتی دەوڵەتی کۆمۆنیستی رۆمانی نەکرد لە سەر کار وەلاندرا.

"مولر" کە بە دوای ئەوەدا لە رێگای وانەگووتنەوەی تایبەتی زمانی ئاڵمانی و مامۆستایی لە باخچەی منداڵان ژیانی دەبردە سەر، یەکەم کتێبی لە ساڵی ١٩٨٢دا بە زمانی ئاڵمانی - رۆمانی چاپ کرد کە وەك زۆربەی کتێبەکانی ئەو کات بە سانسۆری زۆربەی بەشەکانی لە چاپ درا.

ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٧دا وێرای بنەماڵەکەی چوو بۆ ئاڵمان، لەم ساڵانەی دوایی دا لە زۆربەی زانستگاکانی ئاڵمان و دونیادا وتاری پێشکەش کردوە.

مولر کە ئێستا نیشتەجێی شاری برلینە لە ساڵی ١٩٩٥دا بوو بە ئەندامیی



ئاکادێمی شێعرو نووسەریی ئاڵمان.

مولر کە بوو بە دوازدەهەمین ژنی براوەی خەڵاتی نۆبێل لە رشتەی ئەدەبیاتدا، پێشتر خەڵاتی ئەدەبی جۆراوجۆری وەك خەڵاتی "فرانس کافکا" لە ساڵی ١٩٩ دا، خەڵاتی "ئەدەبیاتی بیرلین" لە ساڵی ١٩٩٨دا و خەڵاتی نێونەتەوەیی "ایمیك دوبلین"ی لە ساڵی ١٩٩٨دا وەدەست هێنا.

"دوریس لسینگ"ی ئینگلیس دوایین نووسەری ژن بوو کە لە ساڵی ٢٠٠٧دا توانی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبی وەدەست بێنێ و "سلمالا گرلوف"ی سۆئێدی یەکەم ژن بوو کە لە ساڵی ١٩٠٩دا خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبی وەدەست هێنا.

نووسەران و شاعیرانی ژنی دیکە کە توانیویانە خەڵاتی نۆبێل لە رشتەی ئەدەبیات دا وەدەست بێنن بریتین لە:

گراتزیا دلدا (ایتالیا/١٩٢٦)، زیگریداوندوست (نۆرویژ/١٩٢٨)، پرل باك (ئامریکا/١٩٣٨)، گابریلا میسترال(شیلی/١٩٤٥)، تلی ساچز/١٩٦٦)، نادین گوردیمر(ئافریقای جنوبی/١٩٩١)، تونی مورسیۆن(ئامریکا/١٩٩٣)، ویسلاوا شیمبورسکا(لەهێستان/١٩٩٦) ، والفرید جلینك(ئۆتریش/٢٠٠٤)

سەرەچاوە: ئینتێرنێت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

### کۆمیتەی پشتیوانی لە ڕۆژنامەنووسان:

# ئێران گەورەترین زیندانی ڕۆژنامەنووسانە لە جیهان دا

ئامادەکردن: ئایەت مرادی فەر

ماوەی سێ دەیەیە ئاخووندەکان دەسەڵاتێکی سەرەڕۆیانەیان بە سەر گەلانی ئازادیخوازی ئێران دا سەپاندوە کە لە مێژووی ئەم سێ دەیەدا توندوتیژترین شێوەی دیکتاتۆری لەم وڵاتەدا بە کار هێنراوە. دەیان ساڵ سەرکوتی جۆراوجۆر، هەر لە ئەشکەنجەو زیندانی کردنەوە بگرە هەتا کوشتنی خەڵکی ڕووناکبیرو جیابیری ئەم وڵاتە دەستی نەپاراستوە. لە دوای سەرهەڵدانەکانی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، ئێستا ئیدی ڕێژیم کەوتوتە نێو قەیرانێك کە دوا ساتەکانی تەمەنی خۆی دەژمێرێ. هەر بۆیە ڕێژیم لە هەر حەرەکەتێك کە لەم وڵاتەدا ڕوو بدا بە گومانە و بە شێوەیەکی دوور لە پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ سەرکوتی دەکا. کومیتەی پشتیوانی لە ڕۆژنامەنووسان، لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠٩ی خۆیدا ئاماژەی بەوە دا کە ئێران دوای چین گەورەترین زیندانی ڕۆژنامەنووسانە لە جیهاندا. بەشی فرەی پێشەکی ئەم ڕاپۆرتە، بە سەرکوت کردنی ڕۆژنامەنووسان لە دوای هەڵبژاردنەکانی دەیەمین دەورەی سەرکۆماری لە ئێرانەدا پێوەندیی هەیە، لەم ڕاپۆرتەدا هاتوە کە لە دوای هەڵبژاردنەکانی مانگی جۆزەردانەوە زیاتر لە ٩٠ ڕۆژنامەنووس لە ئێراندا دەستبەسەرکراون و



تا کۆتایی مانگی ساڵی زایینی هێشتا ٢٣ ڕۆژنامەنووسی دیکە هەروا لە زیندان دان. لە پێشەکی ئەم ڕاپۆرتەدا هاتوە کە دەسەڵاتدارانی توندڕەوی کۆماری ئیسلامی کە پشتیوانیان لە ئەحمەدی نژاد دەکرد دەیانزانی کە ڕاپۆرتی فیلمە خۆپێشاندەرانی خەڵکی ناڕازی دەتوانێ ڕەوشی لایەنی پاوانخواز لە دنیای دەرەوەدا بەرەو ناڵەباری ببا، هەر بۆیە تاقمی پاوانخوازی دەسەڵاتداری ڕێژیم ناوەندە هەواڵنێرەکانیان لە ئێراندا داخست و هەواڵنێرەکانیان لە ئێران دەرکرد. بە باوەڕی ئامادەکارانی ئەم ڕاپۆرتە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی چالاکیی میدیا نێونەتەوەییەکان بە بەشێك لە پیلانی وڵاتانی دەرەوەی دەزانێ بۆ بە نادێموکراتیک پیشاندانی هەڵبژاردنەکانی مانگی جۆزەردان و هەروەها دەڵێ کە ئەوان خەریکی ئاژاوەنانەوە و ڕێگە خۆشکردنن بۆ لە نێوبردنی کۆماری ئیسلامی، هەر بۆیە زیندانی کردنی ڕۆژنامەنووسانی بە بەشێك لەو تەوەهوومە دەزانێ. کومیتەی پشتیوانیی لە ڕۆژنامەنووسان هەوڵە نێونەتەوەییەکانیان بۆ ئازادکردنی ڕۆژنامەنووسان بە ئەرێنی زانیوە، بە تایبەت ئازادکردنی مازیار بەهاری هەواڵنێری ڕۆژنامەی نیوزویك کە لە دوای هەڵبژاردنەکاندا قۆڵبەست کرابوو، و زیاتر لە ١١٨ ڕۆژ لە سلوولە تاکەکەسییەکاندا مابووە. فەرید زەکەریا، بەڕێوەبەریی ڕۆژنامەی نیوزویك لە پێشەکی ڕاپۆرتەکەی دا، وتەکانی مازیار بەهاری کە لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە دەستبەسەرکرابوو خستەبەرباس و ئاماژەی پێ دا کە بەرپرسانی نێو زیندان بە ناوبراویان ڕاگەیاندوە کە ئێوە وەك کەسێکی ڕۆژنامەنووس پارەتان وەرگرتوە و هەواڵە نێوخۆییەکانی وڵاتتان بە دوژمنانی کۆماری ئیسلامی داوە و ئەمەش جۆرێکە لە سیخوڕیی بۆ وڵاتانی دەرەوە. بە وتەی فەرید زەکەریا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕەوتی سەرکوتکارییەکانی دوای هەڵبژاردنەکان، چالاکیە ڕۆژنامەگەرییەکانی بە تاوان لە قەڵەم داوە. ڕاپۆرتی کومیتەی پشتیوانیی لە ڕۆژنامەنووسان، ئامارێکی لە ڕۆژنامەنووسە کوژراوەکان و دەستبەسەرکراوەکانی ساڵی ٢٠٠٩ی وڵاتە جۆراوجۆرەکان خستەڕوو کە لەم ڕاپۆرتەدا هەروەها هاتوە ٢٣ ڕۆژنامەنووسی ئێرانی لە کاتی ئامادە کردنی ڕاپۆرتەکەیان قۆڵبەست و زیندانیی کراون. کومیتەی پشتیوانیی لە ڕۆژنامەنووسان لە مانگی ١ی فێوریەدا ڕاپۆرتێکی دیکەی بڵاو کردەوە کە ناوی ٤٧ کەس لە ڕۆژنامەنووسانی ئێرانی کە لەو مانگەدا لە زیندان دا بوون لە خۆ دەگرێ. هەر بۆیە لەم ڕاپۆرتەدا ئێران بە گەورەترین زیندانی ڕۆژنامەنووسان لە جیهاندا ناسرا.

سەرچاوە: سایتی بی بی سی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژنان و دێموکڕاسی

بەشی سێهەم

وەرگێڕان بە هێندێک دەستکارییەوە: سەید جەلالی ساڵحی

لەیلا زانا لە دایك بووی ٣ی مەی ١٩٦١ی زایینی لە زیندانیـیە سیاسی-یەکان و یەکێك لە سیما ناسراوەکانی چالاکی مافی مرۆڤ لە تورکیەیە. ساڵی ١٩٩١ ئەندام پارڵمانی ئەم وڵاتە بووە، بە تۆمەتی قسەکردن بە زمانی کوردی لە ساڵی ١٩٩٤ و لە کاتی سوێند خواردن لە پارڵمانی تورکیەدا بە ١٥ ساڵ زیندان مەحکووم کرا. لەیلا زانا لە ساڵی ١٩٩٥ لە لایەن پارڵمانی ئوروووپاوە براوەی خەڵاتی ساخارۆف بوو، بەڵام تا ساڵی ٢٠٠٤ کە لە زیندان بوو نەیتوانی خەڵاتەکەی وەرگرێ. ناوبراو ئێستا سەرۆکی ئەنجوومەنی بزووتنەوەی دێموکڕاتیك لە تورکیە دایە کە بزووتنەوەیەکی میانەڕەوە و لە نێو کوردەکان دا پێگەیەکی باش و بەرچاوی هەیە.

ژمارەو ڕێژەی کەمی ژنان لە پۆستە بەرزەکانی ڕێبەریدا، دەرخەری ئەو گیروگرفتانەیە کە ژنان لە وەدەست هێنان بە دەسەڵات وەکوو ڕێبەرانی حکوومەت یان بەرپرسانی دەوڵەتی لە وڵاتانی جیهان لە گەڵیدا بەرەوڕوون. ژنان ناوبەناو هێندێك پۆستی وەزاری تا ڕادەیەك گرینگیشیان بە ئەستۆوە گرتووە. ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دەیەی ١٩٣٠دا تەنیا یەك یان دوو ژنی ئەندامی کابینەکەی هەبووە. بیل کلینتۆن سەرۆك کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دەیەی ٩٠دا چوار ژنی بە پۆستگەلێك لە ئاستی وەزارەت و ژمارەیەکیشی بە پلەوپایە بەرزەکان لە کاروباری بەڕێوەبەری هەڵبژارد. تا ئێستا پۆستی گرینگی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا سێ جار لە لایەن ژنانەوە بەئەستۆ گیراوە کە بریتی بوون لە: خاتوو مادلین ئاڵبرایت لە کابینەی دووەمی کلینتۆن-دا، خاتوو کاندۆلیزا ڕایس لە کابینەی دووەمی جۆرج بووشدا و، هەروەها خاتوو هیلاری کلینتۆن کە هەر ئێستا(٢٠١٠) لە دەوڵەتی ئۆبامادا وەزیری کاروباری دەرەوەیە. ئیندیرا گاندی و مارگارێت تاچێر جیا لە پێگەی خۆیان وەك ڕێبەر، لە کابینەکەی خۆیاندا کەڵکیان لە ژنان وەرنەگرتووە. لە کابینەی وڵاتانی ئیسکاندیناوی و هۆڵەند و فەڕانسە (لە کاتی سەرۆك کۆماری میتران لە دەیەکانی ٨٠ و ٩٠دا) زیاتر لە ژنان کەڵك وەرگیراوە. نۆروێژ لە بواری ئەوەی کە زۆرترین ڕادەی ژنان پۆستی گرینگی دەوڵەتیان بەئەستۆوە بووە، پلەی یەکەمی هەیە، کە لەودا تەقریبەن نیوە(٤٠٪)ە لە دەوڵەتی کرێکاری بڕۆنتلاند لە ١٩٨٦ تا ١٩٨٩دا ژن بوون. لەسەر یەك ژنان لە وڵاتانی ئوروووپای ڕۆژهەڵات و وڵاتانی نیوە پیشەییدا،




کەمتر توانیویانە بە پۆستەکانی ئاستی وەزارەت بگەن. لە گەڵ ئەوەی کە ئەم دەرفەتە بووە کە ژنان لە ناوگەلێکی خۆش بەهرەمەند بن واتە، لە گەڵ خۆپاڵاوتنیان بە پێچەوانەی پیاوان زۆری پێویست بە پروپاگەندە نەکردوەو هەر زۆر زوو لە نێو کۆمەڵانی خەڵك دا جێ کەوتوون، بەڵام بەوحاڵەش زیاتر ڕۆڵی تەشریفاتییان بووە.

ژمارەی ئەو ژنانەی کە خاوەن پلەوپایە و دەسەڵاتی ڕاستەقینە بن زۆر کەمە. لە ساڵی ١٩٨٢دا پلانینتێس لە یوگۆسلاوی یەکەم ژن بوو کە لە وڵاتێکی ئوروووپای ڕۆژهەڵات وەك سەرۆك وەزیر دەناسرا و ئالێکساندرا بیریۆکۆڤا لە ساڵی ١٩٨٦دا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی(وەك مۆنشی) لە یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو هەڵبژێردرا. (لە یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوودا، زۆربەی ژنانی خاوەن پۆستی حکوومەتی، ناچار بوون کە پیشەیەکی تایبەتیتریان لە ئاستی ناوچە یان مەڵبەندەکەدا هەبێ). ژنان لە زۆربەی وڵاتانی ئامریکای لاتین بێبەش لە پۆستە وەزاریەکان بوون. دیارە کاستاریکا جیاواز بووە. لە ساڵی ١٩٧٩دا، ٢٥٪ی پۆستە حکوومییەکان بە دەست ژنانەوە بوون. لە دەیەی ١٩٨٠ لە ئاسیا جیا لە ژمارەیەکی کەمی ژنان نەبێ کە لە هیندوستان و سریلانکا لە پۆستی وەزارەتدا بوون، تەقریبەن حکوومەت بە تەواوی بە دەست پیاوانەوە بووە. ژنان لە ئافریقا تەنیا ٢٪ی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پۆستی وەزارەتەکانیان بووەو نیوە لە وڵاتەکان پۆستی وەزارەتی ژنیان نەبووە. (لە ناوەڕاستی ژانویەی ٢٠٠٦دا، بۆ یەکەم جار لە ئافریقا ئافرەتێك بە ناوی "ئێلێن جانسۆن سێرلیف" بە سەرۆك کۆماری لیبریە هەڵبژێردرا.)

سەرژمێریەکانی سەربە پۆستە بەرزەکانی ژنان خۆی لە خۆیدا جۆری پلەوپایەکان دەرناخا، دیارە ژنان وەك وەزیر لە کاروباری ڕاهێنان و بارهێنانی بنەماڵە یان گەشەکردنی کۆمەڵایەتی-دا دیاری کراون و لە پۆستە گرینگەکانی دارشتنی سیاسەتدا کە هەنووکە بە دەست پیاوانەوەن، بێبەشن. جیا لەو سەرکەوتنانەی کە ژنانی وڵاتانی ئیسکاندیناوی لە وەدەست هێنانی پۆستەکان لە ئاستی نەتەوەییدا بوویانە، بەشی زۆری ژنان لەم وڵاتانەدا پۆستگەلێك وەردەگرن کە لە گەڵ ڕۆڵەکانیان لەسەر بنەمای ناسنامە بەو جۆرەی کە لە کۆمەڵگادا باوە، دەگونجێنن.

**برەوپێدانی بەشداری کردنی ژنان**

لە سەدەی بیستەمدا، تەواوی ئەو لەمپەرو سنووردارێتییە ڕواڵەتی-یانەی لەمەڕ بەشداری کردنی سیاسیی ژناندا هەڵوەشێندراون. لە گەڵ تەواوی ئەوانەشدا، ژنان بێبەش لە پێگەیەکی شیاو لە پۆستگەلێکن کە دەسەڵاتی سیاسییان هەیە. لەم چەند دەیەی دواییدا بەشداریی ژنان لە بزاوتی سیاسی وڵاتەکەیان تا ئاستێکی زۆر سەرنجی نەتەوایەتی و نێونەتەوەییان بەلای خۆدا ڕاکێشاوە. چالاکی-یەکانی سەربە "دەیەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان"(١٩٨٥ ــــ ١٩٧٥) زانیاری لەسەر مەسەلە و باسەکانی پێوەندیدار بە ژنانەوەی بردۆتە سەرێ. سەرەڕای ئەوەش، ڕێکخراوە فێمینیستییە نەتەوەیی و نێونەتەوەیی-یەکان، حیزبە سیاسی-یەکان و، چالاکوانە نادەوڵەتییەکان زۆریان بۆ حکوومەتەکان هێناوە کە بە شێوەیەکی کاملترو باشتر لە بزاوتی سیاسیدا جێی ژنان بکەنەوە. دیارە ڕێکخراوە سیاسی و چالاکوانە نادەوڵەتییەکان دەتوانن ڕۆڵێکی گرینگ لە پێدانی دەسەڵات و توانایی بە ژنان بگێڕن. بۆ وێنە، "کومیتەی کانەدا بۆ ساڵی ٩٤" بە مەبەستی وەدەست هێنان بە یەکسانیی مافەکانی نێوان دوو ڕەگەزی ژن و پیاو لە پارڵمانی گشتی کانەدا تا ساڵی ١٩٩٤، لە ساڵی ١٩٨٤ دامەزرا. هەرچەند ئەم گرووپ و گرووپگەلی دیکەش گەڵاڵەی یەکسانیی مافەکانی ژنان لە بواری نوێنەرانەوە لە پارڵمان بە پێداگرتن و ڕاوێژکردنێکی زۆر بە پەسندیان گەیاند، نەیانتوانی لە پارڵمانی گشتی کانەدادا بە مەبەستەکەیان بگەن. "ئەنجومەنی نەتەوەیی ژنان" لە دانمارك کە لە ساڵی ١٨٩٩ دامەزراوە، نزیکەی یەك میلیۆن ئەندامی هەیە. ئەم ڕێکخراوە ڕۆڵێکی بایەخدار لە هاندانی بەشداری ژنان لە سیاسەتی دانماركدا دەگێڕێ. "ئەنجومەنی نەتەوەیی ژنان" لە فیلیپین هەوڵ دەدا کە مەسەلەی ژنان لە باسە نەتەوەیی-کاندا بەرەوپێشەوە بەرێ. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانیش ڕێکخراوگەلێکی وەك "کۆڕی دەنگدەرانی ژنان" و "ئەنجومەنی ژنە خوێندکارەکانی ئامریکا" بۆ بردنەسەری زانیاری و بەشداری مەدەنی لە نێو ژناندا خەریکی چالاکین. ژنان جیاواز لەو ڕۆڵانەی کە لە نێو ڕێکخراوە سیاسییە سەقامگیربووانەی وڵاتەکەیان هەیانە، لە دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە سیاسییانەش کە هێندێکیان تایبەت بۆ ئەندامانی ژنان و کاروباری ژنان تەرخان کراون، چالاك





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوون. ڕێکخراوگەلێکی وەك "حیزبی فێمینیستی کانەدا"، "حیزبی ژنانی شیلی" و "حیزبی نەتەوەخوازی ژنانی کۆرە" لە کۆرەی باشوور نموونەیەك لەم جۆرە ڕێکخراوانەن. هەر بەم هۆیەوە، بەشی زۆری ڕێکخراوە نەتەوەییەکان خاوەنی لقگەلێکی سەربە ژنانن کە مەبەست لە پێکهاتنیان، برەوپێدانی بەشداری کردنی ژنان لە نیزامی سیاسی و هەروەها هاندانی لایەنگری لە ئامانج و مەبەستەکانی ڕێکخراوەکەیان لە نێو ژنان دایە.

چالاکیی حکوومەت زیاتر بە شکلی پێکهێنانی وەزارەتخانە یان کومیتەیەکی یاسادانانی تایبەت بە پێداچوونەوەی بارودۆخی ژنان دەرکەوتووە. ڕاپۆرتی "یەکیەتیی پارلمانی" لە ساڵی ١٩٩١دا نیشان دەدا کە ٢٤ وڵات دەستیان داوەتە پێکهێنانی ڕێکخستنە حکوومی-یەکانی سەربە چاکسازی بارودۆخی ژنان لە ئاستی وەزارەتدا. ٥٧ وڵات خاوەنی ڕێکخراوگەلێکی دەوڵەتی لە ئاستێکی خوارووتر دان بۆ بارودۆخی ژنان کە دەکرێ ئاماژە بە "ئیدارەی ئازادیی ژنان" لە "وەزارەتی دامەزران و کاروباری کۆمەڵایەتی" هولەند و "کارگێڕی گشتی بارودۆخی ژنان" لە "وەزارەتی کارو بیمەی کۆمەڵایەتی" تورکیە بکەین. دیارە ئاکامە دراوەکانی ڕاپۆرتی یەکیەتیی ناوبراو سەلمێنەری کاریگەربوونی هەوڵی وڵاتان و دەستپێشخەری بە گۆڕانکاری لە نێوخۆی هەر وڵاتێکدا نیە. بێگومان زۆر لە دەوڵەتەکان هەوڵ دەدەن کە هۆگری خۆیان بۆ ڕۆڵ و بارودۆخی ژنان نیشان بدەن، بێ ئەوەی هیوا یان نیازێکیان بۆ دەستەبەربوونی ئامانجە ڕاگەیەندراوەکەیان هەبێ. زۆربەی قانوونە بنەڕەتییەکان و یاسا نەتەوەییەکانیتریش، هەڵاواردن دژی ژنان لە بەشداری کردنی سیاسیدا قەدەغە کردوە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژمارەیەك بەڵێننامە و بڕیارنامەدا، مەسەلەی هەڵاواردن دژی بەشداری کردنی سیاسیی ژنانیان هێناوەتە گۆڕێ. "بەڵێننامەی سڕینەوەی هەموو شێوەکانی هەڵاواردن دژی ژنان" لە ساڵی ١٩٧٩ لە کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان قبووڵ کرا. بەر لەو لە ساڵی ١٩٦٧دا، "جاڕنامەی سڕینەوەی هەڵاواردن دژی ژنان" لە کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسند کرابوو. ژنان لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، هەرچەند لە ڕووی یاساییەوە بەربەستێکی ئەوتۆیان نیە، بەڵام ڕۆڵێکی کەمیان لە گۆڕەپانەکانی سیاسیدا هەیە. تاقمێك لە وڵاتان لە پێوەرگەلێکی تایبەت بۆ چاکسازی بارودۆخی سیاسی ژنان کەڵك وەردەگرن، میکانیزمگەلێکی جۆراوجۆر بۆ بردنەسەری ژمارەی ژنانی فەرمانبەر داهێناون. بۆ وێنە، دەبێ ژمارەیەکی تایبەت لە پالێوراوەکان ژن بن، لە پێکهاتەی حیزبی سیاسیدا بڕیار دەدرێ کە ژمارەیەکی تایبەت لە ئەندامەکان ژن بن، کەواتە چەندین کورسییان بۆ دادەنێنن، یان ئەوەتا سەرۆکی دەوڵەت چەندین ئافرەت بۆ هێندێك لە پۆستەکان دیاری دەکا. ئەو نیزامانەی کە بۆ پیشەکانی چ لە ڕێگای هەڵبژاردن و چ لە ڕێگای دانانەوە بێ، سامیەیان بۆ دانابن، باو نین. هەوڵدانی ئەرێنی بۆ ژنان هەروەك شێوەکانی دیکەی هەوڵدانی ئەرێنی لە کاروباری سیاسی و تیجاریدا، مشتومڕی لەسەرە. ژنانی جیهان لە سەدەی بیستەمدا پێشکەوتنگەلێکی گرینگیان لە گۆڕەپانی سیاسیدا بووە. ئێستاکە لە کۆمەڵگا دێموکراتیکەکاندا، دەنگدان تەقریبەن یەکێك لە مافە سەقامگیربووەکانی تەواوی ژنانە. ژنان مافی هەڵبژاردن یان دانانی پیشە کۆمەڵایەتییەکانیشیان وەدەست هێناوە. بەڵام لە زۆرێك لە وڵاتە دێموکراتیکەکاندا، چالاکی سیاسی ژنان بەخسیری سنووردارێتییە کلتووری و ئابووریەکانە. تا ئەوکاتەی ئەم لەمپەرو بەربەستانە لەنێو نەبرێن، توانایی ژنان بۆ بەشداری کردن لە کاروباری دێموکراتیکی وڵاتەکەیان هەروا کەمتر لە توانایی پیاوان دەبێ.

### ژنان و مافی دەنگدان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان

مافی دەنگدانی ژنان ئاماژەیەکە بە مافی ژنان بۆ دەنگدان، مافێك کە لە زووەوە بە دوای سەقامگیرکردنی بنچینەی بەشداری دێموکراتیکی پیاوان لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا وەدەست هات. لە کاتی شۆڕشی ئامریکا، "ئەبیگێل ئادامز" خێزانی "جان ئادامز" کە دواتر بووە دووهەم سەرۆك کۆماری ئەم وڵاتە، لە نامەکانی خۆیدا بۆ ئادامز، گرینگیی دابەش بوونی دەسەڵات لە گەڵ ژنان، مافی دەنگدان و ڕادەربڕین لە حکوومەتە نوێیەکەیدا وەبیر دێناوە. بەڵام ئادامز قسەکانی هاوسەرەکەی زۆر بە جیددی نەدەگرت. ناوبراو و هاوتاکانیشی هیچ هەوڵێکیان بۆ تێوەگلانی ژنان لە چالاکییە سیاسییەکانی وڵات نەدا. تا دەیەی ١٨٤٠، ئامادەبوونی ژنان لە گۆڕەپانی گشتیدا زۆر هەستیارتر بووەو ژنان ویستەکانیان دوگمتر کردنەوە تا بۆ بەرینترکردنەوەی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیان دەسەڵات و توانایی خۆیان وەدەست بێنن. لە دەیەکانی ١٨٤٠ و ١٨٥٠ی زایینی چالاکییەکانی ژنان سێ ئامانجی چاکسازیی کۆمەڵایەتی لەخۆ گرتبوو:

ئەلف) بزووتنەوەی دووری کردن لە بەکارهێنانی مەشرووباتی ئەلکولی.

ب) بزووتنەوەی دژی کۆیلەداری.

ج) بزووتنەوەی مافەکانی ژنان.

زۆربەی لایەنگرانی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەداری، وەکوو "ئەلیزابێت کیدی ئێستانتۆن"، "لوکریشیامات" و "هێنری وارد بیچێر"، هەم داکۆکی-یان لە پێدانی مافی دەنگدان بە ژنان کردووەو هەم هەڵوەشاندنەوەو سڕینەوەی کۆیلەداری.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژنانی نێو کۆڕی خەبات

**دیمانە: ژنان**

**گۆڤاری "ژنان" لەم گۆشەیەدا وتووێژی لەگەڵ "ئایشێ مەحموودی" هاوسەری شەهید مەلا خدر رەسووڵ پوور کردوە کە ساڵانێکی دوورو درێژ لەگەڵ هاوسەرەکەی لە خەبات دابووەو ئێستاش درێژەدەری رێبازی هاوسەرەکەیەتی.**



مەلا خدر رەسووڵپوور



ئایشێ مەحموودی

**پ: وەك یەکەم پرسیار تکایە خۆت بناسێنە؟**

و: من ناوم عایشێ مەحموودی خەڵکی شاری پیرانشارم، ساڵی ١٣٤٠ لە دایك بووم. پێنج منداڵ واتە سێ کوڕو دوو کچم هەیە کە هەموویان لە نێو شۆڕش دا لە دایك بوون بە ناوەکانی حاتەم کە کوڕی گەورەمەو لە گوندێکی باشووری کوردستان بە نێوی زێوێ لە دایك بووەو دواتر شنەو ساوێن لە گوندێك بە ناوی گەڵوەرەز کە ئەویش لە باشووری کوردستانەو ئارام کە ئەویش لە کونەمارو ئاوارەش لە حاجیاوا لە دایك بووە. ئێستا لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان درێژە بە ژیان دەدەین و هاوسەرەکەشم لە شۆڕش دا گیانی خۆی بەخت کردووەو ئێمەش درێژەدەری رێگای ئەو هەموو شەهیدانەی کوردستانین. یەکەم جار لە شارەکەی خۆمان کە پێشمەرگەی لێ بوو و منیش خاڵم پێشمەرگە بوو زۆر هاتووچۆی پێشمەرگەکانم دەکردو نان و شتم بۆ دەبردن، بە هۆی خاڵمەوە حاجی گوڵاوی کە ئێستا دانیشتووی وڵاتی ئەمریکایە توانیم ئەو پێشمەرگەیە بناسم و دواتر داوای منی کردو منیش مێردم پێ کرد، مێردەکەشم خەڵکی شاری سەردەشت بوو ئەو بۆ کاری حیزبی هاتبوو بۆ ناوچەکەی ئێمە، ناوی هاوسەرەکەشم مەلا خدر رەسووڵ پوورە کە بە مەلا خدری مام کاوێ ناسراوە ئەویش کوڕی بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەرو حیزب دۆست بوو.

**پ: جەنابت چۆن بۆ پەیمانی هاوسەرێتی لەگەڵ پێشمەرگەیەك بەست؟**

و: بە بڕوای من جیاوازی زۆرە لە بەر ئەوەی ژنی ئاسایی کە لە ماڵەوەیەو خەریکی کاری ماڵ و منداڵ و بەخێو کردنی خۆیەتی و رەنگە زۆر بە ئاسایی بژی و هیچ خەمێك و ناخۆشییەکی نەیەتە سەر رێگاو تووشی هیچ ئازارو خەمێکی وا نەبێت واتە بە گشتی بڵێین ژیانێکی خۆش و ئاسوودەی هەیە. بەڵام ژنی نێو شۆڕش فەرقی هەیە لە بەر ئەوەی ژنی نێو شۆڕش لە شۆڕش دا لەگەڵ برا پێشمەرگەکەی خەریکی کارو تێکۆشانی سیاسییە، لە هەموو خۆشی و ناخۆشییەك کە تووشی شۆڕش دێ بەشدار دەبێ لەوانە کە شۆڕش لە شاخ و چیاکان و شوێنە سەختەکانی کوردستان و دوور لە هەموو خزم و کەس و کارو شارو گوندەکەی خۆی دەبێ، زۆر جار وای لێ دێ هەر ئاگای لە کەسی خۆی نەبێ چەندەها ناخۆشی دیکە، ئەو هەموو شەڕو تۆپباران و ماڵ بارکردن و ماڵ رووخان و هەندێك جار دیتنی شەهیدبوونی پێشمەرگە و دیتنی هەموو ئەوانە زۆر تەئسیری دەبێ و ناخۆشە لە بەر ئەوە ژنی نێو شۆڕش زەحمەتی زۆرتر دەبینێ و ئازار دەکێشێ ئەو جیاوازییانە هەیە.

**پ: بە بڕوای جەنابت جیاوازکانی ژیانی ژنی ناو شۆڕش و ژنێکی ئاسایی کامانەن؟**

و: وەك رازی لە ژیانی خۆم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نازانم چۆن باسی بکەم لە بەر ئەوەی من هەموو ژیانم لە نێو شۆڕش دا بوو.

**پ: باجی ئایشێ چەندە لە ژیانی خۆی رازیە؟**

و: رەنگە ناخۆشییەکی زۆر زۆرم دیبێ خۆشیش هەبووە بەڵام زۆرتر ناخۆشی بەڵام تا رادەیەك لە ژیانی خۆم رازیم ئەویش بە هۆی خۆشەویستی شۆڕش و حیزبەکەمە کە چەند ساڵە تێیدا خەبات دەکەم، لە هەموو خزم و کەس و کارم دوور کەوتوومەوە تەنانەت ئێستا هەندێکیان هەر ناناسم لەوانە نیزیکترین کەسی خۆشم کاتێك کە خزم و کەس و کارم تووشی خۆشی یان ناخۆشییەك دەبن و من تێیدا بەشدار نیم ئەوانە هەموو تەئسیری زۆری هەیە لە سەر ژیانم. بەڵام من ژیانی خۆم هەموو بۆ شۆڕش تەرخان کردوە بیر لە هیچ شتێکی تر ناکەمەوە تەنها سەرکەوتنی حیزبەکەم و وڵاتەکەم تا مردنیش شانازی بەو ژیانە دەکەم تازە هیچ شتێك ناکرێ و ئەمە ژیانی منە تەنانەت خۆشەویسترین کەسم لە دەست داوەو هەر لە نێو شۆڕش دا کە هاوسەرەکەمە.

**پ: روانگەی جەنابت لە سەر ژنانی ناو خۆ چۆنە؟**

و: وەڵا داوا لە ژنانی نێوخۆ دەکەم کە ئەوانیش وەك ژنانی نێو شۆڕش هەوڵ بدەن بۆ ئازادیی وڵات و خاکەکەیان کە هەر چەندە ئەوان ناتوانن لە نێو شۆڕش خەبات بکەن بەڵام دەتوانن لە نێو شارو گوندەکەی خۆیان بە هەر جۆرە شتێك بێ دەتوانن هەوڵ بدەن بۆ وەدەست هێنانی مافەکانی خۆیان و بۆ ئاسوودەیی ژیان لە نێو خەڵك و گەل و حیزبی خۆیان نەك لە ژێردەستی.

شێوازەکانی خەبات زۆرە دەتوانین لە هەموو رێگایەکەوە هەوڵ بدەین هەروەها زۆر ژنی قارەمانیشمان هەیە لە نێوخۆدا زۆر خەباتیان کردووە تەنانەت هێندێکیان زیندانی کراون یان حەکمی ئێعدامیان هەیەو هیوادارم ژنانی نێوخۆش هەموو هەوڵێك بدەن بۆ ماف و ئازادییەکانیان.

**پ: بارودۆخی ئێستای ژنانی ئێران چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

و: بارودۆخی ژنانی ئێستا فەرقی زۆرە ژنانی ئێستا بەداخەوە رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران زۆریان سەرکوت و ئەشکەنجە دەکاو زەوت کردنی مافەکانیان و ئازادییەکانی ژن پێشێل دەکا. لە زۆر رووی دیکەوە لە رێگای ئێعتیادو لەش فرۆشی کە ئێستا دیاردەیەکی زۆر خراپ و ترسناکە کە لە ئێران دا لە نێو ژنان دا زۆر بڵاو بۆتەوە ئەویش هەمووی بە هۆی هەژاری و کەم دەرامەدییەوەیە کە ئێستا بە هەزاران ژن لە گرتووخانەکانی رێژیم دان و زیندانی و ئێعدامیان بۆ بڕیونەوە بە بێ ئەوەی هیچ کارێکی غەیرە یاساییان کردبێ و بە بێ دادگایی کردنی دەخرێنە زیندانەوە لە بەر ئەوەی تەنها داوای ماف خۆیان کردوە. بۆیە ژنانی ئێران لە بارودۆخێکی زۆر باش دا نین هەر وەك ئەو رووداوانەی ئەم دواییە کە لە ئێران هاتە ئاراوە کە چەندین کچ و ژنی بێ تاوان خەڵتانی خوێن کران بە بێ هیچ هۆیەك تەنها لە سەر ماف و ئازادییەکانی خۆیان بە بێ ژنانی ئێران زۆر باش نیە من وای دەزانم.



حاتەم ئاوارە خاتوو ئایشێ ئارام ساوێن

**پ: هاوڕێیەتی باجی ئایشێ و یەکیتی ژنانی دمکرات چۆن هاوڕێیەتیەکە؟**

و: هاوڕێیەتی من لەگەڵ ئەم رێکخراوەیە زۆر باشە کە هەروەك ئەندامێکیش لەو رێکخراوەیە دام و هەموو هاوکارییەکم کردوون کە ئەوان بە منیان گوتبێ هیچ دریغیم نەکردوە پەیوەندییەکی باشم هەیە لەگەڵ ئەم رێکخراوەیە هیوادارم سەرکەوتوو بن و هەوڵ بۆ ماف و ئازادییەکانی ژنان بدەن.

**پ: پێشنیارت بۆ ژنانی کورد چییە؟**

و: پێشنیارم بۆ ژنانی کورد ئەوەیە کە وەك هەموو ژنانی جیهان هەوڵ بدەن بۆ مافەکانیان و تا بە ئازادی بگەن بە تایبەت ژنی کورد کە زۆر ئازاو قارەمانەو نموونەی زۆریشمان لە ژنی کوردی ئازاو قارەمان هەیە. جا هیوادارم ژنی کوردیش هیچ خۆ بە کەمتر لە ژنانی دونیا نەزانن و هەموو هەوڵێکی خۆیان بدەن بۆ ئازادی ژن لە کۆمەڵگادا.

**پ: دوا وتەی باجی ئایشێ؟**

و: دوا وتەم ئەوەیە کە هیوادارم ژنان بە مافەکانی خۆیان بگەن و کوردستانمان ئازاد بێ.

**پ: جەنابت چەندە بە داهاتوو گەشبینیت و ئاواتەکانت چین؟**

و: گەشبینم بە داهاتوو هیوادارم داهاتوویەکی باشم هەبێ لە بەر ئەوەی رابردووم هەمووی ژیانی شۆڕش و ناخۆشی دنیام تێدا بەرێ کردوە جا بۆیە هیوادارم داهاتوویەکی گەش و باش بۆ منداڵەکانم هەبێ بە ئازادی لە وڵاتەکەی خۆم لە نێو خزم و کەسەمانم دا بژیم و ئاواتی منیش وەك هەموو کەسانێك ئەوەیە کە یەکەم شت ئازادی کوردستانە، لەوانەیە هەر ئەو ئاواتەم هەبێ کە لە هەموو ئاواتەکانم گەورەترە، ئینشاڵڵا ئاوتەکانمان دێتە دی و دەچینەوە نێو خزم و کەس و کاری خۆم و لەگەڵ منداڵەکانم دا بە سەربەرزی بژیم. لە کۆتایی دا زۆر سوپاسی ئێوە دەکەم ئەزیەتتان کێشا هیوادارم سەرکەوتوو بن و گۆڤارەکەشمان رێك و پێکتر بێ و کاری جوانتر بکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژن ئەستێرە

# دوکتور سیمینی دانیشوەر

ئا: دایکی یەسنا

"سیمینی دانیشوەر" نووسەر و وەرگێڕی ئێرانییە. ئەو یەکەم ژنی ئێرانییە کە بە شێوەی حیرفەیی بە زمانی فارسی چیرۆکی نووسیوە. گرینگترین بەرهەمی ئەو رۆمانی "سووەشوون"ە کە زمانێکی رەوانی هەیەو بە ١٧ زمان وەرگێڕدراوەتەوەو یەکێکە لە پڕ فرۆشترین بەرهەمەکانی ئەدەبیاتی چیرۆك لە ئێران دا. خاتوو سیمین هەروەها ئەندام و یەکەمین بەرپرسی ناوەندیی نووسەرانی ئێرانە. سیمینی دانیشوەر ساڵی ١٣٠٠ لە شیراز لەدایك بوو. ئەو کچی محەمەدعەلی دانیشوەر (دوکتور)و قەمەروسەڵتەنەی حیکمەت (مودیری هونەرستانی هونەرە جوانەکانی کچان و وێنەکێش) بوو. خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لە قوتابخانەی بریتانی "میهرئایین" تێپەڕ کردو لە تاقیکاری کۆتایی دیپلۆم دا وەك قوتابی یەکەم لە ئاستی وڵات دا ناسرا. دواتر بۆ درێژەدانی خوێندن لە بەشی ئەدەبیاتی فارسی دا رۆیشتە دانیشکەدەی تاران.

دانیشوەر پاش مردنی باوکی ساڵی ١٣٢٠ دەستی دا بە نووسینی وتار بۆ رادیۆ تاران و رۆژنامەی ئێران هەڵبەت بە نازناوی "شیرازی بێ ناو" بابەتەکانی بڵاو دەکردنەوە. ساڵی ١٣٢٧ کۆمەڵە چیرۆکی ئاگری کوژاوە"ی بڵاو کردەوە کە یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکە کە نووسەری ژنی هەیە (لە ئێران دا)و چوتە ژێر چاپەوە. هاندەرانی دانیشوەر لە چیرۆك نووسی دا فاتمە سیاح و سادقی هیدایەت بوون. هەر لەو ساڵەش دا لەگەڵ جەلالی ئالی ئەحمەد ئاشنا بوو کە دواتر پێکەوە زەماوەندیان کرد. ساڵی ١٣٢٨ بە وەرگرتنی مەدرەکی دوکتوای ئەدەبیاتی فارسی خوێندنی لە زانکۆی تاران تەواو کرد.

دوکتور سیمینی دانیشوەر ساڵی ١٣٢٩ لە کاتێك دا کە دەرۆیشت بەرەو شیراز لە پاس دا لەگەڵ "جەلالی ئالی ئەحمەد" ئاشنا بوو، و هەر لەو ساڵەش دا پێکەوە پەیمانی هاوسەرێتیان بەست. دانیشوەر ساڵی ١٣٣١ بە وەرگرتنی بورسی خوێندن رۆیشتە زانکۆی "ئەستنفۆرد" و لەوێش بۆ ماوەی دوو ساڵ لە بەشی جوانناسی دا دەرسی خوێند. ئەو لەو زانکۆیە لە لای "والاس ئەستنگر" چیرۆك نووسی و لە لای "فیل پریك" شانۆنامەنووسی فێر بوو.



لەو ماوەیەدا دوو کورتە چیرۆکی دانیشوەر بە زمانی ئینگلیزی لە ویلایەتە یەکگرتووکان چاپ کرا.

دوای هاتنەوەی بۆ ئێران، دوکتور دانیشوەر لە هونەرستانی هونەرە جوانەکان کاری مامۆستایەتی کرد. دواتر ساڵی ١٣٣٨ بوو بە مامۆستای ئاسەوارناسی و مێژووی هونەر لە زانکۆی تاران. ماوەیەك بەر لە مردنی "ئالی ئەحمەد" ساڵی ١٣٤٨ "سوشون"ی بڵاو کردەوە، ساڵی ١٣٥٨ لە زانکۆی تاران خانەنشین بوو. سیمین بەردەوام وەك داهێنەرێکی بەرهەمە کەم وێنەکان لە ئەدەبیاتی چیرۆکی ئێران دا ناو دەبردرێ.

کتێبەکانی دانیشوەر:

یەکەمین بەرهەمەکانی دانیشوەر بریتین لە:

کۆمەڵە چیرۆکی ئاگری کوژاوە - (١٣٢٧) — وە شارێك وەك بەهەشت (١٣٤٠)و هەروەها وەرگێڕانی بەرهەم گەلێك لە بێرناردشاو (سەربازی شەکولاتی ١٣٢٨)، ئانتوان چخرف (دوژمنان ١٣٢٨)، ئالن پیتۆن (بناڵەوەتەن) و ناتانیل هاسورن (پەڵەی شەرم)و ...

بە ناوبانگترین بەرهەمی دانیشوەر رۆمانی سووشوون (١٣٤٨) وەك خۆی دەڵێ ئەو رۆمانە باس لە رووخانی دەوڵەتی موسەدیق لە ساڵی ١٣٣٢دا دەکات. هەروەها بەرهەمەکانی دیکەی چل تووتی (لەگەڵ ئالی ئەحمەد)، سڵاو لە کێ؟ (١٣٥٩) و وەرگێڕانی مانگی هەنگوینی هەتاوی (١٣٦٢). ئەو چەند بەرهەمێکی غەیرە چیرۆکیشی هەیە وەك: ئاوابوونی جەلال (١٣٦٠) ...

گرینگترین بەرهەمەکانی دانیشوەر دوای شۆرشی گەلانی ئێران بریتین لە رۆمانەکانی دورگەی سەرلێشێواوی (١٣٧٢) و سەربازە سەرگەردانەکان کە باس لەو رووداوانە دەکا کە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران روویان دا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org





# بەشی ئەدەبی














کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# من ئەو نیشتمانەم خۆش ....

باران

سەربەرز نیم بە نیشتمانێك بە لە دایك بوونی من دایكم ماتەم دای بگرێ.

ئەو خاكەم هەرگیز خۆش ناوێ كچانی عاشقی تێدا زیندەبەچاڵ بكرێن [1].

بەرد و دارەكانی ئەو نیشتمانەشم خۆش ناوێ .... مەرگی دۆعام بیر ئەخەنەوە.

كوا جوانە ئەو نیشتمانە! بۆ لە جیاتی جوانییەكانی سەرنجم رابكێشێ، جەستەی كچە خنكێنراوەكان لە ئاوەكانیا دەبینم.

لە جیاتی گوڵاڵە سوورەی بەرقەدی كێوەكانی، تەرمی بە گوللە ئاژن ئاژنی كەژاڵ و شەوبۆ چارەرەش و تریفە سەربڕاوەكان دێنەبەرچاوم!

من بێزارم لە نیشتمانێ جەستەی كچە ئاشقەكانی تێدا بشێوێندرێ، قاقای پێكەنینیان تێی دا قەدەغە بێ ... وای لەو نیشتمانە! بە دەنگی ناڵەی دایك و چزە چزی گۆشتی برژاوی لەشی ناسكی كچەكانیان شەرم دای نەگرێ. وای لە نیشتمانێ مێینەكانی گومان لە زیندوو بوونی خۆیان بكەن و كیژەكان شەرم لە هەڵتۆقینی مەمكۆڵەكانیان بكەن.

.... نێرینەكان كۆت و پێوەند لە دەست مێنەكان دەكەن و تۆقی زەلیلیان دەكەن مل، بە بسك و كەزییەی خۆیان دەیانخنكێنن. ئەو نیشتمانەم خۆشبوێ؟

بەرزی باڵای چیاكانی ببنە قەتڵگای مێیینەكان و..... ئەو مێینانەی بە شەرمەزاری دەمرن و كەس لە هۆكاری هەڵخەڵەتانیان ناكۆڵێتەوە.

شەرمەزار نیە ئەو نیشتمانەی تێی دا لووتی كەژاڵەكان دەبڕن و جەستەی ژنە دووگیانەكان بەرشەق دەدەن و..... بە هەڵوەریویش پەری گوڵاڵەكان پێشێل دەكرێن.

ئەوە نیە قوبادی جەلی زادەش دەڵێ: "لە رۆژی خۆشەویستیدا خەڵك هەن خەنجەرەكانیان تیژ دەكەنەوە بۆ كوشتنی ژن و جوانی... دەك دەستتان بە برین چێت شەمشەمە كوێرەكان، پیاوانی سەدەی تاریكی."

ئەوان هێزی پیاوەتیان لە پەردەی كچێنی كچەكاندا دەبیننەوە و چێژ لە رووتبوونەوەی جەستەی ژن دا دەبینن. چ زیرەكانە سیمای ئەخلاقیان بەخۆیان گرتوە ؟! كەچی لە كووچەو كۆڵان و شەقامەكان، دەمانكەنە نێچیری چاوە هەوەسبازەكانتان و بێزارمان دەكەن!

ئەی ئەو زمانەی لە جیاتی چێژی لێوەرگرین، وەك چزووی ماری ژەهراوی لە وشەكانی ئەترسین.

... . سەری رێز بۆ ئەوانە دانانوێنم بە خۆیان ئەڵێن رزگاریدەری نیشتمان! كەچی هەر تۆز و تەمی پاساوی شەرەف و ئابروو بۆ ئازارەكانمان دێننەوە و نیشتمان دەكەنە قوربانی بەرژەوەندی خۆیان .

ئای خوا لەم نیشتمانە پڕ ئازارە!

بۆ وا دەكەن! بۆ شادی و بڕوا و سەربەرزی ئەو نیشتمانە لە ناو دەبەن؟ خۆشەویستی لەت و پەت دەكەن، شادی، ژیان و ئاشتی لە پەنا و پەسیوەكانا دەنێژن! جوانییەكان دەشارنەوە و عەشق لە تاریكییا بێدەنگ دەكەن، بۆ وا دەكەن؟

ئەم وڵاتەتان بۆ كردۆتە دۆزەخ، بۆ ؟! بۆچی رابردوویەكی شەرماوی بۆ ئەم نیشتمانە دروست دەكەن؟ بەسە تا كەی گوڵ و جوانی و هەتاوی ئەم نیشتمانە دەمرێنن؟

**[1] لە مانگی رێبەندانی١٣٨٨دا هەواڵێكی دڵتەزێن لە هێندێك لە سایتە كوردییەكاندا بڵاوبۆوە: "لە باكووری كوردستان باوكێك كچە ١٦ ساڵەكەی بە هۆی ئەوەی لەگەڵ كورێك پێوەندی خۆشەویستی بەستبوو، لە حەوشەكەی ماڵی خۆیدا چاڵی هەڵكەند و بە زیندووی خستیە ناو چاڵەكەوە پاش ماوەیەك مەرگی كچەكە ئاشكرا بوو - ئەم هەواڵە و یەكێكی دیكە كە ئەویش كەم تاڵتر نەبوو لەویتریان بوون بە هۆی ئەوەی ئەم چەند دێرە پڕ لە ژانە بنووسم .**

# بێدەنگی ئارامی لــێ هەڵگرتووم....!

كوێستان

بە راكشانەوە چاوم لە تلەویزیۆن دەكرد. كۆنترۆڵەكەم بە دە ستەوە بوو هەر جارێ دەمبردە سەر كاناڵێك، ٨ی مارسە... دەمویست بزانم كاناڵەكانمان بەم بۆنەیەوە چییان هەیە! لەپڕ كەوتم بەسەر كاناڵێك دا ژنێك بە دوو دەسرە سەمای دەكرد. وەم زانی بە بۆنەی ٨ی ماسەوەیە، لە بەرخۆمەوە وتم سەما بۆچی! وەزعی ژنان لەم وڵاتەی ئێمە زۆر باشە سەمای بۆ دەكەن؟ بیر كردنەوەكەم هەڵە بوو\ئەم ژنە لە خۆشی سەركەوتن و بەرێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازادانە دا سەمای دەكرد!

دەتوت ئەم شادییە هەر هی ئەوانە، ئاخر وەبیر قسەی دوێنێی یەكێك لە چاوەدێرەكانی سەر سندووقەكە كەوتمەوە، بە زمانێكی زبر و رەق وتی من هەر ئەمزانی ناوەكانی ئێوە موشكیلە دروست دەكەن! وتم بەرێز گیان هەر خۆمان موشكیلە نەبین.... ! ٨ی مارسم لەبیر چۆوە. كەوتمە خەیاڵ بیر كردنەوە لە دوێنێی هەڵبژاردنی ئەو وڵاتەی ئێمە بووینە میوانێكی نەخوازراو و بیر لەچارەنووسی خۆمان و دابڕاوبوونمان لە جێگەو مەكاتی ئەسڵیی خۆمان.... خەو چاوەكانیان قورس كرد. چوومە دنیایەكی ئارامتر كەچی....

.... لە ناو ئاپۆرای خەڵكێكدا لە دوورەوە كەسێك سەرنجی راكێشام دەتگوت دەمناسێ و لە چاوەڕوانیی من دایە. راوەستام سەیری شادی و خۆشی خەڵكێكم دەكرد كە لەهەموو جۆر رەنگێكیان لەبەردا بوو. بەخۆم نەبوو فرمێسكەكانم هاتنە خوار... نا، نارەحەت نەبووم لەوەی ئەوان شادی دەگێڕن، تەنیا هەستم بە غەریبی دەكرد لەناویانا. لە ناكاو كەسێك دەستی لەسەر شانم دانا و وتی بۆ وا مات و بێدەنگی ....؟!

وتم بێدەنگ! نازانی چ دەریایەكی خرۆشان لە ناخمایە، خەریكە لە ناو شەپۆلەكانی دا غەرق دەبم. نازانم كەی ئارام دەبێتەوە. پێكەنی و وتی چیە خەریكە ئەبیتە شاعیر!

فرمێسكەكانم سڕی و بزەیەكی غەماویم دەربڕی.... شاعیر؟!

وتی لەوە ئەچێ دڵتەنگ بیت!

وتم چۆنت زانی؟

وتی چۆن نازانم بە لیوە وشك و چاوەتەڕەكانت دا دیارە. دیسانیش تۆ پارچەیەكی لە رۆحم!

بۆ لاپەری ٥٦



كتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

# تەنیا

ئەنوەر عەرەب

ژنێک لە تەنیایییەکی تەنیا دا
تەنیا، پیر لە تەنیایی دەکاتەوە
پیاوێک لە تێپەڕینێک دا تێپەڕ
دەبێت و
پڕ دەداتە تێپەڕینێک
تێپەڕ بە تێپەڕینێک دەبێت،
تۆش، لە تەنیایییەکی تەنیا دا،
تێپەڕ بە تێپەڕینێک دەبی و
پێ بە پێی پێنووسەکەت
پەڕ بە پەڕی تۆکەکەت
پەڕپەڕ ئەکەیت و
پێنووسەکەت پێ لە سەر
نووسراوەکان دائەنێ و
تەنیا، تەنیاییەکان تێپەڕ دەکات!

# ژنێکم من



ژنێکم من
مەمکەکانم
لەباتی شیر
شێعری تێدا
ئەتۆ! ماڵم
وەرە پێشتر
دەستت بێنە
لە دەفتەری
شێعری من دا
بەیتێک غەزەل
بخوێنەوە

شاعیر: دەردی من



## "هالی بری" سەرنج راکێشترین ئەکتەری ژنی سینەمای جیهان

گۆڤاری ئەمریكایی "تاچ ویكلی" بە پێی راپرسییەكی ئەم دواییانەی خۆی "هالی بری" وەك سەرنج راكێشترین ئەكتەری ژنی سینەمای جیهان ناساند.

بە پێی راپۆرتی راپۆرتدەریی فارس لە زمان راپۆرت دەری شین هەواوە، بە پێی ئەو راپرسییە، "هالی بری" بە هۆی ئەو متمانە بە خۆبوونە كە لە كارەكانی دا دەبینرێ وەك سەرنج راكێش ترین ژنی سینەمای جیهان هەڵبژێردراوە.

گۆڤاری ئەمریكایی "تاچ ویكلی" ٤٠ ئەكتەری ژنی وەك سەرنج راكێشترین و سەركەوتووترین ژنانی سینەمای جیهان ناساندوە كە بە پێی ئەو پۆین بەندییە "سەلما هایك" لە پلەی سێهەم و "پالما ئەندرسۆن" لە پلەی چوارەم و نیكۆل كیدمەن" لە پلەی دەیەم دانراون.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتە چیرۆک

و: غەفوور سۆفی

کورتە چیرۆک شێوەیەک لە ئەدەبیاتی چیرۆکە کە لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ رۆمان یان چیرۆکی درێژدا کورتترو پوختتر دەنووسرێتەوە. لە کورتە چیرۆک دا باس لە گۆشەیەک لە ژیان یان رووداوەکان دەکرێ، لە کاتێک دا لە چیرۆکی درێژدا یان لە رۆمان دا، نووسەر باس لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان یان، چەند کەسایەتی جۆراوجۆر دەکاو دەستی بۆ کەڵک وەرگرتن لە وشەکان ئاوەڵەترە. هەر بەو هۆیەش نووسەر لە کورتە چیرۆک دا نابێ درێژەداری بکا.

کورتە چیرۆک بەو چیرۆکانە دەگوترێ کە کورتترن لە چیرۆکە درێژەکان.

دیاری کردنی رادە لە کورتە چیرۆک دا بایەخی هەیە.

ئەگەر بە زمانێکی سادە بڵێین، کورتە چیرۆک دەبێ ئەوەندە بێ کە بتوانین لە دانیشتنێک دا بیخوێنینەوەو تەواوی بکەین. بەڵام لەم سەردەمەدا بە کەڵک وەرگرتن لە ناوی کورتە چیرۆک هێندێک جار نووسراوە چیرۆکییەکان (fiction) دەبنە نووسراوەیەک کە سنووری ٢٠٠٠٠ وشە دەبەزێنن. هەڵبەت بە کردەوە رادەی کورتە چیرۆکێک دەگەڕێتەوە سەر ئەو وڵاتەی کە ئەو چیرۆکە لێی بڵاو دەکرێتەوە. بۆ نموونە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کورتە چیرۆکێک دەتوانێ لە ١٠٠٠٠ وشە پێک بێ (کە پێیان دەگوترێ چیرۆکی درێژو قووڵ یان (stories short long). ئەمە لە کاتێک دایە کە لە بریتانیا نێونجی رێژەی وشەکانی کورتە چیرۆکەکان نیزیک بە ٥٠٠٠ وشەیەو لە ئوستورالیا کەمتر کورتە چیرۆکێک دەگاتە ٣٥٠٠ وشە. ئەگەرچی کورتە چیرۆکی واش هەیە کە لە چەند سەد وشە پێک هاتوە کە بەم چەشنە دەڵێین گێڕانەوەی کورت یان (narrativesmicro). لەو سەردەمەدا خوێنەرانی کورتە چیرۆک چاوەڕوانی ئەوەن کە ئەو کورتە چیرۆکەی کە دەیخوێننەوە بە لانی کەمەوە ١٠٠٠ وشە بێ. کورتە چیرۆکەکان زۆربەیان فۆرمێکن لە ئەدەبیاتی چیرۆکی.

فۆرمی زۆربەی ئەو کورتە چیرۆکانەی کە بڵاو بوونەتەوە نووسراوەی چیرۆکێکی ژانرین (fiction genre)، چیرۆکە زانستییەکان (science fiction)، چیرۆکە سامناکەکان (horror fictio)، چیرۆکە پۆلیسییەکان (detective fictioe) لەم وێنانە. کورتە چیرۆک شێوازی غەیرە چیرۆکی (non-fictio) وەک سەفەرنامە. شێعر (poetry prase)و نووسراوەی پۆست مۆدێرنی شێوازی چیرۆکی و غەیرە چیرۆکی وەک چیرۆک ـ رەخنە (criticism fictio) یا رۆژنامەوانی مۆدێرن (journalismnew) لەبەر دەگرێ.

ئەو کورتە چیرۆکانەی کە درێژاییان لە درێژایی کورتە چیرۆکێکی ئاسایی زیاتر بێ (تەنانەت کورتە چیرۆکی درێژ) زیاتر بە کورتە رۆمان (novella) ناودێر دەکرێن و بەرهەمی درێژتریش (واتە زیاتر لە ٤٠٠٠٠ وشە) پێی دەگوترێ رۆمان. گۆڕینی رۆمان و کردنی بە کورتە چیرۆک کارێکی ئەستەمەو دەبێ شارەزایی تەواوت هەبێ بەڵام گۆڕینی کورتە چیرۆک بۆ سەر رۆمان سەرەڕای ئەستەم بوونی پێویستی بە داهێنانیش هەیەو دەبێ نووسەر کەسایەتی و شوێنی رووداوی نوێش بخوولقێنێ.

هێندێک لە رۆمانەکان قۆناغی گۆڕان لە کورتە چیرۆک بەرەو رۆمان تێپەڕ ناکەن و نووسەر هەر لە سەرەتاوە تەواوی رۆمانەکە بە شێوەی بەشی جیاجیا لەبەرچاو دەگرێ.

سەرچاوە: زانستنامەی ئازاد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# جەژنی ئێرانییەکان

ن: د. سیمینی دانیشوەر
لە فارسییەوە: حەمە ڕەسووڵ حەسەنپوور

کوڕەکان لەگەڵ دایکیان دا بڕیاریان دا حاجی فیروز نوێ بکەنەوە. لە بەر ئەوەی هێندە حاجی فیروزیان خۆش گەرەك بوو، سەگەکەیان "میکی" لەبەرچاویان کەوتبوو. باوکە مامۆستا بوو، گەرچی ئەمریکایی بوو بەڵام مووچەی فرەی وەر نەدەگرت. دایکیان باڵای کورت بوو و کاتێ لەگەڵ باوکی دا دەپەیڤی سەری بەرز دەکردەوە.

بیانییەکان لەم وڵاتە غەریبەدا کە ئێستا لێی دەژیان، لە شێوەی بەرگەکانیان دەناسرانەوە، ئەو هۆگری جلوبەرگی ناوچەیی و سەیر بوو. لە هەمە چەشنەبوونی جلووبەرگەکانیانەوە دەی توانی جیاوازیی مرۆڤەکان بدۆزێتەوە، بەڵام زمانەکەیانی نەدەزانی و بۆشی نەدەگونجا فێر بێ.

کوڕە گەورە، "جۆن مایکێلسۆن" زمانی فارسی لە منداڵانی هاوشێوە فێر دەبوو و دایکی یاری لەگەڵ منداڵانی هاوڕێی لێ قەدەغە کردبوو. جۆن لە منداڵانی گەڕەك کە دەتوت بێ ماڵن، خۆشی دەهات و بەرەولایان دەکێشرا. بە تایبەتی کیژۆڵەیەکی لە نێوان هەمووان دا بە لاوە سەرنج ڕاکێشتر بوو. سەرو قژی زەردو چاو شین بوو. پانتۆلی کولکنی لەبەردا بوو و دەلینگەکانی دە پێڵاوی لاستیق هاویشتبوو. بەنەخوێنی پانتۆڵەکەی شل بوو و کیژۆڵەکەی جاری وابوو پانتۆڵەکەی هەڵ دەکێشایەوەو جار جاریش لووتی هەڵ دەلووشی. جۆن چکولیات و ئادامسی بە کیژۆڵەکە دەدا بەڵام دایکیان ڕوو گرژ بوو. وتبووی ئەگەر دوای نیوەڕۆیان لە مەدرەسە هاتنەوەو لەگەڵ منداڵی گەڕەکی دا گەمان بکەن هەزار جۆرە نەخۆشی دەگرن.

"جۆن مایکێلسۆن" لە خوویەکی منداڵانی گەڕەك ڕەنجابوو، منداڵەکان کە "میکی"یان لەگەڵ جۆن دا بەدی دەکرد، لە پێشدا خۆیان لێ دەدا بەڵام هەر کە جۆن و سەگەکەی پشتیان تێ دەکردن، هاواریان دەکرد:

"ئەمریکایی، ئەمریکایی" و بەردیان دە میکی دەگرت و کلکیان ڕادەکێشا. میکیش زۆر خراپ ڕاماڵی دەکردن و پێیان دەوەڕی. منداڵەکان پاشەکشەیان دەکرد، بەڵام سەرێکی نەترسیان بوو.

"تێدی - برا بچووکیان زمانی فارسی نەدەزانی. تازە کاتی قسەکردن بە ئینگلیزیش زمانی دەگیرا، دایکیان زیخی لە بن زمانی تێدی دەخست و لە بەرامبەر ئاوێنەدا هانی دەدا و دەیگوت: "ئێستا قسان بکە" و هەر چەندە چیرۆکی ئەو پیاوەی بۆ دەگێڕایەوە کە زۆر زووتر، بەر لە عیسای مەسیح یا خود دوای ئەو لە ڕۆما یان یۆنان، وەك تێدی زمانی گیراوەو بەم ڕاهێنانە زمانی وەها کراوەتەوە کە ئیدی نەگیراوەتەوەو یەکسەر وتاری داوە."

بەڵام تێدی زمانی زۆر نەبوو، لە پێشدا لێوی دەهێنانە پێشەوە بۆ ئەوەی دەست بە دەربڕینی یەکەم وشە بکا، جۆن تاقەتی بەسەر دەچوو، بەڵام دایکیان سەیر بە حەوسەلە بوو. ئەو کوڕەی لە گشت منداڵەکانی بچووکتر بوو. هێشتا زمانی نەپژابوو لەوانەشە منداڵەکە گێژو دەبەنگ بووبێت و نەی زانیبێ بە زمانی "باجی" یان بە زمانی دایکی قسان بکا.

تێدی و جۆن بە ماشێنی قوتابخانە بۆ ماڵ دەهاتنەوە، ماشێنەکە لە سەر دوو ڕێیانەکە نەگەیشتوو بە "قولهەك" تورمزی دەگرت و ئەوان دادەبەزین و تا ماڵەوەیان مەودای زۆر نەبوو. ڕۆژێکی هێشتا بە دوو ڕێیانەکە نەگەیشتبوون کە پیاوێکی ڕەشیان بینی، لە سەر قەدی دارێکی بردراوە ڕاوەستابوو، ئەگەر کاتێکی ماشێنی منداڵەکان بە وێدا ڕادەبرد، سڵاوی سەربازی نەکردبایە، قەت بە بیریان دا نەدەهات کە پەیکەر نیە. کاتێکی ماشێنی قوتابخانە تورمزی گرت، تێدو جۆن گەڕانەوەو بۆ لای حاجی فیروز چوون.

لە سەر یەك گشت شتی حاجی فیروزیان خۆش دەویست. بەرگە سوورەکەی، کڵاوە قووتە زەنگوڵەدارەکەی، دەموچاوە ڕەش کراوەکەی، دەنگی دەفەکەی و ئاوازەکەی. لە پاش کونپشکنی فرەش زانیان کە حاجی فیروز بەر لە جەژنی ئێرانییەکان دەردەکەوێ.

بەڵام هێشتا زستان بوو و حاجی فیروز هاتبوو. ئەدی بۆ هاتبوو؟ دیسانەوە کونپشکنی - و بەم ئاکامە گەیشتن کە حاجی فیروز جاروبار ئاوی حەوزان دەردەداو جار جاریش بەفری کۆڵانان ڕادەماڵێ و بەر لە جەژنیش دەبێتە حاجی فیروز، لەوانەیە زستانێك هەر بەفر نەباری یان کەس ئاوی حەوزەکەی دەرنەدا.

بە تایبەتی زستان و سەهۆڵبەندانی ئاوی حەوزەکان. حاجی فیروز تەمەنی نەگەیشتبوو بە بیست ساڵ ، دایکی نەبوو، ئەی کێ بەرگە سوورە چندراوەکەی بۆ درووبوو؟ جلە حاجی فیروزییەکانی وەك بیجامە بوو. بەڵام چندرابوو، کڵاوە زەنگوڵەدارەکەی بۆ خۆی دروستی کردبوو، ئەمەیان ڕوونە. بە بڕوای جۆن مایکێلسۆن، تێد کڵاوی زەنگوڵەداری لەمە باشتر دەتوانێ دروست بکا، لە مەقەباو دەیتوانی ڕەنگی سووری لێ بداو وێنەی ئەستێرەشی لە سەر بکێشێتەوە. جۆن لە وێنە کێشان دا نەدەگەیشتە تێدی.

ئاخرەکەی ڕوون نەبوو جلی حاجی فیروز کێ دوورییەتی و لێکۆڵینەوەی جۆن مایکێلسۆنیش کە زانیاری لە سەر حاجی فیروز کۆ دەکردەوە، نەگەیشتە هیچ کوێیەك، بەڵام لە جیاتی ئەوە ئەم شتە دۆزرایەوە کە حاجی فیروز دەمووچاوی بە بۆیاغی کەوشان ڕەش دەکا. باوکی حاجی فیروز ئەو ڕۆژانەی هەتا بەدەرەوە بوو، لە قەراغ شەقامێك دا نەگەیشتوو بە شارییەکە، لە سەر عەرزی ڕۆدەنیشت و قوتووە تەختەیەکی لە پێش خۆی دادەناو پێڵاوی بۆیاغ دەکردن. هەر چەندە کزەبایەکی ساردی دەهات بەڵام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەهارو جەژنی ئێرانییەکان نزیك بوو و حاجی فیروز زۆر زووتر لە جێژن دەرکەوت بوو. کوڕەکان لەگەڵ دایکیان دا ئەقڵیان یەکخست و بڕیاریان دا دوکانێکی تەختەی خنجیلانە لە سەر پارچە زەوییەکی بە یاری نزیك ماڵەکەیان دروست بکەن و چەند دانە قوتووی بۆیاغ و بزمارو ناڵچەی کەوشان و بنی پێڵاوو فۆتەو خاولی و سابوون بکڕن بۆ ئەوەی حاجی فیروز و بابی ببنە خاوەن دووکان.

دووکانەکەیان دروست کردو رەنگیان کردو وێنەی یاریزان و بایسیکل سوارو "ئایزینها وێ" و



میکی ماوس و ریکلامی پیپسی کۆلایان لە رۆژنامەو گۆڤارەکان کردەوەو دووکانەکەیان پێ رازاندەوە. شورو شەوقێکی چەندە جوان بوو، وێنەی تابلۆی دووکانەکەو ئامادەکردنی ئالای ئەمریکا و ئێران، گشت بەیانی رۆژی یەکشەممەکەیانی گرت. منداڵە هەرە بچووکەکیان لە هەمووان پتر دەنبۆدەست و پێیان دا دەهات و دەچوو. لە باوەشیان دەکردو لە سەر کورسییە بچووکەکەی دالانییان رۆدەنا، بەلام ئەو لە پێشدا قاچێکی شۆڕ دەکردەوەو پاشان قاچەکەی دیکەی و چوار دەست و پێ و بە پەلەو جار جاریش وەك گەوران لە سەر دوو پێیان دەهاتەوە لایان و بازاڕەکەی لێ تێکدەدانەوەو نەی دەهێشت بە کارەکەیان را بگەن. منداڵەکان سەرگەرم بوون، تەنانەت وێرانەگەیشتن یارییەکی باش لەگەڵ میکی دا بکەن. میکی لە کولانەکەی دەردەپەڕی و یەکڕاست دەچۆ لای دالانی و لاقی جۆنی دەبەستەوە، باشە لانیکەم سەگەکەیان خۆش دەویست. تێدو جۆن دەگەڕانەوەو بە پەلە دەستیان بە سەری میکی دا دەهێناو دیسانەوە دەچوون و سەرقاڵی کارەکەیان دەبوون.

دووکانە بچووکەکە سەرو سیمایەکی گرتبوو. ئالای ئەمریکاو ئێرانیان لێدابوو بەلام تێد وێنەی رۆژو شێرەکەی ئالای ئێرانی زۆر بە ناتەواوی رەنگ کردبوو تەنانەت نەی توانیبوو شمشێرەکە دە دەستی شێرەکە باوێ. شمشێری تایی هەروا لە هەوادا راوەستابوو و دەستی شێرەکە لە خۆوە درێژ ببۆوە. بەلام بەم حالەوە بە شمشێرەکە نەدەگەیشت. یەکەمین کڕیاری دووکانە بچووکەکە خانم و ئاغای مایکێلسۆن و کوڕەکانیان بوون و حاجی فیروز ناوی "مایکێلسۆن"ی زۆر بە خراپی بۆ دەهات لە جیاتان دەیگوت: "ئاقا جان" کە کاری دووکانەکە جێبەجێ بوو جۆن و تێد کەوتنە بیری جلووبەرگی حاجی فیروز کە قوڕاوی و چڵکن بوو - ساتەنی سوور - غەرغەرەی زەرد - کلاوێکی بە زەنگی گولێنگەدار بە کورتی قاتێك جلی رێکوپێك کە بە کەڵکی سەربازێکی گەڕۆك بێ، بۆیان سەریەك خست، بەرگێکی سەیرو سەرنج راکێش بوو، بە تایبەتی گولێنکە زەردەکەی، سەرساتەنە سوورەکە، کاتێك سەمای دەکرد، لەرینەوەکەی جوان بوو و حاجی فیروز ئەو پەڕی دەنگی لە دەفە زریزە دارەکەی دەهێنا.

جۆن مایکێلسۆن فێری کرد کە دوای تەواو بوونی سەماکەی، کلاوەکەی لە پێش ئامادەبووان دا رابگرێ و پارە کۆ بکاتەوە. حاجی فیروز ئەو کارەی کرد، بەلام لە بینەران تەنیا کوڕەکانی خاتوو مایکێلسۆن بوون کە پارەیان دە کلاوە بە زەنگولەکە دەخست و زرینگەی دەهات. ئەوانی دی پوولەکەیان هەڵدەدایە سەر عەرزێ و نەیاندەدایە دەست خۆی. منداڵانی گەڕەکیش هەر پارەیان نەدەدا.

رۆژێکی یەکشەممە میکی گوم بوو، ئیدی کاتێکی وای بۆ جێژن نەمابوو، خاتوو مایکێلسۆن دەیگوت: جەژنی ئێرانییان رێك سەرەتای بەهارە.

لەوانەیە دوو سێ رۆژی بۆ سەرەتای بەهارێ مابوو، بۆنی بەهارێ لەو نمە بارانەی دەباری کە لە هەوادا بلاو ببۆوە، میکی بۆ کوێ چووبوو؟ جۆن مایکێلسۆن پێی وابوو پۆلیس یان کەنناسەکان کلکی سەگەکەیان بڕیوە. ژارخواردوویان کردوە. جۆن مایکێلسۆن بە چاوی خۆی دیبووی زۆر سەگان بەم شێوەیە بێ سەروشوێن دەکرێن، لە پێش دا سەگەکان لە سەر عەرزی لێی درێژ دەبوون و کەفیان بە لا لغاویان دا دەهاتە خوارێ پاشان خۆیان بێرەو بەوێدا دەدا، خەڵکی گەڕەکی ماستیان دەکڕی و لە پێش سەگەکانیان دا دەنا، بەلام بێسوود بوو، "تێد مایکێلسۆن" پێی وابوو منداڵی گەڕەکێ بە بەردودار کوشتوویانە. خاتوو مایکێلسۆن لەبەرەخۆیەوە پێ دەکەنی و دەیگوت: "خاترجەم بن هیچ پۆلیسێك ناوێرێ سەگی قەڵەدە لەملی ئەمریکایییەك بکوژێ، منداڵانی گەڕەکیش لە خۆیان رانابینن."

منداڵەکان خەمناك بوون، دایکیان گوتی: بچن سەرێکی لە حاجی فیروزی هەڵێنن بۆ ئەوەی خەمەکانیان بڕەوێتەوە. لەوانەیە ئەو هەواڵێکی میکی بزانێ.

کوڕەکان بۆ سەر دووڕییانەکە چوون. هەمیشە دەنگی دەفەو ئەو هەڵبەستانەی هیچ کاتێ فێری نەبوون لە دوورەوە دەبیسترا پاشان کە بە حاجی فیروز دەگەیشتن، کڕنۆشتێکی دوورو درێژی بۆ دەکردن و یەکسەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستی بە بەرنامەکەی دەکرد. بەڵام ئەمڕۆ لە دووڕیانەکە دیار نەبوو، لە شەقامە سەرەکییەکەدا هێندێ کەس پیاسەیان دەکردو نەیاندی. بەرەو دووکانە بچووکەکە وەڕێ کەوتن. بارانەکە توندتر ببوو، با دوایین خەوی دارەکانی دەزڕاند. کاتێ گەیشتنە دووکانی حاجی فیروز و ئالاکانی سەر دووکانەکەیان بەدی کرد کە تەڕ ببوون و وەك دوو پارچە قوماشی کۆن هەڵواسرابوون، دەرگای دووکانە تەختەکە کرابۆوە، با گشت وێنەکانی بەردابوونەوە، لێفەو دۆشەگێکی کۆن و لۆکە لێ دەرهاتوو لە سووچێکی دووکانەکەدا کەوتبوو.

تێد لێوی داچۆڕاندو گوتی:

"چ،چ، چ بووە؟"

جۆن چاوی بە وێنە کەوتووەکان و لێفەو دۆشەگە شڕەکەی سووچی دووکانەکە کەوت. چاوی بە کڵاوە زەنگدارەکەی حاجی فیروزی کەوت کە پلچ و پان ببۆوە و لە سەر عەزری کەوتبوو، کەلوپەلی بۆیاغکردنەکە تەنیا شتی ڕێکوپێکی دووکانەکە بوو.

سەری خۆی خوراندو گوتی:

"خۆ لە پڕ دز نەهاتوە!"

تێد گوتی: "... لەوانەیە هیندییە سوورەکان هێرشیان هێنابێ!"

جۆن توانجی تێ گرت: "لێرە کەی سوور پێست هەن؟!"

تێد گوتی: "د. د. ... زی روو داپۆشراو بە دەمانچەوە ... بە سواری ئەسپ!"

جۆن گوتی: "د ...د...زە روو داپۆشراوەکە رەشەی بردوە گومی بکا"

جۆن بێ ئەوەی سەرنج بە قسەکانی تێد بدا پرسی: "مرۆڤیش رووبەندی پێوەیە؟"

تێد گوتی: "ب ... ب ... بەڵێ داسیشی هەیە، عەبایەکی رەشی لەبەرە."

جۆن وەڕێ کەوت بۆ ئەوەی بڕوا، تێد پرسی: "نایەی وێنەکان داکوتینەوە!"

ـ نا کاتمان لە بەردەست دا نیە، دەبێ بڕۆین. تێد گوتی: ئا ... ئا ... ؟؟ ئەمریکا رزگار ناکەین؟

پێکەوە لە دووکانەکە وەردەرکەوتن و بە دووڕیانەکەدا تێپەڕین و گەیشتینە جادە سەرەکییەکەو حاجی فیروزیان دی بەڵام بە چ ڕەوشێکی سەرسووڕهێنەر! چوار پیاو سندووقێکی تەختەیان لە سەر شان دانابوو و بەرەو پێشەوە دەچوون.

حاجی فیروز لە پشتەوەیان دەهات. کڵاوە زەنگدارەکەی لە سەر نەبوو و بە دەفەکەی لە سەری خۆی دەداو زرینگەی دەهات. نزیکتر بوون و بە حاجی فیروز گەیشتن کە دەگریاو دوو هێڵی سپی لە سەر رەشایی دەمووچاوی دەبینران، بەرگە ساتەنەکە سوورەکەی بەم جوانییەی رەش و تەڕ ببوون و بە جەستەیەوە نووسابوون. حاجی فیروز کە منداڵەکانی بەدی کرد بە دەفەکەی لە سەری خۆی دا بە سووچی قۆڵی کراسە ساتەنە سوورو جوانەکەی چاوی سڕییەوە، درێژ درێژو تەنیا بە دوای سندوقە دارەکەدا ڕێگەی دەبڕی. وا دیار بوو بە نیازی دەسپێکردنی بەرنامەکەی نیە.

جین و تێد بە دوای حاجی فیروزدا رۆیشتن. بەڵام ئەو وشەیەکیشی نەگوت. بە پێچەوانەوە ئەو چوار زەلامە جار جار لە بنی گەروویانەوە شتێکیان بە بادا دەدا کە بێشك فارسی نەبوو، تەنانەت وشەیەکیش بە گوێی جۆن ئاشنا نەبوو بەم شێوەیە رۆیشتن. جۆن کە هاوڕێی حاجی فیروز دەرۆیشت، پرسی: "لەم سندوقە گەورەتان خستوە؟" حاجی فیروز هیچی نەگوت، بەڵام فرمێسکەکانی خێرا خێرا هێڵەکانی دەمووچاوی شۆشتەوە.

جۆن وتی: "ئەگەر دەزانی، سندووقێکی جوانم بۆ دروست دەکرد، تێد گەیشتە لایان و گوتی: "چ ... چ ... چ بووە؟ بۆ کوێ دەچن؟ بۆچی جلی بەم سوورو جوانەی پیس کردوە؟ ئای سەیری سەر ئەژنۆی کە دڕاوە."

جۆن توورە بوو و گوتی: "ئێستا کاتی ئەم قسانەیە؟!" تێد پرسی؟ "چ. چ. چما ئێستا کەنگێیە؟" جۆن گوتی: "بۆ نابینی بابی مردوە، لەم سندووقە دایە!"

ـــ و ... و ... وای! پاشان لە شەقامە سەرەکییەکە را بۆ لای دەستی چەپ بایاندایەوەو پاش بڕینی چەند کۆڵانێك لە نزیك خانوویەکی بە خشت دروستکراوی دەرگا داخراو کە بانەکەی شیروانی بوو، راوەستان. چوار پیاوەکە سندووقە دارەکەیان لە پەنا دەرگا داخراوەکە لە سەر عەرزی رۆنا.

دیسان جۆن مایکێلسۆن وشەیەك لەم رستانەی بە بایاندا دەکرد، تێ نەگەیشت. بەڵام با تەنیا دەیتوانی درەختە نووستووەکان لە خەوی زستانی هەڵستێنێ.

رابوونی مردوەکان خۆ بە دەستی بای نیە، بە دەست عیسای مەسیحە، وەنا.

دەتگوت تەنیا عیسا بوو لە نێو مردووەکان را ببوو. ئیدی هیچ کەس لە نێو تابووتەکە دانەبوو. جۆن مایکێلسۆن دی کە حاجی فیروز دەستی دە گیرفانی رۆ کردو پووڵی بە زەلامەکان دا. هەر سەری دەجووڵاند کاتێك فرمێسك بە سەر هێڵە خوارو خێچەکانی دەمووچاوی دا شۆڕ دەبوونەوە، دەنگێکی لە ئەوکێ دەهات، ئاخ ... خی ....

پاشان رووی دە منداڵەکان کردو گوتی: "ئێوە بۆ ماڵ بچنەوە." شتی دیکەشی گوت کە دیسان تەنانەت جۆن "مایکێلسۆن"یش نەیزانی. هەر چەندە جۆن هەوڵی دا وشەیەکی ئارام بەخشی بە فارسی نەدۆزییەوە.

پرسیاری لە تێد کرد: "تۆ دەزانی بە فارسی "sory" دەبێتە چی؟

تێد گوتی: "ح ... ح ... حەیف کە نازانم.

جۆن مایکێلسۆن بە ناچاری باسکی حاجی فیروزی گرت و گوتی "دەزانی میکی گوم بووە، پێت وایە میکی بە دەستی پۆلیس کوژرابێ؟!"

حاجی فیروز گوتی: "میکی چووە بۆ بێناموسی، بەهارە."

دیسان بە بێوازییەوە دووپاتی دەکردەوە تا جۆن توانی فێری بێ و بچی توێژینەوە بکا. "بێناموسی" یانی چی؟ بە هاری دەزانی.

سەرچاوە:

"بهترین داستانهای کوتاه دنیا، علیرضا مرتضوی کرونی، چاپ اول، بهار ١٣٦٧

مقدمه و انتخاب: مهران بردباری، چاپ شفق"



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان:

# "ساڵانە ٥٠٠٠ ژن دەبنە قوربانی قەتڵی نامووسی"

بە پێی ئامارێکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان هەر ساڵێ زیاتر لە ٥٠٠٠ ژن و کچ دەبنە قوربانی قەتڵی بە ناو"پاراستنی نامووس". "ناوانتم پیلای"کۆمیسێری مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی‌یەوە قسەی دەکرد ڕای گەیاند: گوتی ئەو ژنانە بە هۆی "پاراستنی ئابڕووی بنەماڵە" بە گوللە دەکوژرێن، سەنگسار دەکرێن، دەسووتێنرێن و یان زیندەبەگۆڕ دەکرێن، دەخنکێنرێن و یان بە زەبری چەقۆ دەکوژرێن.

ناوبراو هەروەها وتی سەرەڕای کوژرانی ٥٠٠٠ ژن لە ساڵدا، ئەو مەسەلەیە لە ئەولەویەتی دەستووری کاردا دانەنراوە. هەروەها توندو تیژییە لەرادەبەدەرەکان دژی ژنان و کچان، لە لایەن هاوسەران، کوڕەمام، کوڕەخاڵ، کوڕانی بنەماڵە، براکان، مامەکان و پیاوانی دیکە و تەنانەت زۆر جار لەلایەن ژنانی بنەماڵەوە، دیسانیش لە دەستووری کاری دەوڵەتەکان دا نیە.



# لە چوار ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە سێ میلیۆن قوتابی لە ئێران دەستیان لە خوێندن هەڵ گرتوە

بە هۆی سیاسەتی پێشگرتن لە زیادبوونی حەشیمەت لە دەیەی ٦٠دا، حەشیمەتی قوتابیانی ئێران لە ١٨ میلیون کەسەوە، ساڵی ڕابردوو گەیشتۆتە ١٤ میلیون و ٥٠٠ هەزار کەس.

بەپێی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی " ثبت و احوال" ئێران دەبێ حەشیمەتی قوتابیانی ئێستا لە دەورووبەری ١٥ میلیون و ٥٠٠ کەسدا بێ. بەڵام ناونووس نەکردن ونەناردنی یەک میلیون قوتابی بۆ قوتابخانە لە لایەن بنەماڵەکانەوە وا دەردەخا کە یەک میلیون خوێندکار وازیان لە خوێندن هێناوە.

لەم پێوەندیەدا هەندێ لە سەرچاوەکان رادەگەیەنن کە لە چوار ساڵی ڕابردوودا سێ میلیون منداڵی ئێرانی دەستیان لە خوێندن هەڵ گرتوە.

فەتاح نیازی جێگری فێرکاریی ناوەندی فێرکاری لە ڕێگەی دوورەوە (آموزش از راه دور) ڕای گەیاند کە ١٣ میلیون کەسی کەم سەواد لە ئێراندا هەیە کە سێ میلیۆن کەسیان ئەو قوتابیانەن کە دەستیان لە خوێندن هەڵ گرتووەو تەمەنیان لە نێوان ١١ تا ١٧ ساڵان دایە و پێویستە بخوێنن.

ناوبراو لە وتووێژێک دا لەگەڵ یەکێک لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا ڕای گەیاند کە بەپێی دوایین ئاماری باوەڕپێکراو ساڵی ڕابردوو دوو میلیون و چوارسەد هەزار منداڵ لە خوێندن بە جێ ماون. ئەوە لە حاڵێک دایە کە بەپێی بەرنامەی پێنج ساڵەی دەوڵەت دەبووا تا ساڵی ٩٣ لە تەمەنی ٥٠ ساڵ بۆ خوارێ بێ‌سەواد نەمابا. بەڵام ساڵ لەگەڵ ساڵ ڕێژەی ئەو قوتابیانەی کە لە خوێندن بەجێ دەمێنن روو لە زیادی دەکا. ئەگەرچی بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن هیچ کات باس لە هۆیەکانی ئەو دابەزینە لە خوێندن ناکەن بەڵام دیارە کە سەرلێشێواویی ئەو وەزارەتە لە کۆنترۆڵی دۆخی خراپی نێو قوتابخانەکان، هەژاری و دڵەڕاوکێی قوتابیان لە هۆکارەکانی سەرەکیی وازهێنان لە خوێندن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قووڵبوونەوەی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی ئاماری ناوەندە دەوڵەتییەکان






**ئاکامی لێکۆڵینەوەیەکی بەربڵاوی مەیدانی لە شاری تاراندا باس لە چوونەسەرێی لە رادەبەدەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێستای ئێران دا دەکا.**

بەپێی بارودۆخی ئێستای ئێران کە بابەتە سیاسییەکان بۆتە رۆژەڤی ئەم کۆمەڵگایە و هەر رۆژەو رووداوێکی تازە روودەدا، کێشە کۆمەڵایەتییەکان کەمتر ئاوڕی لێ دەدرێتەوەو ئەوەش لە ئاکام دا رووداوگەلێکی ناخۆشی لێ دەکەوێتەوە کە لەوانەیە کارەساتی بە دواوە بێ.

بڵاوکراوەی "مێهری نەو" کە سەر بە" سازمانی بهزیستی یە " لە ژمارەی ٥ ی خۆیدا ئاماژەی بە کۆمەڵێک لەو بابەتانە کردووە کە جێی تێرامانن:

١. ئاکامی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لە شاری تاران ئاشکرای کردوە کە بە باوەڕی ٩٩ لە سەدی خەڵک درۆ کردن لە کۆمەڵگادا برەوی هەیە و نیوەی خەڵکیش پێیان وایە کە ٩٠ لە سەدی خەڵک لە گەڵ یەکتر راست نالێن.

٢. لە حاڵێکدا کە لە داهاتوویەکی نیزیک دا ئێران لەگەڵ کێشەی بەساڵاچوواندا بەرەروودەبێ، بەڵام ئەم وڵاتە هیچ نەخۆشخانەیەکی پسپۆڕیی بۆ ئەو مەبەستە تێدا نیە و لانیکەم ٢٥% ی بەساڵاچووان لە هیچ بیمەیەکی خزمەتگوزاری کەڵک وەرناگرن.

٣. لە ئێستادا ئەو ژنانەی کە لە شەقامەکاندا سەرگەردانن و روو لە کاری دزێوی وەکوو لەشفرۆشی دەکەن، زۆربەیان تەنانەت خاوەنی بنەماڵە، هاوسەر و خاوەن پیشەیەکی کۆمەڵایەتیشن، بەڵام لەبەر هۆکاری جۆراوجۆر روو لەو کارە دەکەن .

٤. ئێران لە دنیادا لە باری هاوردەی مەوادی ئارایشییەوە لە پلەی حەوتەم و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا دوای عەربستانی سعوودی لە پلەی دووهەم دایە. لە وڵاتانی پێشکەوتوودا ژنانی تەمەن ٤٠ساڵ بۆ سەری زیاتر مەوادی ئارایشی بە کار دێنن، بەڵام لە ئێراندا تەمەنی ٢٢ بۆ ٢٤ساڵ زۆرترین بەکارهێنەری ئەم مەوادەن کە ئەوەش بە مانای ئەوەیە کە ئەو شێوە ئارایشە لە نێوان ژنە ئێرانییەکاندا نیشانەی کێشەی دەروونیە، نەک هۆکاری جوانی ناسانە.

٥. پەرەسەندنی دیاردەی قاچاغی کچانی ئێرانی بۆ رۆژاوا، وەکوو دانی هەزاران دۆلار بۆ رابواردنێکی چەند حەوتوویی لە گەڵ پیاوان لە وڵاتانی وەک کانادا کە لە رێی مافیاکانی قاچاغی کچان و ژنانی ئێرانەوە بەرێ دەکرێن.

٦. بە وتەی سەرۆکی رێکخراوی نەتەوەیی لاوانی تاران رێژەی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا (١١٣٨٨) ٥% دابەزیوە و رێژەی تەڵاق و جیابونەوە ٢١ % زیادی کردوە.

٧. لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لە نێو هەر ٨ رووداوی پێکهێنانی ژیانی هاوبەشدا یەکیان ئاکامەکەی بە تەڵاق گەیشتوە و ئەو رێژەیەش لە شاری تاراندا یەک لە چوار بووە.

شایانی باسە کە ئەو کۆمەڵە ئامارە لە سەرچاوەکانی حکوومەتییەوە بڵاو کراونەتەوە و زۆربەی کۆمەڵناسان پێیان وایە کە کۆمەڵگای ئێران تەواو لە قەیرانی کۆمەڵایەتی دا دەژی.

## زیاتر لە ١١٠٠ ژن لە شاری پارێزگای ئیلام سەرپەرستی بنەماڵەکانیان

زیاتر لە ١١٠٠ ژن لە پارێزگای ئیلام سەرپەرست و بەخێوکەری بنەماڵەکانیانن و سەرپەرستیی نیزیک ٤٥٠٠ کەسیان لە ئەستۆتە.

فەروخ لوقا جەمشید زادە، جێگری کاروباری کۆمەڵایەتی بێهزیستی پارێزگای ئیلام ئاماژەی بەوە کردوە کە ئەو ژمارە تەنیا ئەو ژنانە دەگرێتەوە کە لە لایەب ئیدارەی بێهزیستییەوە مانگانەیەکی کەمیان بۆ براوەتەوە، ئەگینا ئەژماری ئەو ژنانەی کە لەو پارێزگایەدا ئەرکی سەرپەرستیی و ژیاندنی خێزانەکانیان لە ئەستویە، زۆر لەوە زیاترە.

شایانی باسە کە زۆربەی ئەو ژنانە یا مێردەکانیان مردوون، یان بە هۆی کێشی کۆمەڵایەتیی وەک ئێعتیاد یان نقوستان بوونی مێردەکانیان ئەرکی ژیاندن و سەرپەرستیی بنەماڵەکانیان لە ئەستویە.

شایانی باسە لە حاڵێک دا کە ژمارەی ئەو توێژە لە ژنانی سەرپەرستیی خێزان بەردەوان روو لە زیاد بوونە، بەڵام نە لە بوودجەی ساڵی ٨٨ و نە لە بوودجەی ساڵی ٧٩ دا هیچ ئیعتبارێکی ماڵی بۆ بیمە کردن و پێراگەیشتن بەو ژنانە لە بەر چاو نەگیراوە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قۆڵبەستکرانی زیاتر لە ٩٠ ڕۆژنامەنووس لە ساڵی ٢٠٠٩ لە ئێراندا

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی داکۆکی لە مافی ڕۆژنامە نووسان ڕۆژی سێ شەممە، ٢٧ی ڕێبەندان ئاشکرای کرد کە لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٩ی زایینی دا بە هۆی گیرانی زیاتر لە ٩٠ ڕۆژنامەنووس و نوسەرەوە، ئێران وەک یەکێک لەپرمەترسیترین وڵاتانی دژ بە ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە جیهاندا لە قەڵەم دەدرێ.

کومیتەی داکۆکی لە ڕۆژنامە نووسان کە بنکەی سەرەکی لە نێویۆرکی ئەمریکایە، لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی دا سەبارەت بە ئازادی کاری ڕۆژنامەنووسان لە ساڵی ٢٠٠٩ دا نووسیویەتی: تا ئێستا ٢٣ نووسەر و سەرنووسەر لە جیهاندا لە بەندیخانە دان. لەو ڕاپۆرتە دا لە دوای چین، ئێران بە پلەی دووهەم لە سەرکوت و ئازار و ئەشکەنجەی ڕۆنامەنووسان دا ناوی هاتوە. بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتە سەرکوتی بەربڵاوی ڕۆژنامە نووسان لە ئێراندا، لە مێژووی ئەو ڕێکخراوە دا بێ وێنە بووە بە تایبەت لە دوای هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماری لەو وڵاتە دا تەوژمی سەرکوت و گیران گەیشتوتە بەرزترین ئاستی خۆی.

بە پێی ئەو ڕاپۆرتە ٧٠ ڕۆژنامەنووس لە ماوی ساڵی ٢٠٠٩ دا لە جیهان کوژراون. چین وەک یەکەم وڵاتی دژ بە ئازادی ڕۆژنامە نووسان ناوی هاتوە و تاکوو ئێستا ٢٤ ڕۆژنامەنووس لە بەندیخانە دان، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو ڕاپۆرتەوە، ڕێکخراوەکانی دیکەی داکۆکی لە مافی ڕۆژنامەنووسان وەک هەواڵنیرانی بێ سنوور، ئێران وەک یەکەمین وڵاتی پێشێلکاری مافی ڕۆژنامەنووسان ناودێر دەکەن کە تێدا زیاتر لە ٤٢ ڕۆژنامەنووس هەروا لە بەندیخانەدان و چارەنووسیان نادیارە.

پێشتر ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنوور لە ڕاپۆرتێک دا ئاماژەی بەوە دابوو کە لە کاتی سەرهەڵدانی نائارامییەکانەوە لە ئێران، زیاتر لە ١٠٠ ڕۆژنامەنووس لە لایەن هێزە حکومەتییەکانی ئێرانەوە گیراون و زیاتر لە ٥٠ ڕۆژنامەنووسی دیکە بە بێ خواستی خۆیان لە کارەکانیان دوور خراونەتەوە و ئێرانیان بەرەو وڵاتیکی دیکە بەجێ هێشتوە.

پێویستە بگوترێ کە لە ڕاپۆرتی ساڵانەی کۆمیتەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەوانی دا ناوی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و یەمەن و ئیسرائیل وەک پێشێلکرانی دیکەی ئازادی ڕۆژنامەوانی ئاماژەی پێ کراوە.

---

# لە نێو هەر ١٠٠ هەزار کەس لە ئێران دا ٧ کەسیان خۆیان دەکوژن

سکرتێری گشتیی ناوەندی خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران کە ڕێکخراوێکی سەر بە بێهزیستییە ئاشکرای کردوە کە لە کۆمەڵگای ئێران دا لە ساڵ دا لە نێو هەر ١٠٠ هەزار کەس دا ٧ کەس خۆیان دەکوژن، کە ئەوە لە چاو ئیستانداردەکان و ڕێژەی خۆکوژی لە کۆمەڵگاکانی دیکەدا زۆر لە سەرێیە.

ئەو بەرپرسەی بێهزیستیی ئێران ئاشکرای کردوە کە زۆرترین حاڵەتەکانی خۆکوژیی لە ئێران لە پارێزگاکانی کرماشان، ئیلام، لورستان و هەمەدان دا ڕوو دەدەن کە ئەو ڕێژەیە لە پارێزگای ئیلام زۆر بەرهەست و دیارترە.

سکرتێری گشتیی ناوەندی خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران لە پێوەندی لە گەڵ پەرەسەندنی دیاردەی خۆکوژی لە پارێزگای ئیلام، بە تایبەت پەنابردنی کچان و ژنان بۆ خۆسووتاندن رای گەیاندوە کە ئەو بابەتە نیگەرانیی زۆری بۆ کۆمەڵناسان و تویژەرانی کۆمەڵایەتی دروست کردوە.

شایانی باسە کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بەردەوام هەوڵیان داوە کە ئامارێکی زۆر کەمتر لە ئاماری ڕاستەقینەی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە میدیاکان دا بڵاو بکەنەوە تا پانتایی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان و لایەنە کارەساتبارەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان چەندی بۆیان بکرێ لە شاراوایی دا بمێنێتەوە، ئەگینا بە پێی لێکۆڵینەوەی تویژەرە کۆمەڵایەتییەکان ڕێژەی خۆکوژی لە پارێزگاکانی ڕۆژئاوای ئێران کە زۆرینەی ناوچەکانی کوردستان دەگرێتەوە، زۆر لەوە زیاترە کە رایان گەیاندوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org





# هەواڵ و چالاکی









## هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان سەردانی ژنانی زەحمەتکێشانی کرد

رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٨ی رێبەندان ١٣٨٨ی هەتاوی هەیئەتێکی ژنانی دێموکراتی کوردستان سەردانی ژنانی زەحمەتکێشانی کوردستانیان لە رانیە کرد.

هەیئەتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بریتی بوون لە بەڕێزان سوهەیلا قادری سکرتێرو خەدیجە پورمەند ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کە لەلایەن بەڕێزان زارا ئەحمەد رەسووڵ بەرپرسی رێکخراوی ژنانی زەحمەتکێشان و پەخشان رەسووڵ حەسەن کارگێڕی یەکەم پێشوازییان لێ کرا. لەم دانیشتنە دۆستانەیەدا کە لە نێوان هەردوو رێکخراودا باس لە کێشەو ئاریشەکانی ژنان بەگشتی و ژنی کورد بەتایبەتی کراو بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەی گونجاو لەو پێوەندییەدا ئاڵوگۆڕی بیرورا کرا. هەموو پێیان وابوو کە ژنان لە هەر تیرەو نەتەوەیەك دا بن کێشەکەیان یەکەو هەر بۆیە دەبێ شان بە شانی یەکتر هەوڵ بدەن و خەبات بکەن تا بە ئامانج بگەن. ئەم دیدارە کە نزیکەی سەعاتێکی خایاند پێداگری لەسەر هاوکاری نێوانیان کرایەوە.

## "گوڵان" و "ژنان" لە دیدارێکی دۆستانەدا

هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کە پێك هاتبوو لە بەڕێزان سوهەیلا قادری سکرتێر، نەسرین حەسەن زادە سەرنووسەری گۆڤاری ژنان و کوێستان فتووحی ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ژنان بە دەعوەتێکی فەرمی سەردانی نووسینگەی گۆڤاری "گوڵان"یان لە شاری هەولێر کرد کە لەلایەن بەڕێز فوئاد سەدیق سەرنووسەری گۆڤاری "گوڵان"ـەوە پێشوازییان لێ کرا. لەو دیدارەدا وێڕای هەڵسەنگاندنی گۆڤارەکانی "ژنان" و "گوڵان" و باسکردن لەئەزموون و چۆنیەتی باشتر کردنی گۆڤاری ژنان ئاڵوگۆڕی بیرو را کرا .


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کۆبوونەوە بۆ ئەندامانی یەکیەتیی ژنان بەڕێوەچوو

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٣٨٨/١١/١ی هەتاوی بەشی ئاموزشی یەکیەتیی ژنان کۆڕێکی بۆ بەڕێز سوهەیلا قادری سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێك هێنا.

سەرەتای کۆبوونەوەکە فاتمە ڕەحیمی ئەندامی یەکیەتیی ژنان بەخێرهاتنی بەشدارانی کرد. بەڕێز سۆهەیلا باسی لە وەزعیەتی ئێستای ژنان لە ئێرانداو نرخاندنی ڕۆڵی ژنان لەو حەرەکەتەی کە ئێستا لە ئێران بە دژی دەوڵەتی کودیتا وەڕێ خراوە کە ئاماژەیان بە وتاری ساڵانەی باراك ئۆباما کرد کە ئاماژەی بە ڕۆڵی ژنان لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئێراندا کردوە. پاشان ئاماژەی بە کاروچالاکییەکانی یەکیەتیی ژنانی دەرەوەی وڵات کە لە کۆنفرانسی ساڵانەدا هەموو کۆمیتەکانی یەکیەتیی ژنان بەستراو کۆمیتەکان نۆژەن کراونەتەوە تەشکیلاتیی یەکیەتیی ژنان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەرشتێك ئامادەیی تەواویان هەیە.

## بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی هەڵبژاردنەوەی کومیتەکانی یەکیەتیی ژنان

لە ڕێکەوتی ١٧ی بەفرانبار تا ٨ ڕێبەندان کۆنفرانسی ساڵانەی کومیتەکانی یەکیەتیی ژنان لە نێو کەمپەکانی زەوییە سپی، ئامیریە و ئازادی گیرا کە بەم شێوەیەی خوارەوە بەڕێوەچوو.
ڕێکەوتی ١٧/ ١٠/ ١٣٨٨ کۆبوونەوەیەك بە مەبەستی بیروڕا وەرگرتنی کومیتەکان بۆ هەرچی باشتر بەڕێوەچوونی کارەکانی ئەو یەکیەتییەو هەڵسەنگاندنی کاروچالاکییەکانی کۆمیتەکان و دەست خۆشی لە ئەندامانیان باس لە هەڵبژاردنی کومیتەکان کرا، کە دوای تاتوێ کردنی راو بۆچوونەکان بڕیار لە بەڕێوەچوونی کۆنفڕانسەکان درا بە پێی بەرنامەی ساڵانە.

کۆنفرانسی یەکەم لە ٢٧/ ١٠/ ١٣٨٨ لە زەوییەسپی بەڕێوەچوو بەم شێوەیە:

هەیئەتێکی بەڕێوەبەری پێکهاتوو لە بەڕێزان خەدیجە پوورمەند، فەریبا وەیسی ئەندامانی بەڕێوەبەری و تریفە قاتحی ئەندامی جێگری بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان، بە ئامادەبوونی ئەندامانی کومیتەکە بەڕێوەچوو. کۆبوونەوەکە بە باسێك لەلایەن خەدیجە پوورمەند لە بارەی کاروچالاکیەکانی یەکیەتیی ژنان و چالاکی ئەندامەکان و پێشوازی لە دوو بۆنەی گرنگ بۆ ژنان ٨ی مارس و ٢٤ی ڕەشەمە دەستی پێ کرد.
دوای هێنانە بەرباسی ڕەخنەو پێشنیارەکان و تەواو بوونی باسەکان دوایین بەشی کۆبوونەوەکە کە هەڵبژاردنی کومیتە بەڕێوەچوو. فاتمە ڕەحیمی، مەندانە حەبیب زادە، شاناز لاچینی هەڵ بژێردران.
ڕێکەوتی ٣/ ١١/ ١٣٨٨ کۆنفرانسی کەمپی ئازادی بەڕێوەچوو بە بەشداری هەیئەتی بەڕێوەبەریی پێکهاتوو لە خەدیجە پوورمەند، فەریبا وەیسی ئەندامانی بەڕێوەبەریی و تریفە فاتحی جێگری بەڕێوەبەریی و شلێر قادرزادە موشاویری بەڕێوەبەریی و بە ئامادەبوونی کومیتەو زۆربەی ئەندامانی کۆبوونەوەکە بەڕێوەچوو دوای باس و خواستی کۆبوونەوەو هێنانە بەرباسی کۆمەڵێ ڕەخنەو پێشنیار کۆمیتە هەڵبژێردرایەوە کە بریتی بوون لە بەڕێزان تامان محەممەدی و سنوور خزری.
هەروەها ڕێکەوتی ١٣٨٨/١١/٤ کۆنفرانسی ئامیریە بەڕێوەچوو بە بەشداری هەمان هەیئەت و بە ئامادەبوونی کومیتەو بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی ڕێکخراوی سەر بەم کومیتەیە. دوای باسکردن و هەڵسەنگاندنی کارو چالاکیەکانی ڕێکخراوو هێنانی گۆڕێ کۆمەڵێ ڕەخنەو پێشنیاری بە کەڵك ئەندامان ئامادەیی خۆیان نیشاندا بۆ بەشداری کارو چالاکیەکان دوایین بەشی کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە هەڵبژاردنەوەی کومیتە کە ئەو بەڕێزانە وەك کومیتەی ئامیریە هەڵبژێردران ئامینە شەفیعی و فاتمە ئازەربەرزین. کۆنفرانسەکان ڕێکەوتی ٨/ ١١/ ١٣٨٨ لەلایەن بەڕێزان سوهەیلا قادری سکرتێری یەکیەتیی ژنان و بە ئامادەبوونی بەڕێزان خەدیجە پوورمەند ئەندامی بەڕێوەبەریی کۆبوونەوەیەك بۆ ئەندامی کومیتەکان گیراوو کارو چالاکییەکانیان پێ ئەسپێردرا کە بە خۆشحاڵییەوە ئامادەیی خۆیان بۆ کارەکان دەربڕی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# راپورتێک لە سەر خۆکوژیی ژنانی کورد لە چەند مانگی رابردوو دا

بەرپرسی گشتیی خەسارە کۆمەڵایەتیەکانی رێکخراوی بێهزیستی سەبارەت بە چوونە سەری ئاماری خۆکوژیی ژنان لە ئێران و بە تایبەت لە نیو ژنانی کورد دا نیگەرانی دەربڕی.

ئەگەرچی بەرپرسی گشتیی خەسارە کۆمەڵایەتیەکانی رێکخراوی بێهزیستیی پارێزگای سنە لە مەڕ چوونە سەری ئاماری خۆکوژی ژنان لە ئێران و بە تایبەت لە نیو ژنانی کورد دا نیگەرانی دەربڕیوە بەڵام هەتا ئێستا بە کردەوە هیچ هەنگاویک بۆ ناسین و پێشگرتن لەم دیاردە کۆمەڵایەتیە هەڵ نەگیراوە.

بەپێی راپورتی چالاکانی مافی مرۆڤی ئێران لە ماوەی دوو مانگی رابردوو دا شەش ژن لە کوردستان خۆیان کوشتووە کە بریتین لە: گوڵ بەهار کەریمی خەڵکی شاری مەریوان کە لە رۆژی ١٠ی بەفرانباردا خۆی سووتاند.

دەلیلە پەرەند فیرووزی خەڵکی شاری مەریوان کە لە رۆژی ١٩ی بەفرانباردا بە هۆی خۆ سووتاندن گیانی لە دەست دا.

رۆژی ١٧ی رەشەممەش ژنێکی ٣٠ ساڵە بەناوی مونیرە خونەکبار خەڵکی ناوچەی مەریوان بە هۆی لێدانی توند لە لایەن مێردەکەیەوە لە نەخوشخانەی سنە گیانی لە دەست دا.

چنوور فەرامەرزی ٢٠ ساڵان خەڵکی ناوچەی سەقز رۆژی ١٥ی رەشەممە بە هۆی خۆسووتاندن گیانی لە دەست دا.

ئامینە سەدیقی کە خاوەن دوو منداڵە رۆژی ١٨ی رەشەممە خۆ کوشت و هەروەها ژنێک بەناوی فەریدە خەڵکی ئاوایی جەژنیاوا خەڵکی ناوچەی مەریوان رۆژی ١٩ی رەشەممە تەرمەکەی لە نێو ئەو کاناڵانەی کە لە لایەن هێزی ئینتزامیەوە لە سەر سنوور هەڵکەندراوە دۆزراوەتەوە و هۆکاری کوژرانەکەی روون نیە.

بەپێی راپورتی " هرانا" رێگەنەدان بە چالاکیی ناوەندە مەدەنیەکان لە بواری مافی ژنان لە ئێراندا بۆتە هۆی چوونە سەرێی دیاردی خۆکوژی لە نێو ژناندا.

هەروەها فشاری بنەماڵەو بەرتەسک کردنەوەی هەڵسوکەوتی ژنان لە کوردستان یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی دیاردەی خۆکوژی ژنان لە کوردستان دایە.

# بەرێوەچوونی رێورەسمێک لە سوئێد بە بۆنەی رۆژی ٨ ی مارس

کۆمیتەی هاوکاریی کۆمەڵە کوردییەکان بە پشتیوانی هێزە سیاسییەکانی شاری لینشۆپینگ بە بۆنەی ٨ ی مارس رۆژی جیهانیی ژنان، سمیناریکیان بۆ کوردەکانی دانیشتووی شاری لینشۆپینگ بە بەشداری "خاتوو شیرین رەشیدپووری" و دوکتور "خالید خەیاتی" پێک هێنا.

ئەو سمینارە کە بە راگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ریز لێنان لە شەهیدان و بە تایبەت قوربانیانی دەستی نابەرابەریی دەستی پێ کرد، شیرین رەشیدپووری چالاکی بواری ژنان و پسپۆر و شارەزا لە بواری کاروباری کۆمەڵایەتی دا باسەکەی خۆی لە سەر چۆنیەتیی ژیانی ژنان و کچان لە جیهاندا بە شێوەی ئاماریکی دەستنیشان کراو لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە باس کرد و هەروەها ئاورێکی لە یاسا کۆن و نوێیەکانی سەدەی بیست و سەدەی نوێ دایەوە و بەشێک لە یاسا تایبەتییەکان کە پەیوەندییان بە ژیانی رۆژانەی ژنان و کچان لە وڵاتانی دواکەوتوو و هەروەها چەند وڵاتێکی دیکەی ئورووپایی بۆ ئامادەبووان شی کردەوە.

دواتر دوکتور خالید خەیاتی، مامۆستای زانکۆ لە شاری لینشۆپینگ، سەبارەت بە پەنابەران و کۆچبەران لە هەندەران و ژیانی تاراوگە نشینی و رۆڵی ژنان و کچان لە تاراوگەیی دا بە وردی قسەی کرد. بەشێکی دیکەی باسەکەی ناوبراو تەرخان کرا بوو بۆ زوڵم و زۆری و چەوسانەوە لە بواری کۆمەڵایەتی و کلتووری و رەگەزیی لە وڵاتانی جیهانی سێهەم دا. خۆ پێگەیاندنی ژنان و کچانی کورد لە وڵاتانی دەرەوە و بەرچاو روونی ئەوان لە ئاست رووداو و کارەسات و دابو نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و هەروەها هەست بە بەرپرسایەتی ژنانی کورد لە دەرەوەی وڵات لە ئاست فێربوونی زمان، خۆ رێکخستن لە گەڵ کۆمەڵگای نوێ و دۆزینەوەی هۆیەتی نەتەوەیی و رەگەزی و ئاشنا بوون لە گەڵ کێشەی تایبەت بە ژنانی بە بەرزی نرخاند و گووتی کە ژنان بە گشتی رۆڵێکی سەرەکیان لە پەروەردە کردنی نەوەی نوێ و ئەندامانی بنەماڵەکانیان دا هەیە و بە هێنانەوەی کۆمەڵێک بەڵگە لە نێو باسەکەی دا سمینارەکەی دەوڵەمەندتر کرد.

دوای ئەم برگەیە، ئامادەبووان زۆر چالاکانە لە باسەکانی هەر دوو کۆرگێرەکە دا بەشداریان کرد و بیرورا و پێشنیار و تێبینی خۆیان لەسەر باسەکانی ئەم سیمینارە هێنایە گۆرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لە ڕۆژی جیهانیی ژن دا پێش لە چوونە دەرەوەی سیمین بێهبەهانی لە ئێران گیرا



سیمین بێهبەهانی کە لەسەر بانگهێشتنی شارەوانیی پاریس دەیەویست بە مەبەستی بەشداریی کردن لە ڕێورەسمی ڕۆژی جیهانیی ژنان سەردانی فەرانسە بکا، بە هۆی پێشگرتنی مەئمووورانی فرۆکەخانەوە پێش لە چوونی بۆ دەرەوەی وڵات گیرا.

خاتوو بێهبەهانی کە سەرلەبەیانیی ڕۆژی دووشەممە ٨ ی مارس دەیەویست لە ڕێگای فرۆکەخانەی خومەینییەوە لە ئێران بچێتە دەرەوە، لە لایەن مەئمورانەوە پێشی پێ گیراوە و پاسپۆرتەکەشی دەستی بەسەردا گیراوە و دواتر بۆ چەند کاتژمێر لێپرسینەوەی لێ کراوە و پێیان ڕاگەیاندوە کە دەبێ خۆی بە دادگا بناسێنێ.

سیمین بێهبەهانی شاعیر و ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئێران بڕیار بوو لە ڕێورەسمی تایبەتی کە سێ شەممە، ١٨ی ڕەشەمە لە شاری پاریس بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە بەڕێوە دەچوو ، بەشداریی بکا و سەبارەت بە گرفت و بابەتەکانی ژنانی ئێران وتارێک پێشکەش بکا.

بێهبەهانی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ڕابردوو بە نوێنەرایەتیی کەمپەینی "گۆڕین بۆ یەکسانی" خەڵاتی "سیمۆن دۆبوار"ی لە پاریس وەرگرتبوو.

شایانی باسە سیمین بێهبەهانی لە ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی میداڵی نێودەوڵەتی ئاشتی بۆ شێعر و لە ساڵی ١٣٧٧ لەوحی ڕێزلێنانی توێژینەوەی ژنانی ئەمریکای وەرگرتوە.

هەروەها ئەو شاعیرە ساڵی ١٣٧٨ ، خەڵاتی ڕێکخراوی چاوەدێری بەسەر مافی مرۆڤ و میداڵی "کارڵ فۆن ئیستیسکی" پێ دراوە.

جێی ئاماژەیە کە جگە لە سیمین بێهبەهانی ، نەسرینی ستودە ، مەنسوورە شوجاعی ، نێرگز محەممەدی ، تەلعەت تەقی نیا و بەدرووسساداتی موفیدی لەو ژنە چالاکانەن کە مافی چوونە دەرەوە لە ئێرانیان لێ زەوت کراوە.

# کردنەوەی پێشانگایەك بەبۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە



ڕۆژی ٢٥ی ڕەشەمە کاتژمێر نۆونیوی سەر لەیەیانی بەبۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەشی ئاموزشی یەکیەتیی ژنان پێشانگایەکی کاردەستی بەهەرەدارانی بۆ ئەندامانی خۆی لە یەکێك لە سالۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی کردەوە کە ئەم پێشانگایە لە لایەن ئەندامی دێرینی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان خاتوو ئەستی ئیبراهیمی کرایەوە. شایانی باسە ئەم پێشانگایە بە کاری جوان وهونەرو توانایی ژنانی دێموکرات ئەخشابوو کە بەگەرمی لەلایەن بەشداربووانەوە پێشوازی لێ کرا.

# بەڕێوەچوونی ئێوارە کۆنسێرتێک لەلایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە پێشوازیی ٢٤ی ڕەشەمە دا کۆنسێرتێکی بەڕێوە برد.

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان ئێوارەی ڕۆژی چوارشەمە، ١٩ ی ڕەشەمەی ٨٨ ی هەتاوی لە پێشوازیی ٢٤ ی ڕەشەمە، ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان کۆنسێرتێکی بۆ چەند هونەرمەندێکی دەنگخۆش بەڕێوە برد.

لەو کۆنسێرتەدا کە بە بەشداریی سەدان کەس لە ژنان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سالۆنی بۆنە و ڕێورەسمەکانی حدک دا بەڕێوەچوو، هونەرمەندان ساوات حەمید، ساوێن حەمید، تۆڵە و بەرهەم حەمید کۆمەڵە بەرهەمێکی هونەریی خۆیان پێشکێش کرد کە لە لایەن ئامادە بووانەوە بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خۆکوژیی کچە خوێندکاری کورد لە زانکۆی تەوریز

ئەستێرە مەولودی، کچە خوێندکاری کوردی زانکۆی تەوریز نیوەشەوی چوارشەممە، ١٢ ی رەشەمە هەوڵی خۆکوشتنی دا.

ئەستێرە مەولوودی، خوێندکاری زانستە پەروەردەییەکانی زانکۆی تەوریز دوای دڵنیابوون لە بێبەشکرانی لە درێژەپێدان بە خوێندن بە شکاندنی شووشەی ژووری خۆی لە خەوتنگەکەیاندا دەماری دەستی بری.

لە گەڵ پێزانینی هاوپۆلییەکانی ئەستێرە لە ژوورەکانی دیکە بە ئەو رووداوە بەرپرسانی خەوتنگەکە دوای خەمساردییەکی زۆر ناوبراو دەگەیەننە نەخۆشخانە و دەسبەجێ دەبردرێتە ژووری نەشتەرگەری و لە مردن رزگاری دەبێ.

ئەستێرە مەولوودی وێرای ١٠ خوێندکاری دیکەی زانکۆی تەوریز دوابەدوای سەرهەڵدانەکانی دوای هەڵبژاردن بە تاوانی بەشدارییان لە کۆبوونەوەی ئێعترازیی رۆژی ١٣ ی خەزەڵوەری ئەو زانکۆیەدا هەر کام بە تێرمێک بێبەشبوون لە خوێندن سزا دران کە ئەو سزایە تا چەند رۆژ لەوەپێش راگیرابوو.

چەند رۆژ پێش بەرپرسانی حیراسەت و کومیتەی ئینزباتیی زانکۆی تەوریز ئەستێرەیان ئاگادار کردەوە کە حوکمە سەپێنراوەکەی لە سەر جێبەجێ دەکرێ و جگە لەوەش بۆ زانکۆیەکی دیکەش دوور دەخرێتەوە.

بەرپرسانی زانکۆی تەوریز هەڕەشەیان لە ئەستێرە و هاورێیان و هاوپۆلییەکانی ئەستێرە کردوە کە نابێ بە هیچ شێوەیەک هەواڵی خۆکوژیی ناوبراو بڵاو بکرێتەوە و تەنانەت نابێ بنەماڵەی ئەستێرەش بەو رووداوە بزانن.



# کوژرانی کچێکی بەندی لە گرتووخانەی شاری بۆکان دا

کچێکی گیراوی کورد لە بەندیخانەی شاری بۆکان کوژراوە.

گوڵچین ساڵح پور، تەمەن ٢٢ ساڵان خەڵکی گەڕەکی پشت تەپی مەهاباد کە بە هۆی کێشەیەکی کۆمەلایەتی لە گرتووخانەی شاری بۆکاندا زیندانی کرابوو، بە شێوەیێکی گوماناوی لە زینداندا گیانی لە دەست داوە.

ئەو زانیاریانەی لە پێوەندی لە گەڵ کوژرانی گوڵچین ساڵح پور لە نێو خۆی کوردستان دا بڵاو بوونەتەوە باس لەوە دەکەن کە ناوبراو لەو ماوەیەدا لە ژێر ئەشکەنجەی توندی زیندان دا بووە و هەر بەو هۆیەشەوە گیانی لە دەست داوە.

شایانی باسە کە هێزە ئیتلاعاتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە شاری بۆکان دوای کوشتنی گوڵچین ساڵح پور، بە بێ ئەوەی بنەماڵەکەی ئاگادار بێ تەرمی ناوبراویان ناشتوە.

بە پێی زانیاریەکان بنەماڵەی گوڵچین بنەماڵەیەکی هەژارن و هێزەکانی ئیتلاعاتی شاری بۆکان تەرمی گوڵچینیان تەنیا بە دایکی نیشان داوە، بەڵام پێیان نەگوتوە کە لە کوێ دەینێژن و سەر باقی ئەوەش هەڕەشەیان لێ کردوون کە نابێت باس لە کوژرانی کچەکەیان بکەن.

# سووتانی کچێکی تەمەن ١٨ ساڵ لە گوندی نەڵۆسەی ناوچەی ڕەبەت

تازەلاوێکی خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی سەردەشت بە هۆی سووتانەوە گیانی لە دەست دا.

بە پێی هەواڵی گەیشتوو رۆژی ١٨ ڕێبەندان کچی ڕەسووڵی ئیبراهیمزادە بە ناوی پەریشان خەڵکی گوندی نەڵۆسە لە کاتێک دا بۆ یارمەتی دانی بنەماڵەکەی لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە خەریکی هێنانی نەوت دەبن، ئاگری لە جەستەی بەردەبێ.

بە پێی هەواڵ لە کاتێکدا ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە لەگەڵ چەند کەسی دیکە خەریکی بارکردنی نەوت دەبن، لە کاتی بار کردنی دەبە نەوتەکان دا جلو بەرگەکانی پەریشان نەوتاوی دەبن. لەبەر ئەوە هەوای زۆر سارد دەبێ، هەندێک دوورتر ئاگر دەکەنەوە، لە کاتی خۆ گەرم کردنەوەدا بە داخەوە لەبەر ئەوە جلوبەرگەکانی نەوتیان پێوە بووە جەستەی ئاگر دەگرێ و زۆر بە خەستی لەشی دەسووتێ. بە هەوڵی چەند کەسێک ئاگرەکەی دەکووژێنەوە و بە پەلە بۆ نەخۆشخانەی شاری ورمێی ڕادەگوێزن و دوای چەند ڕۆژ مانەوە و نەشتەرگەری بەداخەوە رۆژی هەینی، ٢٣ ی ڕێبەندان لەبەر کاریگەر بوونی سووتانی جەستەی گیانی لە دەست دەدا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قەدەغەکرانی باسی سیاسی لە قوتابخانەکان دا بە بڕیاری وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنی کۆماری ئیسلامی

بەپێی بڕیاری بەرپرسانی ڕێژیم و لە بەخشنامەیەک دا کە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنەوە دەرکراوە، مامۆستایان لە نووسینگەی قوتابخانەو کلاسەکاندا باسی سیاسییان لێ قەدەغە کراوە.

بەپێی ڕاپۆرتی "ئاژانسی ئێران خەبەر" لەم بەخشنامە نوێیەدا کە بۆ هەموو قوتابخانەو ناوەندە فێرکارییەکانی دەوڵەتی و غەیرە دەوڵەتی بەڕێ کراوە، مامۆستایان ئیزنی هێنانە گۆڕێی هیچ قسەو باسێکی سیاسییان لە نووسینگەی قوتابخانەو لە کلاسەکان دا نیە.

لەم بەخشنامەیەدا داوا لە مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، بە تایبەت وانەی مێژوو و کۆمەڵایەتی لە هەموو برگەکانی خوێندن دا کراوە کە خۆیان لە قسە و باسی سیاسیی ڕۆژ ببوێرن و بە هیچ شێوەیەک ڕووداوەکانی هاوچەرخی ئێران شی نەکەنەوە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە زۆربەی ڕووداوەکانی مێژووی ئەم سی ساڵە وەکوو وانە لە وانە گەلێکی وەکوو ئەدەبیاتی فارسی، جوغرافیا، عەرەبی و مێژوودا دانراون. هەر ئەوەش بۆتە هۆی کێشەیەکی تایبەت بۆ بەرپرسانی ڕێژیم. چونکە هێنانە بەرباسی هەرکام لەو وانەگەلە دژکردەوەی خوێندکارانی لێ دەکەوێتەوەو ئەگەر زوڵم و زۆری ڕێژیمی پاشایەتی لە کلاسەکاندا باسی لێوە بکرێ، قوتابیەکان ئەم زوڵم و زۆرەیان لە لایەن کۆماری






ئیسلامییەوە بە ڕادەیەکی زۆرتر بەرانبەر بە خەڵکی ئێران دیوە، بۆیە وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن بۆ پێش گرتن بەو پێک گرتن و بەراورد کردنەی قوتابیەکان وەها بەخشنامەیەکی دەرکردوە.

# دیاردەی تەڵاق گەورەترین کێشەی کۆمەڵایەتیی کوردستان دوای ئیعتیادە



بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری پارێزگای سنە ڕای گەیاندوە کە دیاردەی ئیعتیاد یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای کوردستانە و ئاشکراشی کردوە کە ئەو دیاردەیە لە پارێزگای کوردستان لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بەردەوام و ساڵ بە ساڵ زیاتر پەرەی سەندوە.

عەتا ڕەحمانی ئابیدەر، بەڕێوەبەریی گشتیی کاروباری پارێزگای سنە ڕایگەیاندوە کە پارێزگای سنە پلەی چوارەمی ڕێژەی تەڵاق لە ئێرانی هەیە و شارەکانی سەقز، سنە و مەریوان سێ شاری ئەو پارێزگایەن کە بە ریز زۆرترین ڕووداوی تەڵاقیان تێدا روو دەدا.

ناوبراو لە خەسار ناسیی ئەو دیاردەیەدا پێی وایە کە دوورکەوتنەوە لە بەها و بایەخە دینییەکان هۆکاری سەرەکیی پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە لە کوردستانن، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵناسان و توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە سەر ئەو باوەڕەن کە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی وەک هەژاری، بێکاری، گرانی و ئیعتیاد سەرچاوەی سەرەکیی پەرەسەندنی ئیعتیاد لە کوردستان دان و لە گەڵ ئەوەشدا دیاردەی ئیعتیاد لە کوردستان دا بە پلەی یەکەمی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستانی دەزانن.

شایانی باسە کە هەر لەو پێوەندییەدا میدیاکانی ئێران بڵاویان کردەوە کە لە هەر ٤ حاڵەتی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش لە تاران یەکیان دەکێشرێتە تەڵاق و پەرەسەندنی دیاردەی تەڵاق لە گەڵ دابەزینی ڕێژەی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش یەکێک لەو قەیرانە کۆمەڵایەتییەیە کە ئێستاکە کۆمەڵگای ئێرانی تێ کەوتوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کوژرانی کچە کوردێک لە ژێر ئەشکەنجەی هێزەکانی ڕێژیم لە زیندانی عشرەت ئاباد

کچێکی تەمەن ٢٤ ساڵە بە ناوی "ئیلاهە" ڕۆژی هەینی ١٨ ی بەفرانبار لە کاتی لێپرسینەوە لە گرتووخانەی عشرەت ئاباد دا بە کورسی لە سەری دراوەو بە هۆی خوێنڕێژیی مێشکەوە گیانی لە دەست داوە.

بە پێی زانیارییەکان ئەم کچە کەسوکارێکی نەبووەو پێشتر لە ناوەندی بەخێوکردنی منالانی بێکەسوکاری پارێزگای سنەدا گەورە بووەو دواتر بۆ کارکردن هاتۆتە تاران. ناوبراو لەم دواییانەدا لە کارگیریەکی دا لە نزیک مەیدانی ئینقلابدا کاری کردوە و لە کاتی دەسبەسەرکردنی دا چونکە کەسوکارێکی نەبووەو بازجووەکەش بەردەوام ناوی کەسوکارو شوێنی نیشتەجێ بوونی لێ پرسیوە، لە نەکاو بازجووەکە سەندەڵییەکەی بە سەری ئیلاهە داداوە و کوشتوویەتی.

مەئموورەکانی زیندانی عشرەت ئاباد دوای کوشتنی ئیلاهە دواتر تەرمی ناوبراو لەو شوێنەوە بۆ جێگایەکی نادیاریان گوازتۆتەوە.

# خۆکوژی و گیان لەدەستدانی سێ ژن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لەم چەند ڕۆژەی دواییدا دوو ژن و کچێک لە سێ شاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەنایان بۆ خۆکوژی بردوە و لە ئاکامدا گیانیان لە دەست داوە.

ڕۆژی چوارشەممە ٢١ی ڕێبەندان "مهرانە شەریفی" خەڵکی مەریوان کە تەنیا ساڵێک بوو ژیانی هاوبەشی پێک هێنابوو بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتی خۆی لە بە تەنافەوە هەڵواسی و گیانی لە دەست دا.

هەروەها ڕۆژی پێنجشەممە ٢٩ی ڕێبەندان کچێکی سنەیی بە ناوی "ویدا عەزیزیانی" کە حەوتوویەک پێشتر ئاگر لە جەستەی خۆی بەردابوو گیانی لە دەست دا.

دواتریش ژنێکی دیکە خەڵکی ئاوایی تازاوای جوانڕۆ کە دایکی حەوت منداڵ بوو، ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداو لە ئاکامدا گیانی لە دەست دا.

# بە ڕەسمی ناسرانی نەورۆز وەک ڕۆژێکی جیهانی

نەورۆز ، بۆنەی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردان و گەلانی دیکەی ئێران وەک ڕۆژی جیهانی لە لایەن ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە ڕەسمی ناسرا و لە ڕۆژژمێری ئەو ڕێکخراوەیەدا تۆمار کرا.

کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دانیشتنی ڕۆژی سێشەممە، ٤ ی ڕەشەمەی ئەندامانی خۆی دا ٢١ ی مارس، نەورۆز و ١ ی خاکەلێوەی هەموو ساڵێکی وەک ڕۆژی جیهانیی نەورۆز پەسند کرد.

لە ڕاگەیەندراوی نووسینگەی پێوەندییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو بارەوە هاتوە کە ئەورۆکە ٣٠٠ میلیۆن کەس لە خەڵکی ئێران لە وڵاتانی ئێران، ئەفغانستان، پاکستان، قەفقاز، تاجیکستان، کۆماری ئازەربایجان و وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست ڕۆژی نەورۆز وەک نەریتێکی کەونار و بۆنەیەکی مێژوویی دەکەن بە جێژن، هەر بۆیەش ئەو بۆنەیە کە مێژوویەکی سێ هەزار ساڵەی هەیە، سایانی ئەوەیە وەک بۆنەیەکی جیهانی ڕۆژێکی ساڵی بە ناو بکرێ.

شایانی باسە کە هاوینی ڕابردووش نەورۆز وەک میراتێکی کلتووری و مەعنەویی مرۆڤایەتی لە لایەن "یۆنێسکۆ"، ڕێکخراوی پەروەردەیی و کلتووریی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ئاستی جیهانی دا بە ڕەسمی ناسرابوو.

# ڕێوڕەسمی ٨ ی مارس لە شاری سنە سەرکوت کرا

هێزە ئینتزامییەکانی کۆماری ئیسلامی ڕێوڕەسمی تایبەتیی ٨ ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن لە شاری سنەیان سەرکوت کرد.

ڕۆژی دووشەممە، ١٧ی ڕەشەمە کۆمەڵێک لە ژنان و چالاکانی مەدەنیی شاری سنە لە ڕێوڕەسمێک دا کە لە باخی سپیداری شاری سنە بۆ ڕێزگرتن لە ٨ ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن پێکیان هێنابوو، لە لایەن هێزە ئەمنیەتی و ئینتزامییەکانەوە هێرشیان کرایە سەر.

ئەو ڕێوڕەسمە کە لە کەشێکی ئارام دا بەڕێوە دەچوو، بە هاتن و پەلاماری هێزە ئینتزامییەکان ئاڵۆزی و توند و تیژی تێ کەوت.

هێزە ئینتزامیەکانی ڕێژیم لەو پەلامارەیان دا بۆ بڵاوەپێکردن بە خەڵکەکە گازی فرمێسکرێژیان بە کارهێنا و کەوتنە گرتن و دەسبەسەر کردنی خەڵکەکە، بە تایبەت ئەو کەسانەی بەرگرییان لە خۆیان دەکرد.

شایانی باسە بە پێی گێڕانەوەی شایەتحاڵێک کۆمەڵێکی زۆر لە ئامادە بووانی ئەو ڕێوڕەسمە دەسبەسەر کران.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# درانی مافی پەنابەری بە پەروین ئەردەڵان لە لایەن دەوڵەتی سوئێدەوە

شارەداریی شاری "مالمۆ"ی سوئێد رایگەیاند کە دەوڵەتی سوئێد مافی پانابەریی بە پەروین ئەردەلان رۆژنامەنامە نووس و چالاکی بە ناوبانگی مافی ژنان لە ئێران داوە.



لە راگەیاندراوەکەی شارەداریدا هاتووە کە خانم ئەردەلان بۆ ماوەی دووساڵ و بە مووچەیەک کە بۆی دیاری کراوە دەتوانی درێژە بە چالاکیەکانی لە بواری مافی مرۆڤدا بدات.

پەروین ئەردەلان لە دامەزرێنەرانی ناوەندی کلتوریی ژنان و لە ئەندامانی یەکەمی کەمپەینی یەک میلیون واژۆیە. ناوبراو سەر نووسەری گۆڤاری ئینترنێتی تریبوونی فمینیستی ئێران و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئینترنێتیی "زەستان" و ئێستاش ئەندامی دەستەی نووسەرانی ماڵپەری گۆران بۆ بەرابەری یە.

خاتوو پەروین ئەردەلان کە ماوەیەک لەوە پێش ئێرانی بەجی هێشتووە حەوتووی رابردوو خەلاتی هەواڵنێری هاوولاتیی ئینترنیتیی گۆگل و خەلاتی رێکخراوی هەواڵنیری بی سنووری لە شاری پاریسدا پێ بەخشرا.

ناوبراو لە کاتی وەرگرتنی خەلاتەکەدا ئەو خەلاتەی پێشکەشی ئەو رۆژنامەنووسانە کرد کە لە رێگای خەبات بۆ ئازادی ئێستا لە ئێراندا لە بەندیخانەدان.

پەروین ئەردەلان پێشتریش لە سالی ٢٠٠٧ دا لەبەر چالاکیەکانی بۆ وەدەستهێنانی ئازادیی ژنان خەلاتی ناوەندی ئولاف پالمەی لە سوئێدیی بەخشرا بەلام بەرپرسانی ئەمنیەتی ئێران پێشیان بە چوونە دەری ناوبراو لە ولات بۆ وەرگرتنی ئەو خەلاتە گرتبوو.

ئەم خەلاتە ٥٤ هەزار یۆرۆی بایەخەو ساڵی رابردووش بەشێوەی هاوبەش درایە کۆفی عەنان و مسعد محەمەد عەلی پارێزەری سوودانی کە لە بواری مافی مرۆڤ و ئاشتی و ئەمنیەتدا چالاکیی بەردەوامیان هەبووە.

# هەوڵە شاراوەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ نەزۆک کردنی ژنان لە کوردستان

رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پیلانێکی دیکە دا هەوڵ بۆ نەزۆک کردنی ژنانی کورد لە کوردستان دەدا.

رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە رێگەی کۆمەلێک دامو دەزگا و ئیداراتی وەک بێهداشت و لە ژێر ناوی کۆنترۆلی حەشیمەت و باش پێراگەیشتن بە چۆنیەتیی زاوزێی ژنان هەوڵی نەزۆک کردنی ژنان لە کوردستان دا دەدا.

بە پێی ئەو زانیارییانەی بە دەستی کورستان و کورد نیوز گەیشتون، ئیدارەی بێهداشتی شاری سنە چەند گرووپێکی لە گەرەکانی پەراوێزی شاردا بلاو کردۆتەوە بۆ ئەوەی ژنانی ئەو گەرەکانە بە واکسەنێک بکوتن کە وەک خۆیان باسی دەکەن ماوەی زیاتر لە ٦ مانگ پێش بە کەوتنەوەی منداڵ لە سگیان دا بگرێ.

بەلام دوای کوتانی ئەو واکسەنە و وەشاندنی جۆرە دەرزییەک زۆربەی ئەو ژنانە تووشی تا و لەرز و خوێنبەربوونی بەردەوامی ژنانە بوون و دوای سەردان کردنی دوکتور پێیان راگەیەندراوە کە ئەوە عەوارزی ئەو واکسەنانە بووە.

ئەو دەزری و واکسەنانە لە ژێر ناوی " دێپو مدرۆکسی پرۆژیسترێن" دا راستەوخۆ لە تارانەوە دەهێندرێنە سنە و لە رێگای ئەو گرووپانەوە لە سەر ژنانی کورد تاقی دەکرێنەوە.

بە پێی ئەو زانیارییانەی هەواڵنێرمان لە بەدواداچوونی چەند نموونە لەو حالەتانە کردوویەتی، یەکێک لە دوکتورەکانی ساری سنا ئاشکرای کردوە کە کاریگەرییەکانی ئەو دەرزییە زۆر لە " دێپو مدرۆکسی پرۆژیسترێن" بەهێزتر و زیاترە و ئەشی ماددەی شیمیایی دیکەی تێکەڵ کرابێ.

شایانی باسە کە کاریگەریی بەکارهێنانی ئەو دەرزییانە لە سەر کۆمەلێک لەو ژنانەی تووشی نەخۆشییەکانی دوای وەشاندنی ئەو واکسەنە بوون ئەوەندە زۆر بووە کە منداڵدانی زۆربەی ئەو ژنانە بۆ هەمیشە لە کار کەوتوە.

دوای بلاوبوونەوەی ئەو هەوالانە ئیدارەی بێهداشتی شاری سنە بریاری داوە کە پەروەندەی بێهداشتیی ئەو ژنانەی کە ئەو دەرزییەیان لێ دراوە، لە بێهداشتەکانی گەرەک رابگیرێ و بە خاوەنەکانیان نەدرێتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شێوه‌ی به‌کار هێنانی ده‌رمان

ن: ره‌حمان مه‌حموودی

هه‌ر له کۆنه‌وه مرۆڤ بۆ بنبڕکردنی ئێش و ئازارو نه‌خۆشی هه‌وڵی چاره‌سه‌ری داوه، بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌ش له‌زۆر شتی وه‌کوو گژو گیای سروشتی و... که‌ڵکیان وه‌رگرتوه تا به پێی پێشکه‌وتنی عیلم و زانست ده‌رمان به شێوه‌ی ئه‌مڕۆیی ده‌رهاتوه.

**ده‌رمان زۆربه‌یان به شێوه‌ی خواره‌وه هه‌ن:**

١ـ ده‌رزی به شێوه‌ی Ampul ٢ـ ده‌رزی به شێوه‌ی ویال Vial ٣ـ حه‌ب Tablet ٤ـ که‌پسوول Capsule ٥ـ شه‌ربه‌تی نه‌گیراوه Suspension ٦ـ شه‌ربه‌تی ئاماده Syrup ٧ـ قه‌تره Drop ٨ـ مه‌رهه‌م Oint ٩ـ کرێم Cream ١٠ـ شله (مایع) Lotion ١١ـ پودر Powder ١٢ـ شاف Suppositor

هه‌موو ئه‌و جۆره ده‌رمانانه‌ی سه‌ره‌وه‌و شێوه‌ی به‌کارهێنانیان له بروشوردا نووسراوه، هه‌روه‌ها زۆر جار به پێی جۆری نه‌خۆشییه‌که پزیشك راده‌و چۆنیه‌تی خواردنی ده‌رمان دیاری ده‌کا.

**هه‌موو ده‌رمانێك ئه‌و رێنوێنیانه‌ی خواره‌وه له خۆ ده‌گرێ:**

١ـ به کارهێنان (استعمال) Indiction واته بۆ چ نه‌خۆشییه‌ك یا کاریگه‌ری له سه‌ر چ نه‌خۆشی یا باکترییایه‌ك هه‌یه.

٢ـ به کار نه‌هێنان (موارد منع استعمال) Contrt Indiction واته نابێ له هێندێك حاڵه‌ت دا به‌کار بهێندرێ. بۆ نموونه ژنی دوو گیان یا شیرده‌ر و ...

٣ـ راده‌ی به‌کارهێنان (مقدار مصرف) Dosage واته به کارهێنانی ده‌رمان له ٢٤ ساعه‌ت دا. بۆ نموونه رۆژێ ٢ جار ٨ی به‌یانی و ٨ی شه‌و.

٤ـ کاریگه‌ری لاوه‌کی (عوارض جانبي) Adverse Reactions هێندێك پێشهات به هۆی ده‌رمانه‌وه وه‌ك : سه‌رئێشه، رشانه‌وه، ئیسهاڵی و ...

٥ـ وشیار بوون (موارد احتیاط) Percations وه‌ك حه‌ساسییه‌ت به ده‌رمان یا چوونه سه‌ری فشار یا دابه‌زینی فشارو دڵه کوته یا له راده‌ی دیاریکراو زیاتر به‌کار نه‌هێنرێ

**ئه‌و سه‌رنج و تێبینیانه‌ی که ده‌بێ له راگرتنی ده‌رمان وه‌به‌رچاو بگیرێن:**

١ـ له شوێنی خاوێن و ویشك و فێنك دابنرێ.

٢ـ ده‌رمانی شووشه‌یی وه‌کوو شه‌ربه‌ت یا قه‌تره سه‌ری به باشی قایم بکرێته‌وه.

٣ـ له کاتی دیاریکراو زیاتر به کار نه‌هێنرێ.

٤ـ به پێی نووسراوه سه‌ر ده‌رمانه‌کان زۆربه‌یان ده‌بێ له پله‌ی گه‌رمای ٢ تا ٢٥ رابگیرێن.

٥ـ ده‌رمان نابێ له ناو سه‌هۆڵ یا فریزێر دابندرێ و بیبه‌ستێ.

٦ـ نابێ له به‌ر ده‌ستی منداڵ دابنرێ.

راده‌ی به‌کارهێنانی ده‌رمان به‌و چه‌ند شێوه‌ی خواره‌وه‌یه:

ـ رۆژێ یه‌ك جار (١×١) واته نه‌خۆش ده‌بێ هه‌موو رۆژێ له یه‌ك کاتی دیاریکراودا به کاری بێنێ.




ـ رۆژێ دوو جار (٢×١) واته هه‌ر ١٢ ساعه‌ت یه‌ك جار بۆ نموونه ٨ی به‌یانی و ٨ی شه‌و.

ـ رۆژێ سێ جار (٣×١) واته هه‌ر ٨ ساعه‌ت یه‌ك جار نموونه ٨ی به‌یانی و ٤ی نیوه‌ڕوو ١٢ی شه‌و.

ـ رۆژێ چوار جار (٤×١) واته هه‌ر ٦ ساعه‌ت یه‌ك جار نموونه ٦ی به‌یانی و ١٢ نیوه‌ڕۆ و ٦ی ئێواری و ١٢ی شه‌و.

تێبینی: زۆر جار نه‌خۆش پێی ده‌وترێ ئه‌و ده‌رمانه سێ ژه‌مه به کار بێنه یا رۆژێ سێ جار زۆربه‌ی نه‌خۆشه‌کان سێ ژه‌مه به کاری دێنن (به‌یانی، نیوه‌ڕۆ، شه‌و) که نیوانی به کارهێنانی ده‌رمان ده‌کاته چوار تا پێنج سه‌عات که دروست نیه ده‌بێ به شێوه‌یه‌کی که له سه‌ره‌وه نووسراون.

هێندێك ده‌رمان شێوه‌ی به کارهێنان رۆژنارۆژێك، سێ رۆژ جارێك، حه‌وتووی جارێك، دوو حه‌وتوو جارێك، سێ حه‌وتوو جارێك ... که واباشه له کاتی خۆیان به کار بهێنرێن.

تێبینی: زۆر جار نه‌خۆش پاش که‌مێك چاك بوونه‌وه ده‌ست له به‌کارهێنانی ده‌رمان هه‌ڵ ده‌گرێ، که له‌وانه‌یه نه‌خۆشییه‌که‌ی به هۆی ئه‌و هۆکاری (باکتریا ...) که تووشی هاتوه‌و بنبڕ نه‌بووه سه‌ر له نوێ هه‌ڵداته‌وه بۆیه وا باشه نه‌خۆش دۆزی ده‌رمانی ته‌واو به کار بهێنێ.

جاری وایه نه‌خۆش ده‌رمانی خۆی ده‌دا به که‌سانی تر یا که‌سانێك هه‌ن بێ ویزیت کردن (معاینه) له ده‌رمان که‌ڵك وه‌رده‌گرن، که دروست نیه وا باشه پزیشك یا پسپۆڕانی ئه‌و به‌شه، ده‌رمان دیاری بکه‌ن.

ده‌رمانه درێژخایه‌نه‌کان (نه‌خۆشی دڵ، فشاری خوێن، قه‌ندو ...) پێویسته زۆر به رێك و پێکی و له کاتی دیاری کراودا به کار ببرێن ئه‌گینا که‌مته‌رخه‌می له‌و باره‌یه‌وه تووشی زیانی قه‌ره‌بوونه‌کراو ده‌بنه‌وه.

نابێ له ده‌رمانی به‌سه‌رچوو Data Exp و راگیراو له شوێنی زۆر گه‌رم و شێدار که‌ڵك وه‌رگیردرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وەرزش











## بەشداریی تیمی وڵات لە خولێکی فووتساڵ دا



لە ڕێکەوتی ١/ ٢/ ٢٠١٠ لێژنەی تیپە میلیەکانی کۆیە خولێکی فوتساڵی بۆ شەش تیم کردەوە کە لەو خولەدا تیمی فووتساڵی کچانی دێموکراتیش تێدا بەشدار بوون سەرکەوتنیان بە دەست هێنا.

ناوی تیمەکانی بەشداربوو لەو خولانەدا:

- وڵات (کچانی دێموکرات)
- پەروەردەی وەرزشی
- پەیمانگای وەرزشی
- مەعهەد ریازە
- رۆژهەڵات
- چالاکی وەرزشی

پێویستە بگوترێ ئەو تیمانە لە ڕێکەوتی ٢٤/ ٢/ ٢٠١٠ لەلایەن لیژنەی تیمە میلییەکان و لەلایەن شاڵاو کۆسرەت خەڵاتیان درایە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گرنگی وەرزش لە ژنی دوو گیان دا

یونس فەرهەنگنیا







قۆناغی دوو گیان بوونی ژن مانای بێ هێزی ژن ناگەیەنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا نابێ خۆی زۆر ماندوو بکا، بەڵکوو پێویستە بە شێوەیەکی مامناوەندی نێوان ئەو دوو لایەنە هەڵبژێرێ، لە کاتێك دا کە ژن دوو گیان دەبێ ئەوا پێویستە وەرزش ئەنجام بدا ئەویش لە ڕێگەی گرتنە بەری ڕێوشوێنی پێویست و هەروەها بە پێی ماوەی دوو گیانی و ڕەوشی تەندروستییەکەی، پێویستە دوای تێپەڕبوونی سێ مانگی یەکەم ئامادەباشییەکان چڕ بکاتەوە.

سوودەکانی وەرزش کردن بۆ ژنانی دووو گیان

ئەنجامدانی وەرزش بۆ ژنانی دوو گیان گەلێك سوودی بۆ تەندروستی هەیەو یارمەتیدەریش دەبێ بۆ ئەوەی ژن ماوەی دوو گیانی بە ئارامی و تەندروستییەکی باش بە سەر بەرێ و هەروەها منداڵەکەشی بە ئاسانی ببێ. لە زۆربەی کۆمەڵگاکان دا لە دایکبوون، ئەویش بە هۆی پشت بەستنیان بە چالاکییە لاشەییەکان، بە بەراورد لەگەڵ ژنانی دوو گیان لە شارەکان دا، بۆیە ئەنجامدانی وەرزش گەلێك سوودی گرنگی هەیە لەوانەش:

١ـ وەرزش کردن دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ماسولەکانی سك

٢ـ ورزش کردن دەبێتە هۆی ئەوەی ژنانی دوو گیان زیاتر ئارام بن

٣ـ هەروەها باری دەروونیشی باشتر دەکا کە دەبێتە هۆی ئەوەی باشتر ڕووبەڕووی کێشە دەروونی و ئێش و ئازارەکان ببێتەوە

٤ـ هەروەها لەدایکبوونی کۆرپەلەش ئاسانتر دەکا، چونکە وەرزش کردن هێزو توانا دەروونییەکان زیاد دەکا، بۆیە لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستوە کە ڕێژەی لە دایکبوون لە ڕێگەی نەشتەرگەری کەمترە لەو ژنانەی وەرزش دەکەن.

ئەو وەرزشانەی بۆ ژنانی دوو گیان پێویستە:

١ـ بە پێ ڕۆیشتن: ئەنجامدانی ئەو وەرزشە زۆر ئاسانە بە بەراورد لەگەڵ وەرزشەکانی دیکە، چونکە ژنی دوو گیان دەتوانێ بە ئاسانی ئەنجامی بدا بێ ئەوەی هیچ مەترسییەکی هەبێ، هەروەها دەشتوانێ ئەو وەرزشە بە درێژایی مانگەکانی دوو گیانی ئەنجام بدا.

٢ـ مەلەکردن: ئەو وەرزشە پشوو بە ژنانی دوو گیان دەبەخشێ، هەروەها مەلەکردن کارەکانی دڵ و دەزگای هەناسەدان باشتر دەکا، ئامۆژگاری ژنانی دوو گیانیش دەکرێ لە سەر پشت مەلە بکەن.

ئەو ڕێوشوێنانەی پێویستن ژنانی دوو گیان بیان گرێتە بەر:

ئەگەر ژنی دوو گیان ئەو ڕێوشوێنانەی گرتە بەر ئەوا ئەنجامدانی وەرزش هیچ مەترسییەکی بۆ دروست ناکا، بەڵکوو سوودی پێ دەبەخشێ لەو ڕێوشوێنانەش:

١ـ خۆ دوور گرتن لە جووڵانەوەی گران و لە ناکاو

٢ـ لە کاتی وەرزش کردن پشوو فەرامۆش نەکا

٣ـ خۆی بپارێزێ لە ئەنجامدانی وەرزش لە پلەی گەرمای بەرزدا، چونکە لەشی ڕووبەڕووی ووشك بوونەوە

٤ـ پەیڕەوی لە بەرنامەیەکی هاوسەنگی خواردن بکا، هەروەها گرنگی بە کانزای پوتاسیۆم بدا، چونکە گرژبوونە ماسولکەییەکان لە ماوەی دوو گیانی دا زۆر روو دەدەن بۆیە پێویستە گرنگی بدرێ بە خواردنی سەوزەوات و میوەو گۆشت.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وەرزش توانا سێکسییەکان چالاکتر دەکا

ئا: یونس فەرهەنگ نیا

ئایا ئەنجام دانی راهێنانە وەرزشییەکان کاریگەری خراپیان لە سەر توانای سێکسی هەیە؟ ئایا ئەنجامدانی وەرزش بە شێوەیەکی رێك و تەندروست دەبێتە هۆی زیادبوونی توانا سێکسییەکان یا خود کەمبوونیان؟

ئایا وەرزش کاریگەری لە سەر سێکس هەیە؟ ئەو پرسیارانەو چەندین پرسیاری دیکە مێشك و خەیاڵی چەندین پیاویان سەرقاڵ کردوە کە بەردەوام بە دوای وەڵامێك دا دەگەڕێن کە دڵیان پێی ئاو بخواتەوە، بۆیە بەو پیاوانەی لەو جۆرەن دەڵێین ئەگەر نیگەران و دوو دڵن لەوەی کە وەرزش کاریگەری خراپی بۆ سەر توانا سێکییەکان هەیە، یا خود بە پێچەوانەوە، ئەوە بزانە کە ئەو دووانە پەیوەندییەکی بەهێزیان بە یەکەوە هەیە، چونکە هۆرمۆنی تستستێرۆنی پیاوەتی کاریگەری بۆ سەر وەرزش هەیە هەر وەکو چۆن کاریگەری بۆ سەر توانا سێکسییەکان هەیە.

لێرەدا باسی هەڵگرتنی قورسایی و پەیوەندی بە هۆرمۆنی پیاوەتی دەکەین. هۆرمۆنی پیاوەتی یا خود زۆربوونی هۆرمۆنی تستستێرۆن ئارەزووی سێکسی زۆر دەکاو بە پێچەوانەش کەمبوونی دەبێتە هۆی کەمبوونی ئارەزووی سێکسی، لێرەدا ژمارەیەك هۆکار هەیە بۆ ئەوەی ئەو هۆرمۆنە لە لەشی مرۆڤ دا



کەم بکا، لە هەندێ کاتیش دا پزیشکەکان چارەسەری ئەو کەمبوونەوەیە بە هەندێ دەرمانی هۆرمۆنی دەکەن، بۆ ئەوەی ئەو رێژەیە بگەڕێتەوە ئاستی سروشتیی خۆی، هەروەها لێرەدا هۆکاری دیکەش هەیە بۆ ئەوەی رێژەی ئەو هۆرمۆنە بەرز بێتەوە، ئەوەش ئەنجامدانی وەرزش و هەڵگرتنی قورساییە، بەڵام دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە زۆر ئەنجامدانی ئەو وەرزشە کاریگەری خراپی لێ دەکەوێتەوەو بە شێوەیەك کە بە یەکێك لە دوژمنەکانی ئەو هۆرمۆنە دادەندرێ، بۆیە پێویستە کاتێکی دیاریکراوی بۆ دابندرێ و نابێ زیادەڕۆیی لە ئەنجامدانی وەرزشی هەڵگرتنی قورسایی بکرێ، سەرجەم یارییەکانی هەڵگرتنی قورسایی بە سوودن و ئارەزووی سێکسی زیادو باشتر دەکەن، بەڵام راهێنانەکانی بەشی لای خوارەوەی لەش





پێویستن، چونکە بەشێکی زۆری ماسوولکەکان بە کار دەهێنرێن، کە ئەوەش دەبێتە هۆی چالاکتربوونی هۆرمۆنی تستستێرۆن.

هەروەها هەندێ کەس دەترسێن لەوەی وەرزش کردنیان کاریگەری خراپی بۆ سەر توانا سێکسییەکانیان هەبێ، بەڵام لە راستی دا ئەنجام دانی وەرزش بە رێك و پێکی هیچ کاریگەرییەکی خراپی بۆ سەر توانا سێکسییەکان بە گشتی و یاری هەڵگرتنی قورسایی بە تایبەتی نابێ، بەڵکوو دەبێتە هۆی ئەوەی سوڕی خوێن چالاکتر بێ، دەکرێ باسی کاریگەری خراپ و وەرزش بکەین بۆ سەر توانا سێکییەکان و توانا لاشەییەکان ئەگەر راستەوخۆ دوای بە کارهێنانی توانا سێکسییەکان وەرزش ئەنجام بدرێ، چونکە ئەنجامدانی کاری سێکسی لای هەندێك پیاو دەبێتە هۆی گرژبوونی ماسولکەکان و بەڵام لای هەندێ پیاوی دیکەش دەبێتە هۆی چالاکتربوون و بەهێزبوونی ماسولکەکان.

**وەرزش ئارەزووە سێکسییەکان زیاد دەکا**

لێکۆڵینەوەیەکی ئەمریکایی ئەوەی ئاشکرا کردوە کە ئەنجامدانی راهێنانە وەرزشییەکان بە پێویست دەزانێ کە دەبنە یارمەتیدەر بۆ چالاکترکردنی تواناو ئارەزووە سێکسییەکان، لە لێکۆڵینەوەیەك دا کە زانکۆی هارفۆرد لە سەر ٣١ هەزار کەس ئەنجامی داوە، تیایدا مەترسی تووشبوون بە کەمبوونی توانای سێکسی لە لای ئەو کەسانەی وەرزش ئەنجام دەدەن بە رێژەی ئەنجام نادەن هەروەها ئەو سوودانە تایبەت نیە تەنها بۆ پیاوان، بەڵکوو لێکۆڵینەوەیەکی زانکۆی کۆلۆمبیای بەریتانی ئەوەی ئاشکرا کردوە کە ئەنجام دانی وەرزش بۆ ماوەی ٢٠ خولەك تواناییەکی زیاتری سێکسی بە ژنان دەبەخشێ.

سەرچاوە: جیهانی وەرزش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەڵدانەوەی لاپەڕێك لە ژیانی ژنێك

شەهید تەوریزی رەحمانی ناسراو بە چنوور کچی عەبباس. لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی گوندی میراو سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی سنە ساڵی ١٣٥٠ لە دایکبوو. کاتێك گەورە بوو و چاووڕووی کرانەوە، وەك کچێکی ئازا بۆ خەبات لە پێناوی لەنێوبردنی چەوسانەوەی دوو لایەنەو گەیشتن بە مافە سیاسی و فەرهەنگی و نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتییەکانی، ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی هەڵبژاردو چەك لە شان تێکەڵ بە کۆڕی گەرمی خەبات بوو.

چنوور دڵ پڕ لە ئاوات یەکێك لەو کیژە بە توانایانە بوو کە شان بە شانی هاوسەنگەرەکانی لە بەرانبەر سیاسەتی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامی دا بوێرانە هەڵوێستی گرت. بە دژی ئەو سیاسەت و بۆچوونە کە ژنی بە زەعیفەو بێ دەسەلات لە قەڵەم دەداو، وەك مرۆڤ چاوی لێ نەدەکرا، لە مەیدانی کردەوەدا سەلماندی کە لە وزەی دا هەیە هەموو کۆسپەکانی سەر رێگای جیاوازیی نێوان ژن و پیاو تەخت بکا. چ لە باری سیاسی و چ لە بواری نیزامی دا سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەست هێناو، لە ماوەیەکی کەم دا جێی خۆی لە نێو دڵی هاوسەنگەرانی دا کردەوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٣٦٧ چنور لەگەڵ رەحمەت



دەستئاموز ژیانی هاوبەشی پێکهێناو لە سەرەتاکانی ساڵی ١٣٦٨ وەك پێشمەرگە سازمان درا، و لە لکی ١ دەستی بە تێکۆشان کرد. لە ماوەی مانەوەی لە مەڵبەندی ٢ چالاکانە ئەرکی خۆی بە باشترین شێوە بەڕێوەبرد. لە ماوەی زنجیرە شەڕەکانی ناوچەی سەقز وەك ٩/ ٥/ ١٣٦٨ کە ١٣ سەعاتی خایاند لە پشت مازوارە، چنور وەك ولاتپارێزێکی کەم وێنە لە سەنگەرەکانی پێشەوە بە گژ داگیرکەران داچووە. بۆ رۆژی دوایی واتا ١٣٦٨/٥/١٠ پەلاماری بەرزاییەکانی قشلاخ روستەمان و چیای کاکایان داو بە تەواوی پێشمەرگەیان گەمارۆ دا، بەڵام پێشمەرگە توانیان پاشی شەڕێکی خوێناوی گەمارۆکە تێکبشکێنن.

تەرمی پیرۆزی شەهید چنور لە نێو کۆڕی هاوسەنگەرانی لە گوندی خۆرەلووکی بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا.

درێژەی: **بێدەنگی ئارامی لێ هەڵگرتووم....!**

بەقەت خۆم خۆشمدەوێی چون نازانم کە دڵتەنگی؟

- پارچەیەکی لە رۆحم؟! بەم قسەیەی قاقا پێکەنیم. چ قاقایەك! هەموو خەڵکەکە بە دەنگی ئەم قاقایەی من ئاوڕیان دایەوە، نازانم لە شەرمان بوو یان بە قاقای پێکەنینەکەی خۆم وەخەبەر هاتم.

****

لە بەر ئاوێنەکە راوەستام. بیرم لەوخەونە دەکردەوە، چەند ساتێك لە دنیای سیاسەت و گێژەلووکەی ژیانی ئێستام دوور کەوتمەوە و، دەست لەملانی بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی و لاویم بوومەوە، ئەو کاتەی پڕ بە گەروو پێئەکەنیم، بەلام دایکم هەمیشە دەنگی ئەدام ئەیوت کچێ عەیبە حەیامان ئەچێ! ئەمگوت کچێ دایە! تۆ پێم بڵێ حەیا چیە وا بە قاقای پێکەنین ئەچێ؟! من حەز ئەکەم پێبکەنم، بە دەنگی بەرزیش بۆ ئەوەی هەموو کەس گوێی لە پێکەنینم بێ، تۆ ئەزانی پێکەنین چەند خۆشە؟!. ئەیوت رۆڵە نەکەی تۆ کچی دەخیلت بم کچی بێدەنگ سەنگیە!

ئەونەیان وا پێ وتووم کچی بێدەنگ سەنگیەنە، ئێستاش بە زۆری پێکەنینم نایەتەدەر. پێم سەیر بوو لەوخەونەیشا گوێم لە قاقای پێکەنینی خۆم بوو! یان ئازاری دوای پێکەنینەکە وەئاگای هێنام ....

لە سەرەتای بەهاری تەمەندا بووم کە ئەچووینە "بەردەزەرد" و "قەڵای کچان" (دوو کێوە لای مەزراکەی خۆمان) ـ ئێمە هەمیشە پێمان ئەوت "کێوی خۆمان" ـ کردبوومانە حەشارگەی قاو وقیژ و پێکەنین و هەڵبەزدابەزی کچانەی خۆمان. لەوێ کە پڕ بە گەروو هاوارمان ئەکرد، دەنگەکانمان لە نێو ئەشکەوتا دەنگی ئەدایەوە بەمەش قاقا پێئەکەنین. دایکم لە خوارێ لە ناو باغە سێوو هەڵووژەکانی خۆمان لە داوێنی بەردەزەردەوە گوێی لە پێکەنینمان ئەبوو، کە ئەهاتینەوە خوارەوە، ئەیوت کچێ ئێوە عەیبە نازانن! بۆ واتان ئەکرد؟ ئەو هات و هاوار و پێکەنینەتان لەچی بوو؟ ئێوە تازە گەورە بوون!

- ئاخ دایە! لە ئەشکەوت و چۆڵەوانیشا نایەڵن بەدڵی خۆمان قاقا لێدەین؟!

- چۆڵەوانی چی کچێ! کێو و مەزرا پڕە لە پیاو!

- پیاو پیاو، خۆ پیاو نامانخوا؟! پیاو چاوی......

دایکم ئەیوت بەخوا بێ حەیای!

***

"حەیا" و "عەیبە" ژیانی من و میلیۆنان کچی ئەم وڵاتەی بێ چێژ کردوە. لەم وڵاتەی ئێمە لەبەر "عەیبە" هەرگیز تامی راستەقینەی ژیانمان نەچێشت. کە لە دەست ئەوانەش رائەکەین، کەچی وەك باڵندەیەکی زیندانیی درێژ ماوە چۆن هەڵفرین لەبیر دەکا، هەر ناتوانین لەشەقەی باڵدەین و هەرچی کۆت و بەندی دیلییە فڕێ دەین. کەی دەتوانین نبگەین بە مەملەکەتی ئازادیی رۆح؟

ئاخۆ کەی دێت لەگەڵ ئازادیدا شەوی ئارام بکەمە حەشارگەی رۆحمو بە قاقای پێکەنین بەیانییەکی رووناکی ببینم. ئەو کات ئیتر شەرم لەکەس ناکەم و پڕ بە دڵی خۆم قاقا پێئەکەنم و رەنگە دوو دەسرەش هەڵگرم سەمای پێ بکەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# نەورۆزتان پیرۆز

















کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# Women

No: 25 March 2010

A periodical published
by Democratic Womens
Union of Kurdistan






کتێبخانەی دیجیتاڵی